بەسەرهاتەکان و پەیوەندییان بە ئایینەوە

ئامادەکردنی : خدیجە عمر

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

بەسەرهاتەکان و پەیوەندیان بەئایینەوە

کۆکردنەوە و دانان و نوسینی
بە ندەی خوا
خدیجە عمر محمد أمین

چاپی یەکەم

ناوی کتێب: بەسەرهاتەکان و پەیوەندیان بە ئاینەوە
بابەت ئاینی
دانان و نوسین: خدیجە عمر محمدامین
کۆمپیوتەرو دیزاینی بەرگ: توانا ولی
ساڵی چاپ: ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٩١١) ی ساڵی ٢٠١٠ پێ دراوە
تیراژ : (١٠٠٠) دانە
مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ نووسەر
شوێنی چاپ کردن: چاپخانەی ڕۆژهەلات/هەولێر

(پێشەکی)

(بسم الله الرحمن الرحيم)

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُۥ عِوَجَا ۜ ﴿١﴾ قَيِّمًا لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا ﴿٢﴾ صدق الله العظيم ﴿الكهف﴾

واتا{سوپاس وستایش بۆئەو خوایەی کە قورئانی بۆسەر بەندەی خۆی (محمد.د.خ) ڕەوانە کردووە، بەڕاستی هیچ کەم وکوڕی وناتەواویەکیشی تیادا بەدی ناکرێت)(کتێبێکی بەنرخ وپایەدارە تا(یاخیەکان)لەسزایەکی سەخت بێدار بکاتەوە کەلەلایەن خواوە(لەدنیا وقیامەتدا)یەخەیان پێ دەگرێ. وەموژدەش دەدات بەو ئیماندارانەی کە کارو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن بەوەی کەپاداشتی زۆر چاك بۆیان ئامادەیە﴾(تەفسیری ئاسان)

<u>برای بەڕێزم .خوشکی ئازیزم</u>

دووشتی گرنگ هەیە کەپێی نازانین تالەدەستی دەدەین . یەکەم_کاتە.دووەم_ گەنجیە! دەڵێن کات وەك شمشێرە گەر نەیبڕی ئەتبڕێ، بۆیە دەبێ ئاگاداری کاتەکانبین بەفیڕۆیان نەدەین.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْىْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ صدق الله العظيم ﴿الكهف﴾

واتا {هەرگیز دەربارەی هیچ شتێك وهیچ کارێك مەڵێ من بەیانی وادەکەم وئەوکارە دەکەم}ت.ئاسان ئەوە هی تۆیە کەلەژێردەستت دایە،ئەوە هی تۆنیە کەبڵێی دوێنی وام کردیان بەیانی وادەکەم تەمەن وگەنجیەتییش وایە ئەمڕۆ خاوەن روحێك وجەستەو دڵ ودەرونیکی خاوەن بیروو ڕایەکی خاوەن ئەمانەتێکی خوایی ئەویش خۆتی ئەی ئادەمیزاد هەر وەك شاعیردەڵێ (الالیت شباب یعود یوما حتی احکی له ماذا فعلت فی مشیبی) ڕۆژێك دێت کەپیر دەبیت دەڵێ خۆزگە ڕۆژێك گەنجیەتیم بۆدەگەڕایەوە تاکوپێم گووتبا چیم کرد لە تەمەنی پیری. بەلام ئەوە تەنها خۆزگەیەکە (ابکی علی یومیك لاتبکی علی مافاتك) بگری بۆ ئەوڕۆژەی تیایدای مەگری بۆئەوڕۆژەی لەکیست چوو مەگری بۆئەو ڕۆژەی بەجێی هێشتی وپشتێ لێکردی. مرۆڤی ئاقڵ وژیر لە ڕابردوو دەرس وەردەگرێت بۆداهاتووی . بزانن ئازیزانم ئەم پەرتوکەی لە ژێردەستتان دایەبۆ ئێوەی ئازیزە .بۆئەوەی کاتێکی بە سودوو بەخشندەی لەگەڵدا بەسەربەرن .تابتوانین لەکاتەکانی دەس بەتاڵی وفەراغەت سود وەرگرین (من بەندەی خودا زیاتر لەدەساڵە هەوڵ بۆئەوە دەدەم ئەم پەرتوکە تەواوبکەم بیخەمە ژێردەستی ئازیزانم کەئێوەی بەڕێزن. بەکۆکردنەوەی بەسەرهاتەکان وڕوداوەکان کاتێکی زۆرم تەرخان کرد بۆئەوەی بتوانم بەسەرهاتی ڕاستەقینە بخەمە ڕوو. بەهیوای ئەوەی ڕونکردنەوەیەك دەربارەی ژیانی مرۆڤ بەکردەوەی چاکی وکردەوەی خراپی ئاشنابین وبزانین. لەخوادەپاڕێمەوە خراپەکانمان بەچاکە بۆبگۆڕی،ئێوەی ئازیزیش چەند پەندێك وئامۆژگاریەکی لێوەرگرن، هەوڵی چەندساڵەم نەبێتە خوێندنەوەیەکی بێ ئاکام ،انشاالله)

چەند بەسەرهاتێكی راستەقینەی تێدایە كەوا رۆژانە چاومان پێیان دەكەوێ وگوێ بیستیان دەبین .زۆر لایەنی گرتۆتەوە وەك كۆمەڵایەتی و سۆزداری و ئیمان وباوەڕ وتەبایی و ڕێزگرتن وشكستی ونەهامەتی ژیان ،بەهیوای سود وەرگرتن.

وە زۆر سوپاسی ئەو دایك و باوك و خوشك و برایانە دەكەم كەوا دەی خوێننەوە .

وە داوادەكەم لەم ئازیزانە كەناویان هاتووە یان بەسەرهاتەكانیان نوسراوە دڵیان لێمان نەڕەنجێ چونكە تەنیابۆ ڕونكردنەوە یەو بۆ تێگەیشتنە لە ئازارەكان و خەمەكانی ژیان. تا بۆهەموومان ئاشكرابێ و بزانین ژیان خۆشی و ناخۆشی تێدایەوە بەتێگەیشتن و دڵ گەورەیی وتەبایی وخۆشەویستی ودڵ سۆزی زۆركێشە هەیە هەرچەند گەورەبێ دەتوانین چارەسەری بكەین.

(خوداپشتیوان ویاربێ)

بابەتی (یەکەم)

ڕێزلێنانی باوك ودایك

(احترام الاب والام)

بەڕێزان ئاگاداری دایك وباوکتان بن.ئەگەر تائێستا کاتت لەبەردەست ماوە هەلێکە بۆت تاکو پاداشتی هەندێك لەچاکەکانیان بدەیتەوە:

ئەبوهورەیرە.ڕەزای خوای لەسەر: دەڵێ. پێغەمبەر درودی خوای لێبێت: فەرمویەتی (سەرشۆڕبێت، سەرشۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت،) عەرزیان کرد کێ ئەی پێغەمبەری خوا.ص،؟ فەرمووی:کەسێك گەیشتبێت بەباوك ودایکی یان بەیەکێکیان لەکاتی پیریدا وپاشان نەچووبێتە بەهەشتەوە،واتە چاك نەبوبێت لەگەڵیاندا.ﷺ.صحيحي مسلم

دڵیان مەشکێنن چونکەکاتیك بەناوساڵ دەکەون دڵیان وەك منداڵ لێدیتەوە. هەستیان ناسك دەبێت کاتی وا هەیە خۆت لەمنداڵەکەت تورە دەکەیت وادەزانن لەگەڵ ئەوانتە یان کاتێك کارێك وات لێدەکات هەست بەدڵتەنگی بکەی. ئەوان دڵتەنگی تۆبەئەرکی ئەوان لەسەرت لێکدەدەنەوە .بزانە ئازیزم تۆ لەخۆتەوە هەروا گەورە نەبوی شەونخونی وماندوبونی ساڵانێکی زۆری ویست تاگەیشتیت بەم ڕۆژە . زۆرجار سەیری ئەوانت کردوە کەوا دڵیان تەنگ بوە یان خەمیکیان هەبووە هەستت بە ناڕەحەتی کردووە چونکە ئەوکاتەی کەمنداڵ بووی وات دەزانی دنیا تەنها خۆشی تێدایە .بێ گومان ئەوان نەیان دەویست ئازارت بدەن بە ئازارەکانیان بەڵام هەرچۆنیك بێ جار جار هەستت پێیان کردوە .بۆیە داواکارم تۆزێك لە ئازارەکانیان قەرەبوو بکەیتەوە بە دڵ گەورەی وسۆزت بۆیان،

برای ئازیزم کەمنداڵ بووی لەکۆڵان یاریت دەکرد کاتێك شەڕت دەکرد خۆت هەڵدەداوە بەباوکت ،هاوڕێکانت دەترساند بەم باوکت کەئێستا پیر بووەو

بەناوسالْ کەوتووە، لەبەر چاوی تۆ وەك چیا وابوو وات دەزانی کەس نیە وەك ئەو ئازاو چاونەترس بێت. خوشکی خۆم تۆش هەرکەبچوك بویت چاوت لەدونیا هەڵێنا یەکەم کەس کە خۆشتویست و دڵت بۆی کردەوە دایکت بوو کە هەڵگری خەمەکانت بوو .هیچ شتێك نەگۆڕاوە ئەوان هەر دایك و باوکتانن با ئێستاش هەر وەك یەکەم جار بێت باوکت هەر ئەو چیایەبێ کەوا بەمناڵی سەیرت دەکرد دڵت نەگۆڕێ لەبەر ئەوەی پیربوون وەتۆش گەورە بووی. یان وابزانی ئیتر پێویستت بە هاوکاری ئەوان نەماوە،هەر چەند ساڵەکان بڕۆن و تۆگەورە بیت و ئەوانیش پیر ببن تۆهەر منداڵی ئەوانی . خودای گەورەش پایەی ئەوانی هێناوەتە تەنیشت پایەی خۆی کەوا لەقورئانی پیرۆز باسی دەکات و دەفەرموێ

(بسم الله الرحمن الرحيم)

وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا {٢٣} وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ صدق الله العظيم ﴿الاسرا﴾

واتا{پەروەردگاری تۆ بڕیاری داوە کەجگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها چاکەکاریشبن لەگەڵ دایك وباوکتاندا هەرکاتیك یەکێکیان یان هەردوکیان بەپیری کەوتنە لای تۆئۆفیان لەدەست مەکە وپیایان هەڵ مەشاخێ بەردەوامیش گفتو گۆت لەگەڵیاندا با چاك وجوان وبەجێ بێ_ باڵی میهرەبانی خۆتیان بەسەردا بکێشە وملکەچ بەبۆیان (نزابکەو)بڵێ پەروەردگار روحمیان

پـێ بکـەومهرەبان بـەبۆیان، هـەروەك چـۆن ئـەوان منیـان پـەروەردەکردووە بەبچووکی ومندالّی}ت.ئاسان

کەمنـدالّ بـووی هەرچـەند ئـازاری زۆرت بۆئەوان هـەبوو . لەگـەلّ گریانـت لەگـەلّ بیزارکردنـت لەگـەلّ نەخۆشـیت هـەردەم دەیـان گـووت (گیانەکـەم . ئازیزەکـەم . قوربانـت بم_هتـد)جارێـك قـسەیەکی نارێـك وناشـیرنیان پـێ نـەوتی هەرچـەند ئەگەر مندالّ بووی چییان گووتبا تۆنەت دەزانـی وتێنەدەگەیشتی. بـەلاّم ئـەوان دلّیـان نـەهاتووە لـەگولّ ناسـکترت پـێ بلّێن. بـەلاّم تـۆ ئێـستا دلّـت دێـت قـسەی ناشـیرین و قـسەی رەق و نابـەجێ بکـەی بەرامبـەر ئـەوان . بەتایبـەتیش دایـك! چونکە بەسۆزترین و دلّ فراوان ترین کەسـە لەسـەر ڕویـی زەوی. ئەبوهوڕەیرە. ڕەزای خـــــوای لەســــــەر،لەپێغەمبەرەوە درودی خـــــوای لەســــــەربۆمان دەگێڕێتەوەودەفـــەرموێ(پیاوێـــك هـــات بـــۆلای ووتـــی:کـــێ لەهـــەموو کـــەس شایستەترە کەمن چاکەی لەگەلّدا بکـەم؟ فـەرمووی دایکـت. ووتـی پاشـان کـێ ؟ فەرمووی دایکت. ووتی پاشان کێی تر؟دیسان فەرمووی دایکت. ووتـی پاشـان ؟ فـــەرمووی پاشـــان باوکـــت) صـــحیح مـــسلم ص ٨٨٠ زۆرجـــار هەســـت بەنیعمەتـــەکان ناکـــەین تالەدەســـتیان دەدەیـــن .ئاگـــادارین زوو پـــێش ئـــەوەی لەدەســـــتتان بـــــچێ کاتەبەنرخــــەکان کەگەڕانــــــەوەیان زۆرئەســــــتەمە ئازیزانم؟!ئەوکاتانەی دلّیانتان شکاندوە وپێتـان نـەزانیوە یـان زانیوتانـەو بـەلاّم هـەولّت نـەداوە هەلّـەکانتان چـاك بکەنـەوە.سـەیری ئەوانـە بکـەن کـەوابێ بـاوکن یـابێ دایـك.ئـەوکات هەســـت دەکـــەی ودەزانـــی چ خۆشـــیەکە تـــۆ تیّایـــدای.

باوك

(بسم الله الرحمن الرحيم)

أُولَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا بِٱلۡأٓخِرَةِۖ فَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ٨٦ صدق الله العظيم ﴿بقرة﴾

واتا {ئەوانەی کەژیانی (بەهەشت)و ڕۆژی دواییان فرۆشتوە وگۆڕیویانەوە بەژیانی دونیا، لەبەر ئەوە سزایان لەسەر کەم ناکرێتەوەو ئەوانە هەرگیز یارمەتی نادرێن وسەر ناخرێن}ت.ئاسان

لەبنەمالەیەکی مام ناوەندی لەگەڵ دایك و باوکی دەژیا .لەمنداڵی زیرەك و داناو هۆشمەند بوو بە جوانی و بەرێکی قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کرد و بو بە ئەندازیارێکی لێهاتوو .

دوایی ژنی هێناو ژیانێکی تایبەتی بۆخۆی بنیاد نا زۆر بەڕێك وپێکی خزمەتی دایك و باوکی دەکرد خودای گەورە سێ کوڕی پێدا ساڵ دوای ساڵ دەوڵەمەند تردەبوو تاوای لێهات سامانی بە ژمار نەدەهات دایکی توشی نەخۆشی بوو مرد . دوای چەند ساڵێك باوکیشی مرد،دوای دایك و باوکی سۆزو خۆشەویستی خۆی هەموو دا بەمنداڵەکانی زۆر هانی دەدان بۆ بەرەوپێش چوون سوور بوو لەسەر ئەوەی کەمنداڵەکانی سەرکەون لەژیان و بگەن بەهەموو ئاواتەکانیان کەخۆیان دەیانەوێت چونکە ئەو لەلایەن خۆی هەموپێداویستیەکی بۆ دابین کردبوون،کوڕەکانی گەورەبون و لەگەڵ باوکیان دەست بەکار بوون،باوکیان ڕۆژێك لەگەڵ دایکیان دانیشتبوو، گوتی: بۆ ژن بۆ

کوڕەکان نەهێنین من حەز دەکەم هەموو کاتێك پشتی یەك بگرن من خۆم برام نەبوو بۆیە حەز دەکەم زۆر ئاگاداری یەکتر بن من خۆشی هەموو دونیام بۆ ئەوان دەوێت بۆیە بڕیارم داوە سێ خوشکیان بۆ داخواز بکەم ئەوان خوشك بن و ئەوانەش بران بەڵکو تاماون لەگەڵ یەك بن دایکی کوڕەکان ڕازی بوو بەم ڕاو بۆ چونەی پیاوەکەی ،پاش ماوەیەك ژنی بۆ هێنان هەروەك خۆی دای نابوو.دوای چەند ساڵێك خێزانەکەی مرد کە دەکاتە دایکی کوڕەکانی، باوکی کوڕەکان دوای مردنی خێزانەکەی زۆر هەستی بەتەنیایی و غەمباری دەکرد نەیتوانی زیاتر بەردەوام بێ لەکارکردن ڕۆژێك کورەکانی بانگ کردو گوتی:من توانای کارکردنم نەماوە لەبەر ئەوە کارەکان دەسپێرم بە ئێوە پێشانگای سەیارەو کارگەکان وهتد .... هەموی دەکەوێتە ژێردەستی ئێوە دەبێ زۆر بەچاکی ئاگاداری بن . پاش ماوەیەك ئەندازیارە کە باوکە دڵ گەورەکە کەوتە نێو جێگا کەوتە بەر دەستی کوڕەکان و بوکەکانی. زۆر لێی بێزار ببوون بوکەکانی بەهاوسەرەکانیان دەگوت ئێمە ئیتر ناتوانین خزمەتی باوکتان بکەین دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە . ئەوانیش دەیان ووت :چی لێبکەین فرێی بدەین . یان بیبەین بۆماڵی خزمەکان بۆمانی بەخێو بکەن خۆشتان چاك دەزانن باوکمان لە ئێمە زیاتر نەبرای هەیەو نەخوشك . ئەوە حاڵیان بو تاماوەیەکی زۆر تا ڕۆژێك گوتیان : پێتان شەرمە فرێی بدەن دەباشە بیبەن بۆ جێگای بەخێو کردنی پەك کەوتەکان (دارالمسنین) کوڕەکان گوتیان چۆن ئێمە ئەو کارە بکەین خۆ ئێمە ناودارین و خەڵك دەمان ناسێ بەڵام ئەوان هەر لەسەر قسەی خۆیان بوون،ووتیان باخەڵك نەزانێ و ناوی ڕاستەقینەی تۆمار مەکەن تاکو ڕازیان کردن باوکیان ببەن بۆ جێگای پەك کەوتەکان. حەبێکی خەویان بۆ باوکیان خستەناو چایەو خەوی لێکەوت هەڵیان گرتوو بردیان بۆناو ئۆتۆمبێلی یەکی لەم سێ برایە تاکو بیبەن بۆئەو جێگایەی کە بەهەمویان ڕازی بون باوکیان لەوی فڕێبدەن گەیشتنە جێی مەبەست چونە لای بەڕێوبەرو

گوتیـان : ئـەو پیرەمێـردەی لـەناو ئۆتۆمبێـل خـەوی لێکـەوتوە لـە سـەر شـەقام کـەوتبوو ئێمـە دۆزیمانـەوە وەزۆر پرسـیارمان کـرد لـە کەسـو کـاری بـەڵام دیـارە کەسـی نیـە بۆیـە هێنامانـە ئێـرە لەسـەر خـەرجی خۆمـان ئاگـاداری دەبـین هـەر چەندە نایناسین بەڵام ئەم کارە دەکەین بۆ ڕەزامەندی خودا .

بەڕێوبـەری جێگاکـە زۆر ئـەو کـارەی ئـەوانی بـەدڵ بـوو گـووتی ڕاسـتە هێـشتا خـەڵکی بـاش مـاوە بەڕاسـتی جێگـای خـۆش حاڵیـە ئـەوکارەی ئێـوە خـودا پاداشتتان بداتەوە.

پارەیـەکی زۆریـان پێـدا.گوتیـان هـەرکاتێ پارمـەتیت ویـست تەلـەفۆن بکـە ئێمـە ئامادەین بۆ هـەر پارمەتیـەك.وەئەگـەر ئـەو پیرەمێـردە مـرد ئێمـە چاکەی خۆمـان تەواو دەکەین کفن ودفنی بۆ دەکەین وبەخاکی دەسپێرین بـەڵکو خـودای گـەورە بەو چاکەیە لیمان خۆش بێت وخێریشمان پێدەگات.

ژمارەی تەلەفۆنیان جێ هێشت و ڕۆیشتن.باوکیـان بەجێهێشت لـەم جێگایـە کـە تـەنها بـۆ بێکەسـانە. نـەوەك یـەکیك کـەوا سـێ کـوری هـەبێ بـەڵام جێگـای ئـەو جێگایەبێ؟

چەند سعاتێکی پێ چوو باوکیـان هەسـتا لەخەوەکـەی وای زانـی هێـشتا لەماڵـە بانگی بووکەکەی دەکردو دەیکوت کچەکەم کـاتی نوێـژ هـاتووە تـا بـچم دەسـت نوێـژ بگـرم وابـزانم ماوەیـەکی زۆرە خـەوتووم.دووبـارەی کـردەوە بـەڵام هـیچ وەڵامێك نەبوو چاوێکی بـەدەوری خـۆی گێـڕا سـەری سـورما گـووتی؟من لـە کـوێم ئێرە کوێە بە بەساڵاچووەکانی دەوری گووت ئێوە کوێن من لێرە چیدەکەم چـۆن هـاتووم بـۆ ئێـرە دیـارە مـن خـەون دەبیـنم وخەبـەرم نەبۆتـەوە.بەساڵاچـوەکانی چوار دەوری گووتیان تۆ لەلای ئێمەی بەخەبەری ئەوەخـەون نیـە ئێـرە جێگـای بەخێوکردنی پەکەوتەکانـە تـۆش لـەلای ئێمـەی، دیـارە بێکەسـی نـەوەك لـە سـەر شـەقامەکان نەدەکـەوتی خـوا خێـری ئـەو گەنجانـە بنوسـێ کـەتۆیان هێنـا بـۆ ئێرە.پێمان بڵێ ماوەی چەندە لەشەقامەکان ژیان دەبەیتە سەر؟

گــووتی ئێوەچــی دەڵــێن.بێکەســی چی؟شــەقامی چــی؟گەنجی چی؟باســی چیدەکەن؟

ئەوانیش گووتیان ئەدی تۆ لـە سـەر شـەقامەکان نەکـەوتبوی ئەوگەنجانـە تۆیـان هێنا ئێرە تاکوو یارمەتیت بدەن لەبێکەسی رزگارت بکەن وشوێنیکت بۆ دیاری بکە ئەو ماوەی لەژیانتدا ماوە بە ئارامی بژی.

گـوتی دەتـوانن ئـەو گەنجانـەم بـۆ وەصـف بکـەن .کـە وەصـفیان کـردن . زانـی کوڕەکـانی خـۆیتی .ئـاخێکی قـوڵی هەڵکێـشاو گووتی؟دەتـوانم بەڕێوبـەر ببیـنم بردیـان بـۆلای زۆربـەڕێکی سـەلامی کـردوو گوتی؟بـەڕێز تـۆ (فـلان کـوری فلان)دەناسـی ئـەویش گـووتی چـۆن نایناسـم کـەس هەیـە ئـەو نەناسـی.ڕاسـتە نـەمبینیوە بـەلآم ناوبـانگم بیـستوە .بـاوکی کوڕەکـان گـووتی ئـەو کەسـە منم.!
بەڕێوبەر زۆر سەرسام بوو چۆن.!باشە تۆ چـۆن وات لێهـاتوە کـەی ئـاوا زەرەرت کردوە چۆن وچۆن...هتد.

گووتی سەرسام مەبە ئێستا هەموو شتێکت بـۆ بـاس دەکـەم ئەگـەر کاتـت هـەبێ بتـوانی گـوێم بـۆ ڕابگـری .بەڕێوبـەرگووتی.بەڕاسـتی زۆر بەپەرۆشـم بـزانم ئـەم ڕوداوە چۆنە، فەرموو باسی بکە بۆم!

هــەمووی بــۆ گێڕایــەوە بــەوردی ئــەویش گــوێ بۆڕاگرتبــوو نــاوە بــەناوەش هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشاو چاوەکانی خۆی دەسڕی.

پاشان ڕوی لە بەڕێوبەر کردوو گووتی بەیانی لەگەڵم وەرە دەچین بۆ شوێنیك.
ئـەویش گـووتی دیـارە نیـازت وایـە بگەڕێتـەوە بۆمـاڵ.گـووتی مـن کوڕەکـانم دەرنەکردوە لە ماڵ ئەوان منیان دەرکرد چۆن دەتوانم جارێکیتر سەیریان بکەم من ژیانی خۆم نەهاتە پێش چاو هەوڵدان وکارکردن وماندوبونم هەربۆئەوان بـۆ تاکو ژیانێکی ئارامیان بۆ دابین بکەم بەپشتیوانی خودا گەیشتم بەو ئاواتانـەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەهیوا بوم بـۆی بـەلآم بەرامبەرئەوە باجێکی زۆر گـەورەم دا ئــەویش خۆشەویــستی منداڵــەکانم بــوو.وەخۆشەویــستی مــن بۆئــەوان

کەبەهەمووماڵ وسـامانی دونیـا ناکڕێـت. بەڕێوبـەر گـوتی ئـەی بـۆ کـوێ بـچێ؟باوکە دڵ پڕئازارەکـە گـووتی دەچـم ئـەو موڵکانـەی هێـشتا لەسـەر نـاوی خۆمـە دەیفرۆشـم پارەکـەی دادەنـێم لـەبانك بەشـێکی بـۆ خێـرو چـاکە.وە بەشـەکەیتری بـەناوی ئـەم دەزگـا خێرخوازییەدەکـەم کـەپێی دەڵـێن جێگـای بەخێوکردنی پەکەوتەکان بۆئەوەی هەردەم دەرگـای کراوەبێـت بـەڕوی چەندەها کەسـی وەك مـنی بێکـەس وبێلانـە.بـەیانی چـوون وایکـرد کـەخۆی ئامـاژەی پێکرد.کاتێك گەڕانەوە گووتی داواکاریەکی ترم هەیە.

بەڕێوبەر گووتی داواکاریەکانت بەچاوان جێبـەجێ دەکـەم ئەگـەر بتـوانم.گـووتی داواکاریەکەم ئەوەیە ئەگەر مردم خەبەرمـەدە بەکوڕەکانم هـەر بەخۆتان بەخاکم بسپێرن.توخودا دوای مردنم جار جار یادم کەن بەفاتیحەیەك.

بەڕێوبـەر دەڵێ؟چـەندمانگێك لـەلای ئێمـە مایـەوە بـەهۆی خـەم وخەفەتـەکان نەخۆش کـەوت لەبەر ئازاری دەرونـی مرد .دەڵـی ئـەو مـاوەی لـەلامان بـو تـەنها نەمدیت جارێك پێبکەنی یـان زەردە خەنەیـەکم نـەدیت بەڕویـەوە هـەر دەیگـووت من هیچ کات خراپ نەبوم بۆکوڕەکانم هەر داواکاریەکیان هەبوایە بەزوترین کات بۆم جێبەجێدەکردن باشە بـۆ ئاوایـان کـرد لەگـەڵم بۆچیێ ها؟زۆر دڵـم دەدایـەوە پێمـدەگوت زۆر کەسـی تـر وای بەسـەر هـاتووە دونیـا لـێرە ناوەسـتی هـەر بەردەوامە وا لەخۆت مەکە.هـەر ئـەوەی بەسـەرهاتەکەی بۆمـان گێـڕاوە دەڵـی مـن کوڕەکـانیم نـەدیت هـەر لەوکاتـەی هێنایـان بـۆئێرە هـەتا چـەند مانگێـك دوای مردنـی باوکیـان .ڕۆژێـك هـاتن بـۆ ئـەوەی بـزانن چـۆن وکـەی باوکیـان ئـەو موڵکانەی فرۆشتوە.!خودای گەورەش لەقورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

(بسم الله الرحمن الرحيم)

أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٦٥﴾ صدق الله العظيم ﴿ال عمران﴾

واتا {ئایا کاتێ توشی بەڵاوناخۆشیەك بوون،بۆدەڵێن ئەوەچی بوو بۆوامان بەسەرهات ،ئینجا پێ یان بڵێ :ئەم بەڵایە بەهۆی خۆتانەوە توشتان هات، بەڕاستی خوادەسەڵاتی بەسەرهەمووشتێکدا هەیە} ت.ئاسان

(هەردەم بزانن خۆشی وناخۆشی تاسەر بەردەوام نیە بۆکەس)!

دایك

من ناوم(ك) تەمەنم ١٥ساڵە لە بنە ماڵەیەکی دەوڵەمەندم ئەم بەسەرهاتەتان بۆ دەگێرمەوە کە لەگەڵ ئێمە رویداوە.

رۆژێك باران بوو کەماوەی سێ رۆژبوو باران بەردەوام دەباری سەرما کاری لێکردبووین دەرگاو پەنجەرەکانمان داخست بوو منیش زۆر دڵم تونددبوو چونکە چەند رۆژێك بوو نەمتوانی بچم بۆ دەرەوە .دەستم کرد بە هاتوو چۆ لە ژوورەکە کەلە نهۆمی دووەم بوو لەلای پەنجەرەکە وەستام سەیری شەقامەکانم دەکرد لەگەڵ دایکم و برا گەورەکەم وخوشکە بچوکەکەم قسەم دەکرد . لە ناکاو شتێکی سەیرم دیت ئەویش منداڵێکی تەمەن ٨سالان لە سەر شەقامەکە وەستابو زۆر غەریب وسەیر هاتە بەرچاوم گوتم دیارە بزر بووە ،ماوەیەکی پێچوو ئەو هەر لەوجێگایەوەستابوو ماڵەوەم ئاگادار کردەوە ئەوانیش سەرسام بوون گوتیان منداڵێکی بچوك بەم رۆژە ساردە چیدەکات لەدەرەوە.کەمێکی پێچوو لەجێگای خۆی دانیشت. بەدایکم گووت من دەچم بۆلای پرسیاری لێدەکەم .! چاکێتەکەم کردە بەرم بەپەلە چووم . سەیرم کرد جلوبەرگی هەموی بۆتە ئاو هەرچەند ویستم قسەی لەگەڵ بکەم نەیتوانی وڵامم بداتەوە لە سەرمان زمانی گیرابوو هیچ جولەی نەمابو.چاکێتەکم لەبەر خۆم کردەوە لەمنداڵەکەم پێچا و لە باوەشی خۆم کردوهێنامەوە بۆ ماڵ دامان نا لەنزیك سۆپاکە وجلوبەرگەکەیمان گۆری دایکم پەرداخێك شیری بۆ هێنا.خەوێکی قولی لێکەوت لەلامان مایەوە ئەو شەوە بەبێ ئەوەی بزانین ئەم منداڵە کێیە!.بەیانی پرسیارمان لێ کرد تۆکێ؟بۆچی بەوبارانە لەدەرەوە بوی ئایا تۆ ونبوی لەماڵ؟دەستی کردبە گریان. ئێمەش بەهەموو جۆری دەمانویست کپی بکەینەوە.دایکم لە باوەشی خۆی گرتبوی پێدەگوت رۆڵەگیان مەگری ماڵتان دەدۆزینەوە دەتگەرێنینەوە ،هەرچەندئێمە ئەو قسانەمان بۆیدەکرد ئەو زیاتر دەگریا.دوای کەمیك بێدەنگی گوتی من بزر نەبومە ماڵی خۆمان پێدەزانم

منیش گوتم باشە لەگەڵت دێم دەتگەڕێنمەوە. گوتی من ناتوانم بچمەوە لێمدەدەن،گووتمان بۆ لێت دەدەن کێە ئەوکەسە باوکتە یان دایکت. گوتی زڕ باوکم،برا گەورەکەم گوتی دیارە کارێکی خراپت کردووە؟
بەدەستە بچوکەکانی فرمێسکەکانی دەسڕی وگوتی ! من کار دەکەم بۆ زڕ باوکم لە بازاڕ پاکەت وچەرخ دەفرۆشم دوێنێ کە هاتمەوە بۆماڵ باران زۆر بە قایم دەباری منیش دەترسام وهەر ڕامدەکرد ئاگام لێنەبووە هەندێك لە پاکەتەکان بەربوینەوە چونکە هەموو ڕۆژێك لە کاتی دەرچون وهاتنەوەم دەیان ژمێرێ و حیسابیان دەکات .گووتی کوانی پارەکان منیش ئوەندەی لەلام بوو دامی،گووتی زۆری کەمە !هەرچەند ووتم لەبەر ئەوەی بەڕاکردن هاتمەوە لێمکەوتون :باوەڕی نەکرد لەبەر ئەوە زۆری لێدام. منی دەرکردو ووتی بڕو یا پارەکەم بۆ بێنەوە یان پاکەتەکان،
گووتمان ئەدی دایکت؟ ووتی دایکم هیچ دەسەڵاتی نیە، (لەپێش خۆی زۆری جوێن دا بە زڕ باوکەکەی) . فرمێسکەکانی بەگوڕ دەهاتنە خوار لەسەر ڕومەتە ناسکەکەی گووتی ئەگەر باوکم بمابوایە ئاوام لێنەدەهات .دایکیشم لەگەڵ ئەو دەگریا وفرمێسکەکانی خۆی وئەوی دەسڕی.
براکەم گرتیە باوەشی خۆی وگوتی گیانەکەم مەگریێ من وەك باوکتم خوشکە بچوکەکەمان هاتە نزیك و گووتی تۆ ناوت چیە ؟گوتی(هـ)
منیش شتێکم بە خەیاڵ داهات بەخێزانەکەمانم گوت ڕاتان چۆنە سەردانیکی ماڵی (هـ)بکەین داوا لە دایکی و زڕباوکەکەی بکەین کەوا ڕێبدەن بۆ خۆمان بەخێوی بکەین ئەگەر پارە شیان داواکرد ئێمە هەر ڕازین بەس تەنها بتوانین لەدەستی ئەوان بیهێنینە دەر.،
ئەوانیش بیروکەکەیان پێ باشبوو،من وبرا گەورەکەم دەستی منالەکەمان گرتوو چوین ،لە دەرگاماندا دایکی دەرگای کردەوە چاوی بە کوڕەکەی کەوت گرتیە باوەشی گووتی گیانەکەم لە کوێ بوی ئەو شەوە من هەر گریاوم نە

مـەزانی چیتلێهاتوە. گـوتی ئێـوە هێناتانـەوە مـن نـازانم چیتان پێبڵـێم چـۆن سوپاسـتان بكـەم، براكـەم گـوتی سوپاسـی نـاوی..پیاوەكـەت لەماڵـە دەمانـەوێ هەنـدێ قسەی لەگـەڵ بكـەین؟ڕەنگی تێكچوو گوتی بۆ كوڕەكـەم هیچی كـردوە ،بەمن بڵێن توخدا با ئەو نەزانی گوتمان هیچ نیە مەترسە (ه) هەموو شتێكی بۆ بـاس كـردین ئێمـە هـاتوین داواتـان لێبكـەین ئەگـەر ڕێ بـدەن لەگـەڵ ئێمـە بـژێ پێمـان خۆشـە ئـەرگی بـەخێوكردنی بگرینـە ئەسـتۆ.؟گـوتی ئێـوە بەڕاسـتی وادەكـەن؟گوتمان بـەڵێ هـەر بـۆ ئـەوە هـاتوین. گـوتی زۆرم پێخۆشـە ئەگـەر ئاگاداری كورەكەم بن من ڕازیم هەر ئێستا لەگەڵ خۆتانی ببەنەوە تا پیاوەكـەم نەهاتۆتــەوە.خــەریك بــوو دەڕۆیــشتین كەزڕباوكەكــە هاتــەوە یەكــسەر پـەلاماری(ه)داو گـووتی مـن لەبەیانیـەوە بـەدوات دەگـەڕیم تـۆ لـە كـوێ بـوی هـا؟ دەسـتمان گـرت و نەمانهێشت لیبـدات گـوتی ئێـوە كـێن ڕوی لـەدایكی (ه)كـردو گـوتی دەبیـنم خـزم وناسـیارت بـۆ پەیـدا بـووە .گوتمـان ئێمـە هیـچی ئـەونین هـاتوین ئـەو منداڵـە لەگـەڵ خۆمـان ببـەین،ووتی چـۆن چـۆنی دەیبـەن؟گوتمان هەرچـۆنیك تۆپێــت خۆشــبێت؟ ڕازی بــوو بــەپارە ، زۆر بــەبێ منــەتی ووتــی ئیمزاشتان بۆ دەكەم كە جارێكی تر نامەوێ بیبینم .

هێنامنەوە دایكم زۆر دڵخۆش بوو، زۆرمان خۆشدەویست ناردمان بۆ قوتابخانە منداڵێكی ئاقل وژیر گوێڕایەڵ بوو دوای شـەش سـاڵ سـەرەتای تـەواو كـرد لـەو كاتە دایكم تەندروستی باش نەبوو زۆر خەمی بووهەردەم لەلای دادەنیشت ولـە ئـەحواڵی دەپرسـی .ئـەمری خـودای گـەورە ڕەتبونـەوەی نیـە.دایكـم مـرد(خـوا لیخۆش بێ بە بەهەشتی بەرینی شادكا) (ه) زۆر لەئێمـە زیـاتر بۆی پـەرۆش بـۆ دەگریـاو دڵـی دەسـووتا دەیگـوت دوو جـار یـەتیم بـوم..دوای چـەند سـاڵێك قۆناغی ناوەندی تەواو كرد.خوشكەكەمان شـوی كـرد منـیش ژنم هێنـا ئـەویش كۆلێـژی تـەواو كـرد لـە ڕۆژی دەرچـونی زۆر دڵ خـۆش بـوین براگەورەكـەم و ژنەكەی ومنداڵەكانی .خوشكم و پیاوەكەی و منداڵـەكانی .مـن و ژنەكـەم لەگـەڵ

منـداڵەکانم لـە هـەموو لایـەك دەسـت خۆشـی وپـیرۆز بـایی بـوو مامـە.مامـە و خاڵـە.خاڵـە دەنگـی دەدایـەوە سـەیرمان کـرد (دکتـۆر.ه)فرمێـسك لـە چاوەکانی دێتە خوار پرسیمان برا گیان چیە بۆ دەگری گوتی لە خۆشیان دەگریم ئێمـەش پێکەنین گوتمان تۆ لەخۆشی و ناخۆشی دەگریی باشە چۆن ڕازیت بکەین،

ماوەیکی پێچوو ڕۆژێکیـان سـەیرمان کـرد پیاوێك هاتـە ماڵمـان گـوتی هـاتووم بۆئـەوەی کوڕەکـەم ببمـەوە ناسیمانەوە ئـەو پیـاوە پـیرە زڕباوکـە دڵ ڕەقەکـەی (دکتۆرە)گوتمان کوڕی چی تۆ باسی چ دەکەی .!

گـووتی (ه) کـوڕی منـە هـاتوم لەگـەڵ خـۆم بیبەمـەوە بـۆلای دایکـی هـەموکات یـادی دەکـات وچـاوەکانی خەریکـە لەدەسـت بـدات بـەهۆی زۆرگریـان.ئێمـەش بانگمان کـردوو گوتمـان بـەخۆت دەزانـی چیت پێباشـە بیکـە ئێمـە ڕازیـن بەهـەر بڕیاریك کە باشبێت بۆت بەئارەزوی خۆت براگیان.

ئـەویش ڕوو لـە زڕباوکەکـەی کـردو "گـووتی مـن ناگەڕێمـەوە بـۆ لات .ئـەویش ڕۆیـشت بـەڵام دوای چـەند ڕۆژێـك دووبـارە گەڕایـەوە.(دکتـۆر)هـەر ڕازی نـەبوو بـچێتەوە لەگـەڵی. ماوەیـەکی تـری پێـچوو ڕۆژێـك هـەموومان بەیەکـەوە دانیشتبوین دیتمان ژنێکی پیر لەدەرگایـداو هاتـە ژوور لەگـەڵ چـاوی پێکـەوت ئەو گەنجە ڕایکردە لای ودەستی لەمل کردوو دەستی ماچ کردو گوتی دایەگیان چۆنی .ئەویش ماچی کرد.،هێنـای لەتەنیشت خـۆی داینـا ئێمـەش زۆر ڕێزمـان گرتـوو گوێمـان بـۆ گـرتن (ه) گـوتی :دایـە چـۆنە منـت بـیر کەوتـەوە دوای ئـەو هـەموو ساڵە؟ گـوتی ڕۆڵـە گیـان مـن ڕۆژێـك تـۆم لـەبیر نـەکردوە بـەڵام چیبکەم .بەرگەی ئازارەکانم گرت بۆ ئەوەی بتوانی بەخۆشی بژی دور لە دەستی ئەو بێ ویژدانە ئیستاش من تاقەتم نەما لەدوریت ژیانیشم ئەوەندەی نـەماوە کۆتـایبێ بۆیە هاتم بەدوات .دایکەکە ڕوی لەئێمە کردوو گووتی من نازانم چۆن سوپاسی ئێـوە بکـەم .ئێـوە فریـشتەبون لـەوکات کـە بـەفریای کوڕەکـەم هـاتن مـن هـەردەم دوعای خێرم بۆ کـردون مـن نـاتوانم چاکەی ئێـوە بدەمـەوە بـەڵام خـودای گـەورە

پاداشتان بداتەوە ئەگەر ئێوە نەبونایە کێ دەیزانی کوڕەکەم دەبو بە چ جۆرە کەسێك، گوتمان وامەڵێ ئێمەنەبوین بەڵکو خودا ئێمەی ڕێنموی کردو کردینی بەسەبەبێك تاکوڕکەت بەواتایەکی تر برا ئازیزو بەڕێزەکەمان بگاتە ئەوەی کەوا شایستەیەتی. ووتمان دکتۆر گیان چی دەڵیی ڕازی لەگەڵ دایکت بڕۆی .گوتی ناتوانم دایکم بە دڵێکی سارد ڕەوان بکەمەوە بەلآم دەترسم پێم بڵێن کەسێکی سپڵەی .گوتمان هیچ کات وانالێن چونکە تۆ دەناسین دەزانین لەبیرمان ناکەی زوو زوو سەردانمان دەکەی .! زۆر داوای لێبوردنی کردوو دیسان کەوتە گریان گوتمان ئەوجارە بۆدەگریێ ،گوتی هەرچەند دڵم خۆشە بەگەڕانەوەم بۆ لای دایکم بەلآم دڵم بۆدوریتان هەست بە ئازار دەکات..دەستی دایکی گرتوومالێ ئاوای کردوهێدی هێدی کەوتنەڕێ:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ صدق الله العظيم ﴿الفرقان﴾

واتا : {مەگەر ئەوکەسەی کەتەوبەبکات وباوەڕ بێنێت وکاروکردەوەی چاکە ئەنجام بدات،ئەوجۆرە کەسانە خوا کردەوە خراپەکانیان بۆدەگۆڕێ بەچاکە، چونکە بەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە}ت.ئاسان.

کوڕە بێ ئەقڵەکە

هەرلە منداڵی عینادو کەلەڕەق بوو کە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری زیاتر بەردەوام بو لەسەر عینادیەکەی هەر کاتێك کارێکیان پێ بسپاردبا ڕوی خۆی وەردە گێڕاو وای دەکرد کەوا لەگەڵ ئەویش قسەناکەن گوێی بۆ هیچ ئامۆژگاریەك ڕانە دەگرت . باوکی زۆری لێدەدا زۆر جاریش لەگەڵ لێدان لە هۆش خۆی دەچو بەڵام بێ سود بوو ئامۆژگاری و لێدان و ترسان بەهیچ جۆرێ بەخەیاڵی دا نەدەهاتو گوێی پێ نەدەدا گەیشتە تەمەنی بیست ساڵی توشی هاوڕێی خراپ هات،باوك و دایکی وایان لێهاتبو هیچ ئومێدێکیان نەمابوو بۆ چاك بوونی ڕەفتاری کوڕەکەیان،پێیان دەگوت بۆ وا لە خۆت دەکەی بۆ بە کردارەکانت ئازاری ئێمەش دەدەی نە خوێندنەکەت تەواو کردو نەکارێکت بۆ خۆت کرد ئێمە هێشتا لەتۆ ناوێ وەچاوەڕێی هیچت لێ ناکەین تەنها دەمانەوێ وەك مرۆڤێکی ئاسایی بۆخۆت بژی ، کوڕم لەگەڵ هاوڕێی خراپ مەگەڕێ تادرەنگی شەو لەسەر جادەکان مەسوڕێوە ئاقل ژیربە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان مەوەستە سەیری ناموسی خەڵك مەکە. بەڵام ئەو وای دەزانی ئەوان گوێزی بۆ دەژمێرن بە خەیاڵیشی دانەدەهات لەسەر کەلە ڕەقی و بێ باکی و کەم تەر خەمی وناسینی هاوڕێی خراپ بەردەوام بوو.

ڕۆژێك لە دەرگای ماڵیان درا دایکی دەرگای کردەوە لەناکاو کردی بەهاوار چی بووە؟ کوڕەکەم چیەتی گوتیان بانگی باوکی بکە باوکی بەغار هات سەیری کرد پۆلیس لەبەردەرگایانەو پرسیاری کوڕەکەی دەکەن گوتیان : کوڕەکەت لەماڵە؟ ئەویش بەتاسەوە گوتی: نەخێر لەماڵ نیە . ئەی دەزانی لەکوێیە ؟ گوتی : نازانم بەڵام چی بووە ! بۆ پرسیار دەکەن ئایا شتێك بووە؟ گوتیان: خاڵە گەردەزانی لەکوێیە پێمان بڵی بۆتۆ باشترە شاردنەوەی هیچ سودێکی نیە باوکە بێدەسەڵاتەکەگووتی: بڕوام پێبکەن سوێندتان بۆ دەخۆم کەنازانم لەکوێیە لەدوێنێوە چۆتە دەرو نەهاتۆتەوە بەدرێژایی شەو من و دایکی

خەومان لێنەکەوتوە دەمان گوت دەبێ چی ڕوی دابێ بۆ نەهاتەوە ڕاستە درەنگ دەهاتەوە شەوەکانی تریش بەلاّم ئەم شەوە هەر نەهاتەوە ، دەتخوا پێم بڵێن چی بووە کوڕەکەم چی لێهاتوە خەریکە دڵم دەوەستێ !

ئەوانیش گوتیان :خاڵەکوڕەکەت لەگەڵ دووانی تر پیاوێکیان کوشتوەو سەیارەکەیان ڕفاندوە بەلاّم لەبەینی خۆیان پێک نەهاتوون لەیەکێک لە هاوڕێیەکانی خۆیان داوە و بەسەختی بریندایان کردووە وایانزانیوە مردوە هەر لەبەر ئەوە جێیان هێشتوە ئێستا ئەو لەنەخۆشخانەیە هەر ئەو ناو وناونیشانی کوڕەکەی تۆ و هاوڕێیەکەی تری داوە خاڵە گەر کوڕەکەت هاتەوە یان هەر شتێکت زانی دەربارەی شوێنی پێمان ڕابگەیەنە . دوای پشکنینێکی وردی ماڵەکە ڕۆیشتن .

باوکی کوڕەکە بە خێزانەکەی ووت:باشە کوڕەکەمان بۆ وای لێهات ئێمە بۆنەمان توانی شتی باشی فێر بکەین یان خەتای من بوو هەر لە منداڵی فێری پارەی زۆرم کردو تەنها جارێ داوای شتێکی کردبا بۆم دەهێنا بەردەستی نازی زۆرم پێی دابو دایکی کورەکە دڵنەوایی پیاوەکەی دەدایەوەو دەی گووت خەتای ئێمەی تێدابوو بەلاّم ڕەوشتی خۆی جوان نەبوو هەر لەمنداڵی سەر سەخت بوو گوێڕایەڵ و ئاقڵ نەبوو، والەخۆت مەکە تۆ خۆت نەخۆشی دەترسم شتێکت لێبێ هەر دەگریان و ئەم قسانە یان دەکرد ،دوای سێ چوار ڕۆژ شەوێکی درەنگ لە حەوشەکە چرپەیەك هات باوك لە پەنجەرە سەیری دەرەوەی کرد بینی کوڕەکەیەتی لە دەرگای نەداوەو لەسەر دیوارەکە هاتۆتە حەوشەکە بە ڕاکردن چوبۆلای و گوتی: ئەوە بۆ وات کرد تۆ لەچیت کەم بوو بۆ ئابروت بردین ، کوڕەکە بەتوڕەیی بە باوکی گوت کاتی ئەم قسانە نیە ئێستا تۆ چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە چی بکەم، ئەویش گوتی کات درەنگە وەرە بچینە ژورەوە تۆزێك بخەوە دوایی چارەیەکی بۆ دەدۆزینەوە،بەقسەی خۆش بردی بۆ ژورەوە لە لای دانیشت تا خەوی لێکەوت چوو بۆ ژورەکەی ترو دایکی

کوڕەکەی بانگ کرد چاوت لێبێ ڕانەکات ئێستا دەچم پۆلیس ئاگاداردەکەمەوە من ناتوانم هیچیتر لەسەر ئەم کردارانەی بێدەنگ بم،دایکی کوڕەکە ووتی وامەکە بەدەستی خۆت کوڕەکەت لە زیندان مەکە دوایی پەشیمان دەبیتەوە ، ئەویش گوتی لەچی پەشیمان دەبمەوە من لە ڕابردوم پەشیمانم .

پۆلیس هات قۆڵبەستیان کرد،باوکە گوتی کوڕم ئەو دەرسەی کەمن نەمتوانی فێرتی بکەم با زەمانەفێرت بکات با ڕۆژگارەکان و ناخۆشی و تاڵی ژیان فێرت بکەن ، تۆ دەبێ هەر باجەکەی بدەیتەولە خراپەکان کە کردوتە من ڕازیم بە هەرجۆرە سزایەك کە بۆتی دادەنێن بەڵکو تاوانەکانت کەم بێتەوە بۆ ژیانەکەی تر بەلاّم کوڕم تەنهالەوە پەشیمانم کەنەمتوانی بە جوانی پەروەردەت بکەم وە هەتا دەمرم هەر ئاخی ئەمە هەڵدەکێشم ئایا هەڵەی من لەکوێ بوو لە پەروەردە کردنت:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ۚ وَإِن تَعْفُواْ وَتَصْفَحُواْ وَتَغْفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ صدق الله العظيم {التغابن}

واتا: {ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە(جاری واهەیە)هاوسەرانتان وڕۆڵەو نەوەکانتان دژایەتیتان دەکەن،ئێوە وریابن لەهەڵس وکەوتنتان لەگەڵیاندا،جائەگەر لێیان خۆش بن وچاوپۆشیان لێ بکەن ولێبوردەبن ، ئەوە باش بزانن خوا زۆر لێخۆشبووە وزۆریش میهرەبانە}ت.ئاسان.

پیاوێکی پەك کەوتە وکورەکەی

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ صدق الله العظيم ﴿الاسرا﴾

واتا {باڵی میهرەبانی خۆتیان بەسەردا بکێشەو ملکەچ بەبۆیان،(نزابکەو)بڵێ: پەروەردگارارەحمیان پێ بکەومیهرەبان بەبۆیان هەر وەك چۆن ئەوان منیان پەروەردە کردووە بە بچووکی ومندالی}ت.ئاسان

لەم بەسەرهاتە باسی گەنجێك دەکەین کە پێنج براو سێ خوشکی هەبوو.ناوی ع . بوو لەخوشك و برایەکانی بچوکتربوو لەگەڵ دایك وباوکی دەژیا.چونکە براکانی ژنیان هێنابوو خوشکەکانی شویان کردبوو .

ع خوێندکاری کۆلێژ بوو. کەدەگەڕاوە بۆماڵ یارمەتی دایکی دەدا لەکاری ماڵ چونکە ماوەی دووساڵ بوو باوکی (جەڵتە)لێدابوو لەدەستوو قاچ کەوتبوو دایکیشی بەتەمەن بوو پێویستی بەیارمتی بو نەخۆشی دڵ و چەندین نەخۆشی تری هەبوو، بەلام ئەوەی کە ع چاوەڕێ نەدەکرد ڕوویدا ئەویش مردنی دایکی بوو دوای ماوەیەکی کەم خوشك وبراکانی هەمویان چونەوە بۆماڵی خۆیان . ع وباوکیان جێهێشت. ئەو گەنجە ئاگاداری باوکی بوو نەیتوانی چەندمانگیك بچێ بۆ خوێندن ، ڕۆژێك یەکێك لەبرایەکانی هات ع گووتی ؟براگیان ئەگەر ئەوهابێت خوێندنم پێ تەواو ناکرێ من ئەمساڵ و ساڵێکی ترم ماوە،بەخۆشتان باش دەزانن ناتوانم باوکمان بەجێ بێڵم لە بەیانی تا دوای نیوەڕۆ زۆر جار وایە دەگاتە دوای عەسر من ناگەڕیمەوە .یارمەتیم بدەن ئەم ماوەیە تاخوێندنم تەواو دەبێت.هەر یەکێك لەئێوە با یەك دوومانگ

بیباتـە لای خـۆی تکاتـان لێدەکـەم .ئـەویش گـوتی باشـە بـەیانی دێمـەوە لات"ڕۆیشت چەند ڕۆژێکی پێچوو دوای هاتەوە گوتی باشە لەگەڵ خۆم دەیبەم هەنـدێك جلوبـەرگی ئامادەکـە بیخـەرە ناوئۆتۆمبێلەکـەم زووکـە، ع زۆری پێخۆشبو ئەو هەڵویستەی براکەی زۆرسوپاسی کرد!.چەند ڕۆژێکی پێچوو زۆر بیری باوکە پەکەوتەکەی کرد گووتی ئەمڕۆ دەچم بۆدیتنی.

چوو بۆمـاڵی براکـەی سـەلامی کـردوو دانیـشت زۆرچـاوی گێـرا بـاوکی نـەدیت سەیری کرد براکەی وبراژنەکەی هەر سەیری یەکتری دەکەن .گووتی؟کوا باوکم لەکامە ژووره چیبوه بو ئاوا سەیری یەکتری دەکەن ودەنـگ ناکەن هەسـتایەوەو لەژوورەکان بەدوای گەڕا بەلاًم لەهیچ شـوێنێك نـەبو ع هـاواری کـرد؟ کـوا بـاوکم شتێکی لێبەسەر هاتوو!براکەی دەستی کردە ملی و بـردی بـۆ حەوشـەکە گـوتی بەخوا باوکت هیـچی لینـەهاتوو بـەلاًم دوو ڕۆژ لـەلامان بـو خێزانەکـەم نـەیتوانی بەتەنها ئاگاداری بێت بەخۆشت دەزانی من لەماڵەوە نـیم کـاتم کـەمـە . ع گـووتی ئێستا لە کوێیە؟ ئەویش گووتی. پێش چوار ڕۆژ بردم بۆ ماڵی ( )برامان .

بـەزوویی چـوو بـۆ مـاڵی براکـەی تـری سـەلامی کـردو چـو بـۆ ژوورو چـاوی گـێڕا دیـتی براکـەو براژنەکـەی هـەر وەك ئـەوانی تـر سـەیری یـەکتر دەکـەن براکـەی ویستی قسە بکات ع گووتی (دەزانم خۆت ماندوو مەکە.باوکم هیـچی لێنـەهاتوە بـەلاًم خێزانەکـەت نـاتوانێ بەتـەنها ئاگـاداری بێـت دەشـزانم تـۆ کاتـت نەیـە یارمەتی بدەی)ئێستاش پێم بڵـێ باوکمت بۆ کـوێ بـرد. گـووتی بـردم بـۆ مـاڵی بـرات( ) دیـسان ملـی ڕێ گرتـوو چـوو بـۆ مـاڵی ئـەوان زۆر تـوڕە ببـو بـەقایم لـە دەرگایـدا دەرگایـان کـردەوە لـە گـەڵ سـەلام کـردن گـووتی بـاوکم ئامـادە بکـەن لەگەڵ خۆم دەیبەمەوە. براکەی گوتی ئەوە تۆ چی دەڵی (ع) !

(ع) گووتی هەر ئەوەی بیستت .

براکەی گوتی لەبەر چی باوکم هێشتا (٢٤) کات ژمێرە لەلامانە!

(ع) گووتی ئەمڕۆ بیبەمەوە باشترە نەوەك بەیانی تۆش بیبەیتە لای براکەی ترمان

براکەی گووتی من پێش نیارێکم هەیە بیبە بۆ ماڵی خوشکمان ( )

(ع) گووتی ئەگەر ئێوە دەسەلاتتان نەبێ بەسەر خێزانەکانتان باشە چۆن خوشکەکانتان دەتوانن پیاوەکانیان ڕازیبکەن ها.! من ئەو کارە ناکەم باوکم دەبەمەوە لای خۆم هەر بەخۆم بەخێوی دەکەم و ئاگاداری دەبم برام باوکم ئەرکی ئەوەندەی لەسەرمانە پاداشتی هەندێك لە چاکەکان بدەینەوە وایە یان نا برا گیان باوکمان لەسەرەتاوە هەر وانەبوە هەمووتەمەنی خۆی لەپێناو ئێمە دانا.

(ع) باوکی بردەوە لەگەڵ خۆی. وازی لەخوێندن هێناو هەموو کاتی بۆ باوکی تەرخان کرد. باوکی تەواو بێزەوەر ببو ڕۆژانە چەند جارێك پاکی دەکردەوە جلەکانی دەگۆڕی وسەری دەشوشت وخواردنی بۆئامادە دەکردو لەدەمی دەنا. لەمنداڵی ساوا زۆر بەئەرکتربوو. براکانی بەچەند مانگ ئەگەر بهاتبان بۆ دیدەنی . بەلام خوشکەکانی هەفتەی یەکێکیان دەهاتن یارمەتیان دەداو نانیان بۆ دەکردن. زۆرجار پێیان دەگوت بۆخۆت ژن بێنە یارمەتیت دەدات کارەکانت هەندێك لەسەر کەم دەکاتەوە ، (ع) دەیگوت ژن ناهێنم چونکە ڕۆژێك دادێت بێزاری دەردەبڕێ بەرانبەر باوکم منیش هیچ کات بەوە ڕازی نابم .لەیادمە ڕۆژێك نەخۆش کەوتم ئەوکات منداڵ بوم تەمەنم هەشت ساڵان بوو باوکم منی لەباوەش گرتوو چەند جێگای بەمنکرد بۆچارەسەرم . دکتۆر و چاك ومەلا..هتد.تا چاك بومەوە ، بەوجۆرە باوکی خزمەت کرد شەش ساڵی تەواو

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ﴿٥٤﴾ صدق الله العظيم

﴿الروم﴾

واتا {خوا ئەو زاتەیە کەئێوەی بەلاوازی دروستکردوە(لەسەرەتانوتفەیەکی لاوازن،دوای وەك دیل لەسکی دایکدا، هەرلاوازیت) لەوەودوا لەسەردەمی(لاویەتیدا،خوا) هێزودەسەلآتێك دەبەخشێت،دوای هێزوتوانا نۆرەی لاوازی وپیری دێت،هەرچی بوێت دروستی دەکات،بێگومان ئەو(پەروەردگارە)زۆر زاناو زۆر بەتوانایە} ت.ئاسان.

بابەتی دووەم
بۆچی گەڕاینەوە بۆ سەردەمی نەزانی

(لماذا رجعنا الى عصر الجاهلية)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٧﴾ صدق الله العظيم

﴿الاعراف﴾

واتا: {ئەی نەوەی ئادەم: شەیتان،ئێوەش لەخشتەنەبات هەروەك باوانتانی لەخشتە بردو لەبەهەشتدا بەدەرکردنی دان، خۆی دەستی کردبە داماڵینی پۆشاکەکانیان تاعەیب وعاریان پیشانی یەکتر بدات،بێگومان شەیتان ودارودەستەی،ئێوە دەبینن، بەلاّم ئێوە ئەوان نابینن، جادڵنیابن کەئێمە شەیتانەکانمان کردوە بەیارو یاوەری ئەوانەی کەباوەڕ ناهێنن}ت.ئاسان

لەبەر چی گەڕاینەوە سەردەمی نەزانی؟ چیە ئەوەی وای لێکردووین بەرە بەرە بەرگی حەیاو شەرم دانێن و پەردەی خۆشەویستی بەینی خۆمان وخوای گەورە بپچڕێنین،دەزانین ڕێگایەکی چەوتە بەلاّم فریوی هاوڕێی خراپ و بنەمایەکی ناتەواو وکەناڵی خراپ و..هتد،

فریودانی شەیتان ووردە بەووردەیە لەسەرەتا بەهۆی هاوڕێی خراپ و نزیك وباوەڕپێکراو توش دێ یت. کاتێك دەڵێت تۆبەڕاستی زۆر جوانی چۆن تەمەنی گەنجیت بەفیڕۆ دەدەیت ئەوکاتانەی دەڕوات دووبارە نابێتەوە.ئەو لەچکە

داکەنە ئەو قژە جوانەت بۆداپۆشیوە ئەم قەدو بالأیەت هەر لەو جلە جوانانە دێت ئەم جوبەیە چیە لەبەرتکردوە .درۆیەکی بچووك هیچ نیە تەماشا کردن و نەزەر چیە تۆگەنجی وابکە و وابکە هەڵەی بچووکە گەورە دەبێت کاتێك بەئاگادییت کەکاتەکە بەسەر چووە و هەلی چاکردنەوەی هەڵەکان نەماوە!. باس کردنی ئەو بابەتە زۆر دڵم تەنگ دەکات .کاتێك دەبینم زۆر لەگەنجەکانی ئەوسەردەمە فریوی دەستی شەیتان بوونە زۆر بەداخم .

ئەنەس کوڕی مالیك ڕەزای خوای لێبێ لەپێغەمبەرەوە صلی لله علیەوسلم بۆمان دەگێڕێتەوە کەدەفەرموێ(لەنیشانەکانی نزیکبوونەوەی ڕۆژی دوایی زانست وزانیاری نامێنێ نەزانی دەردەکەوێت.زیناو داوێن پیسی بلأو دەبێتەوە مەیی بەئاشکرای دەخورێتەوە ژنان ژمارەیان زیاتر دەبێت لەپیاوان تاوای لێدێت بەپەنجا ژن یەك سەرپەرشت کاریان دەبێت)صحیح مسلم ص٩٢١ هەموومان دەزانین سەردەمی نەزانی چۆن بوو بەلأم ئیستا دوای ئەوهەموو پێشکەوتنەی کە ڕۆژانە بەچاوانی خۆمان دەیبینین لە تەکنەلوجیا: لەئامیرەکان لە بیناکان لە...هتد !.

ئەگەر بەوردی باسی ئەم هەموو ئامێرو داهاتانە بکەین چەند لاپەڕەیەکی دەوێ. باسەکەی ئێمە دەربارەی ئەوانە نیە تەنها دەڵێم دوای ئەم هەموو ئاسان کاریە بۆچی گەراینەوە بەڕفتارو کردارمان بۆ دواوە بۆ؟هیچ کات پێشکەوتنی ئەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە ڕووتی و نەفامی و نەزانی و درۆ و رق وکین هەڵگرتن بەرامبەر یەکتری و حەسودی و خیانەت کردن نەبووە و نابی. لەنێوان مرۆڤەکان بەتایبەتی ئەوانەی لەناسنامەیان نوسراوە(مسلم)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ صدق الله العظيم ﴿الحجر﴾

واتا {ئیبلیس(بەبوغزوکینەو حەسادەتەوە) ووتی :پەروەردگارا، مادام بەهۆی(ئینسانەوە)منت سەرلێشێواوکرد، شەرت بێ لەزەویدا (هەموو گوناه ولادان وتاوانێکیان)لاجوان وشیرین بکەم وەهەمویان سەرلێشێواو سەرگەردان بکەم،} {جگە لەبەندە دڵسۆزەکانی خۆت نەبێ (چونکە دڵیان بەباوەڕبەتۆ ویادی تۆ ئاوەدانە، هەوڵ و کۆششی من بۆ وێڵکردنیان ئاکامە}ت،ئا.

ئەگەر ئەوە قسەی شەیتان بێت بەخۆی دەڵێ من توانام نیە بەسەر ئەوانەی کەباوەڕی تەواو جێگیریان هەیە، بۆ ئێمە لەوانە نەبین، لەسەرەتاوە دەڵێم ئێمە ئامێریکمان لەماڵی خۆمان داناوە لەو٢٤ کاتژمێرەی شەوو ڕۆژمان نیوەی کاتەکانمان لەگەڵ ئەوبەسەر دەبەین ئەویش تەلەفیزیۆنە لەسەدا بیست ئەگەر کەناڵە بەسودەکان سەیرکەین.ئایائەوانی تریش خزموو ناسیاوی ئێمەنین مۆدیلات و رەفتار و کرداری ناشایستەی لێهەڵدەگرنەوە،. من وەك ئافرەتێك کەدەچم بۆ بازاڕ بۆشت کرین هیچ کات ئەوشتومەکە ناکڕم کەسەری والأبێت چونکە دوو دڵم لەپاك وخاوێنی . برای بەڕێزم هەست بەچی دەکەی کاتێك دەستی خێزانەکەت گرتووە پانتۆڵێکی تەسکی لەبەر دایە یان تەنورەکەی تائەژنۆیەتی فەتحەیەکی سێ سانتیمی لەدواوە کراوەتەوە پرچی بەڕەلأکردوە.؟پرسیاریك بەڕێزم ئایا؟ کەتەماشاکردنی و خۆ ڕازاندنەوەی وجوانی ولارولەنجەی خێزانت بۆ چاو تێرکردنی هەندێك کەسی نەفس نزم بێت تۆ چیت بۆ ماوەتەوە کە شانازی پێوە بکەیت . کوا سەردەمی باو باپیرانمان چیلێهات بۆ وون بوو لەگەڵ هاتنی ئەو شەیتانە بۆ ماڵەکان بەوەش نەوەستاین

شتیی تریشمان بۆزیاد کرد ئەویش سەتەلایت وئەنتەرنێت ومۆبایل وهتد. .
ڕێز نەما تەبای نەما خۆشەویستی ناو خێزان لەبەین چوو من لەگەڵ ئەوە نیم کەهەرنەمێنێ چونکە کاری زۆرباشی پێدەکرێت بەلاَم کارە خراپەکانی زیاترە،ئێستائەگەر هەرماڵیك تەلەفزیۆنی نەبێ پێیان دەڵێن دواکەوتوو،

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ صدق الله العظيم {الحجر}

واتا {جگە لەبەندە دڵسۆزەکانی خۆت نەبێ(چونکەدڵیان بەباوەڕ بەتۆ ویادی تۆ ئاوەدانە،هەوڵ وکۆششی من بۆ وێڵکردنیان ئاکامە}ت.ئاسان.
ئەم ئایەتە باسی باوەڕداران دەکات کەفریوی دەستی شەیتان نابن (چەند سەدساڵە ئەم ئایەتە بۆخۆشەویستمان دابەزیوە ،زیاتربیری لێ بکەینەوە وادەزانین ئەم ئایەتانە لەبەر ئێمەوبۆسەردەمی ئێمەدابەزیووە، پێغەمبەرمان دەفەرموێ(پەلەبکەن لەکاروو کردەوەی باش پێش ئەوەی چوونە نێیو تاریکی. دامێن گیرتان بێت کەوای لێدیت بڕوادار بەیانی بڕوادارە ئێوارە بێ بڕوا ئاینی خۆی بەکەمێك ماڵ وسامانی دونیا دەفرۆشێت) صحیح مسلم ص١٠١٨ لەکۆنەوە خەڵك رووت بوون هیچیان نەدەزانی دەربارەی ژیان وجلوبەرگ رەخنەیان لینەدەگیرا چونکە جلیان نەبوو ئەگەر بیان بوایە لەبەریان دەکرد،دەزانن ئەگەر ئێمە لەسەردەمی ئەوان ژیابایین چۆن دەبوین،وەئەگەر ئەوانەی سەردەمی نەزانی لەسەردەمی ئێمە ژیابونایە چیان دەکرد هەر بیریان لەڕوتی دەکردەوە یان بیریان لەبەرەو پێش وەچوون دەکردەوە(کەوا هەوڵی ئەوان ئێمەی گەیاندە ئەو ڕۆژە، بەلاَم ئێستا لەبەر مۆدێلات نازانن چ لەبەربکەن بۆیە گەڕاینەوە بۆ ڕووتی وسەردەمی کۆن. ئافرەتێکی بەناو موسڵمان لەگەڵ

ئافرەتێکی غیرەدین ڕادەگرین لەلای یەك ئەوکات پرسیارێك لەخۆتان بکەن ؟ ئایا کامەیان خۆشەویستە لەلای خوداوخۆشەویستەکەی،ئایا؟ لەیەکترین جیادەکەیتەوە؟!هەروەها گەنجەکانمان چۆن جیا دەکرێنەوە لەغیرەدین؟ ئایا جیا دەکرێنەوە بەچی؟!بۆئەوان جلی وەك ئێمە لەبەرناکەن؟ هەر لەبەر ئەوەنیە کەوا ئەمە دەستووری خۆیانە. ئەی کوانی دەستووری ئێمەی موسڵمان چی لێهات بۆ گۆڕا؟بۆ بەسووك وئاسانی دەستورو عادات وڕەوشت وکردارەکانتان دەگۆڕن!.

ئەبوو هورێرە لە.پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە دەفەرموی (دووجۆر لە خەڵکی هەن دەچنە دۆزەخ کەنەمدیون:خەڵکانێك کەقامچیان پێیە هەر وەك کلکی مانگا لە خەڵکی دەدەن . دووەم ئافرەتانی کە پۆشاکیان لەبەر دایە بەڵام ڕووتن قژیان وەك کۆپارەی حوشتر بەرزکردۆتەوە ئەوانە نەدەچنە بەهەشت نەبۆنیشی دەکەن لەکاتێك بۆنی ئەوەندەو ئەوەندە دەڕوات)صحیح مسلم

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

﴿إِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٣﴾ صدق الله العظيم ﴿الحجر﴾

واتا {بێگومان دۆزەخ شوێنی هەر هەموویانە}ت.ئاسان

ئازیزم ئەوەی تۆ بەباشی دەزانی لەڕاستیدا زۆر قێزەوەرە ئەگەر بەووردی وزیرەکی سەیری بکەی بڕوابکە ؟زۆران لەکوڕو کچانی موسڵمان بوون بەمەسیحی هەڵگەڕانەوە لەدینەپاکەکەمان بەهۆی هاوڕیی خراپ وکەناڵی خراپ وخێزان وکومەڵگای ناتێگەیشتوو. باوەشی موسڵمان هەردەم واڵایە بۆهەموو دیانەتێك کەدەگەڕی بەدوای ڕێگای ڕاست ، بەڵام ئەگەر مەسیحیەك موسڵمان بێت بنەماڵەو کەس وکاری دەیکوژن لەبەرئەوەی بەدڵ وگیان پارێزگاری لەئاینەکەیان دەکەن، ڕوهبانیان زۆر تووڕە دەبن ئەگەر بڵێن ماڵ ومنداڵت چۆنە؟دەڵێن جوێنمان پێی دەدەن ئێمە چۆن ژن دەهێنین وخێزان پێك دەێنین،

بەلأم نعوزوبلله. دەڵێن خوای گەورە خاوەن خێزانە دەڵێن عیسی کوڕی خوایە، ئێمە پێمان دەڵێن موسڵمان بەلأم هیچ ڕەفتارمان وکردارمان بەموسڵمان ناچێ ، چۆن موسوڵمان بەقسەیەك بەگۆرانیەك بەدرۆیك بەبچوکترین شت فریوو دەخوات ودەگۆرێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆجێگیر نەبوونی ئیمان لەدڵەکان، دەگەڕێتەوە بۆزاڵبوونی شەیتان بەسەربیروو باوەڕەکان .ئەگەر واباس دەکەم بۆخۆم نیە چونکە من ناچمەگۆڕی تۆ تۆش ناچیتەگۆڕەکەی من کردەوەی خۆم بۆ خۆم کردەوەی خۆت بۆ خۆت لەبیرمان نەچی خودای گەورە چی دەفەرموی

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ صدق الله العظيم

﴿الجمعة﴾

واتا: {پێ یان بڵێ ئەی پێغەمبەری خوا،بەڕاستی ئەومردنەی کەوا ڕادەکەن لەدەستی هەریەخەتان پێ دەگرێ لەوەو دوایش دەگەڕێنەوە بۆلای کەسێك کەزانایە بەنهێنی وئاشکرا، ئەوسا لەهەواڵ و(دەرئەنجامی)کارو کردەوەکانتان ئاگادارتان دەکات، (پاداشت بەرامبەر ئیمان وکرار دەبێت).}ت.ئاسان. بەرلەوەی ئەوکات بێت ئێستا ئەو پرسیارە با لەخۆمان بکەین چیمان کردوە لەو کاتانەی کەلە دەستمان چوە چیمان ئامادە کردوە بۆ داهاتومان قوتابی ژێر خۆی ماندوو دەکات بۆ گەیشتن بەنمرەی باش .لەکاتی وەرگرتنەوەی کارت و پلەی گەیشتنی دڵی زۆر بەخێرای لیدەدات .زۆر دڵخۆش دەبی کاتێك مامۆستاکەی ناوی بانگ دەکات فلأن دەرچوو بە نایابترین نمرە .مامۆستاکان شانازی بەم خوێندکارە دەکەن . ماندوبونێکی زۆر بۆ ناوداربون بۆڕێزلێنانی بنەماڵەکەت بۆژیانێکی خۆش بۆ خۆهەڵکیشان بۆ ..هتد ژیانی ئادەمیزاد

خوێندنەو دەرچونە بەلاَم لەپۆلێك نیە بۆ پۆلێك بەلَکو دەرچونە بە نمرەی باش لەدونیا بۆ ئاخیرەت بۆبەهەشت یان بە نمرەی خراپ بۆ جەهەنەم خودا پەنامان بدا ،تا بتوانین با بەسەر بەرزی بژین و بەشانازیوو بەختەوەری بمرین.

﴿ بسم الله الرحمن الرحیم ﴾

وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ صدق الله العظیم ﴿الزمر﴾

واتا {دلَتان لای خودابێت وبگەڕێنەوەبۆلای پەروەردگارتان وتەسلیمی ئەو بن(لەهەموو ژیانتان) پێش ئەوەی سزای خوا یەختەتان بگرێت لەوەودواش سەرکەوت ونابن وکەس نابێ بەرگریتان لێ بکات}ت. ئاسان.

کچەکەی کۆلێژ

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾

صدق الله العظيم ﴿الحجر﴾

واتا: {بەڕاستی بەندە(چاك وپاكەكانی من)بەتۆ فریو نادرێن، وەتۆ دەسەڵاتت نیە بەسەریاندا، جگەلەوانەی كە سەركەش ویاخی وسەرگەردانن و(گوێ لەمستی تۆ دەبن)}ت،ئا.

لەساڵەكانی ٧٠ كچێك دەیخوێند لەكۆلێژ ناوی (س) بوو زۆر ژیر بوو هەمووساڵێك نمرەی بەرزی بەدەست دەهێنا هەر لەیەكی سەرەتای،مامۆستاكانی ڕێزیان لێدەگرتوو زۆریان خۆش دەویست زۆر جوان بوو بەلاّم جوانی ئەم كچە كەس نەیدیبوو تەنها ماڵەوەیان نەبێ حیجابی لەبەر دەكردو ڕووپۆشی بەسەرەوەبوو تەنها دوو چاوەكانی دیاربوو . لەگەڵ خوێندكارانی هاوڕێی زۆر قسەخۆش بوو لەلای هەموان خۆشەویست بوو.

ڕۆژێكیان.(س)دەگەڕایەوە بۆماڵ لەڕێگا كوڕیكی توش بوو پێگوت دەتوانم قسەت لەگەڵ بكەم. س. ڕانەوەستا و ڕۆیی. ڕۆژی دوای دیسان هەمان گەنج هاتەوە سەر ڕێگای گوتی دەبێت قسەت لەگەڵ بكەم .س .گووتی چۆن لەسەر ڕێگام دەوەستی تۆ ئابروت نیە ئەویش گوتی تەنها دوو قسەم لایە دەمەوێت پێتی بڵێم .س گوتی قسەی چیت لایە زوو بیكەو بابڕۆم گەنجەكە لەناكاو گوتی(تۆم خۆشدەوێت) (س) زۆر بەم قسەیە دڵ پەست بوو هیچ ڕانەوەستا بەزووی ڕۆیشت.بەلاّم ئەوەی ڕویدا سەیربوو گەنجەكە بۆجارێكی تر ڕیگای لەكچەكە گرتوو .گووتی من ناهێڵم تۆ بڕۆی تا گوێم بۆ نەگری من بەڕاستی تۆم خۆش دەوێ من نیەتی خراپم نیە دێم بۆ خوازبێنیت تەنها ئەگەر تۆ ڕازیبی،(س)گوتی تۆ گەلێك سەیری تۆ من ناناسی منت نەبینیوە چۆن وادەڵیی

.گەنجەکە گووتی من ناوم(ح)دەرچوی کۆلێژم سێ ساڵە، ساڵی دوایم یەکەم ساڵی تۆبوو لەکۆلێژ بۆیە یەکتریمان نەناسی بەڵام من لەو کاتەوە ئاگاداری تۆم تۆ کچێکی زۆر بەڕێزو جوانی بۆیە ناتوانم دەرت بێنم لەدڵم.(س) گوتی چۆن زانیت جوانم من هەردەم سەرپۆشم لەسەرە هاوڕێکانیشم روخساری منیان نەبینیوە تۆ چوزانی لەژێر ئەم ڕوپۆشە روخسارێکی جوانم هەیە نابێت من لەبەر ئەوەی شێوەم ناشیرین و ناڕیك بێت ئاوام کردبێت و نەوەك لەبەر ترسی خودا خۆم پۆشیوە (ح)گوتی ئەوەی من بزانم روخسارت وەك مانگ جوانە هیچ لەوە دوور دڵ نیم لەچاوە جوانەکانت ئەوە دەبینم ئەو چاوە گەش وجوانانە بڕواناکەم درۆ بزانن وانیە؟(س)کە ئەوەی بیست هەوموو گیانی هاتە لەرزین و گووتی ناونیشانی خۆتم بدەیی بەیانی وەڵامت دەدەمەوە.(ح)کە گەڕایەوە بۆماڵ لەخۆشیان هەڵدەپەڕی وگۆرانی دەگوت، ئەو شەوە چاوەکانی نەچووە خەو هەر دەیگوت پاش ئەم هەموو چاوەڕوانیە وترسان ودڵە ڕاوکێی یە ونەوێرانم بۆقسە لەگەڵ کردنی تەنها چەند سعاتێك ماوە تا کۆتای بە ئازارەکانم بێت وە لەناخۆشی ڕزگارم دەبێت، بەیانی لەدەرگای ماڵی کوڕەکە درا دایکی دەرگای کردەوە گووتی (ح)کوڕم بانگت دەکەن .ئەویش بەپاکردن خۆی گەیاندە لای دەرگە گەنجێکی دیت زەرفیکی نامەو کارتۆنیکی بچووکی لەدەست بوو گووتی تۆ فلانی(ح)گووتی بەڵی، ئەویش هەناسەیەکی هەڵکێشاو گووتی من برای(س)نم. فەرموو ئەمە خوشکم بۆی ناردوویی گووتی ئەمە وەڵامەکەمە .دوای ڕۆیشت .(ح)هاتە ژوور لە خۆشییان قاچەکانی هەڵی نەدەگرتن واهەستی دەکرد دەفڕی . نامەکەو کارتۆنەکەی لەبەرامبەر خۆی دانابوو لەسەر مێزێك هەر چەند دڵی نەدەهات بیکاتەوە لەدڵی خۆیدا دەیگووت دەترسم ڕازی نەبێ ؟ ئەگەر نوسرابوو ڕازیم ؟بۆدڵم خورتە خورت دەکات ؟ئەی براکەی بۆ واحادز وغەمبار دیاربوو؟ چەندەها بۆچونی بۆهات چەند کاتژمێرێك بەدیاریەوە دانیشت. دوای نامەکەی کردەوە نوسراوە(بسم اللەالرحمان

الـرحيم)لەكەسـێك كـەغافلْ بـوو لـەخودا چـەند سـاڵێك. بـۆ بەئاگاهێنـەرم وماموٚسـتام.! سوپاسـت دەكـەم بـۆ ئـەو كـارە باشـەی تـۆ لەگـەڵ منـت كـرد ئەوكارەی تۆ تەنها من دەزانم چەندە بەنرخە كە ناتوانم پاداشتەكەت بدەمەوە هـەر خـودای گـەورە خـۆی پاداشـتت بداتـەوە. مـن ئـەو نامـەی كـەبۆتـۆم ناردووە پێش ئەوەی بگاتە دەستت ئەندامانی خێزانەكەم خوێندویەتیانەوە .چونكە ئەو كـارەی مـن پێـی هەڵدەسـتم پەیوەنـدی بـەتۆوە نیـە بـەڵكو تـۆ تـەنها ئاگـادار كەرەوەیـەك بـووی كـە خـودا بـۆمی نـارد تـۆ عاشـقی چاوەكانم بـوی واتـە مـن تاوانیكم كردیەو لی بیْ ئاگام تۆخەبەرت كردمەوە . ئاخ بۆمن چەندان كەسی تـریش چـاوی منیـان پێـی جـوان بـووە بـەلاّم دەنگیـان نـەكردوە مـن هەڵـە بـووم دەبوایە چۆن بالاّم پۆشی چاویشم داپۆشیبا(ح)تۆ موعجیب بوی بەچاوەكانم فەرمووئەوەش چاوە كانم).

لەوكاتە. (ح) زوو سەیری ناو كارتونەكەی كرد هەردوو چاوەكانی(س)تێدابوو پڕبەدەنگی هـاواری كـرد (نـا شـتی وانـابی)ئەوانی مـاڵی هـەموو ڕایـان كـرد.(ح) چـیبوە هیـچی پێنـەگوترا ڕایكـرد بـەرەو مـاڵی(س)گەیـشتە سـەری كـۆلاّن قەرەباڵغی دیـت نزیـك بـۆوە دیـتی خـەریكن تـەرمی.(س)دەخەنـە نـاو سـەیارە. كەوتـە سـەر زەوی بـاوك و بـرای. (س) هـەڵیان گـرت لەگـەڵخۆیان بردیـان بـۆ گۆرستان ، كەبەهۆش خۆی هاتەوە دیتی ناشتویانە دەگریاو بەهەردوو دەستی لەسـەری خـۆی دەدا دەیگـوت مـن كوشـتم سـزام بـدەن مـن تـاوان بـارم بمكوژن.خەڵكەكە هەموی ڕۆیشتن دەیانگووت وەرە لەگەڵمان دەیگوت جێم بێڵن باتـەنهابم دوو ڕۆژوو دوو شـەو گۆڕەكـەی جێنەهێـشت وهـەر دەگریـاو هـاواری دەكرد.لەپڕیك یەكیك دەستی لەسەر شانی داناو گووتی هەستەوە؟ سەری بڵند كرد پیاوێكی بینی گووتی من باوكی((س))من لەخەو ئەوم بینی لەجێگایەكی زۆر خۆش بوو پێگووتم سەیركە جێگام چەندە خۆشە گووتی سوپاسی (ح)بكە مـن لەبـەر ئـەو كـردارەی ئـەوكردی لەگـەڵم ئـەم جێگایـە خۆشـەم بەنـسیب بـوو

پێبڵی هێچی تر هاوار نەکات ونەگریی. کەمێك دانیشت فرمێسکەکانی سڕیوو گووتی استغفرالله قەت ناتوانم لەبیری بکەم بەلاّم بەڵێن دەدەم لەسەر گۆرەکەت کەتا ماوم سەرم بڵند نەکەم خۆم وەك تۆ خاوێن وپاك ڕابگرم نەزەر نەکەم .

ئەوەی (س)کردی بەلای ئیوە چۆنە لەو بڕوایە دام هەندێکتان دەڵێن شێتیە !

هەندێکی تر دەڵێن جیهادە لەپێناوی خودا لەکاتیك ئەم شتە زۆر دەگمەنە!

ئەوەی منیش بۆی دەچم هەستکردنی(س)بەشەرمەزاری بەرامبەر خالقی چونکە بەجۆریك خۆشی دەویست کە کەم کەس هەیە لەومانایە تێبگات .

بۆچی لاتان سەیر نیە ئەگەر ببیستن یەکێك خۆی کوشتوە لەبەر نەبونی ماڵ وقەرز داری لەکاتێك عەبدی سامانە، یان کچێك خۆی دەسوتێنی لەبەر پەیوەندیەکی دۆڕاوو.

(عن ابی هریرە.ﷺ ،قال|قال رسول الله.ﷺ.الدنیا سجن المومن وجنە الکافر) صدق رسول الله

ابوهریرە.لەپێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕیتەوە دەفەرموی(دونیا بەندینخانەی بڕوادارە و بەهەشتی بێباوەڕانە) راستی فەرموە پێغەمبەری خودا.

دوو براکە بۆ وایان لێهات

﴿ بسم الله الرحمن الرحیم ﴾

وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٢٥﴾ صدق الله العظيم ﴿ الشورى ﴾

واتا: {هەر خوا خۆی پەشیمانی وتۆبەی بەندەکانی وەردەگرێت ،هەروەها چاوپۆشی دەکات لەهەڵەوگوناهەکانیان، وەبەوکاروکردەوانەش کەئەنجامی دەدەن دەزانێت وبەئاگایە}ت.ئاسان.

ئەو دووبرایە زۆر هۆگری یەکبوون لەلای یەك زۆر بەڕێز بوون لەهەموو کۆروو دانیشتن و سەردان و ڕوداویێك بەیەکەوە دیاربوون. کارگەیەکیان هەبوو بەیەکەوە کاریان تیادا دەکرد هەموو خزموو ناسیاوێك وجیرانەکان حەسودیان پێدەبردن. هەردوکیان خاوەن خێزان و ماڵ و منداڵ بوون لە یەکێك لەگەڕەکە خۆشەکانی نزیك بازاڕ دووخانوی گەورەیان دروست کردبوو هەروەك یەك . هیچ کات بێ یەکتر نەیاندەتوانی، ئێوارەیەك بەیەکەوە دانیشتبون منداڵە بچوکەکان یاریان دەکرد گەورەکانیش بەیەکەوە دەیان خوێند، براگەورەکە گووتی: بۆکچەکەت بەکوڕەکەم نادەی ئەویش گووتی بێ ئەوەی تۆ باسی بکەی من وام دانابوو بەڵام دوام خستبوو تاخوێندنیان تەواو دەکەن. دوای ماوەیەك ئەوبڕیارەی براکان لەسەری ڕێك کەوتبون بەمنداڵەکانیان ڕاگەیاند .

کوڕی برای گەورە ناوی(و)بوو تەمەنی(١٨)ساڵ بوو.

کچەکەش ناوی(ن)بوو تەمەنی (١٦)ساڵ بوو.

ئەوانیش ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا. دوای چەند ڕۆژێك لە ئاهەنگێکی خێزانی گەورەبەئامادە بوونی خزم و ناسیارو وهاوڕێ یانی هەموو لا ،کوڕە وکچەیان لەیەکترمارەکرد. ڕۆژەکان دەڕۆیشتن خۆشەویستی هەردوو بنەماڵە زیاتر دەبوو

بۆیەکتری، پاش دووسالْ لەمارەبڕینی (و)لەگەڵ(ن). ڕۆژێك برای گەورە بەبرا بچوکەکەی گووت تاکەی ئەم دووانە ڕابگرین وبەیەکیان شاد نەکەین؟ ئەویش گووتی بەلاّم ئێمە گوتمان دوای خوێندنیان ڕاستە کوڕەکەی تۆ خوێندنی تەواو کرد ئەی نابێ کچەکەی منیش خوێندن تەواو بکات باوکی(و)گووتی تۆ زۆر سەیری باخوێندنەکەی تەواو بکات لەماڵی ئێمە جیاوازی هەیە ماڵی من وماڵی تۆ. ئەویش گووتی برا گیان تا قسەی تۆ دەشکێنم ملی شەیتان دەشکێنم چۆنت پێ باشە با وابێ.

لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کاتەکەیان دەست نیشان کرد هەردوولا ئاهەنگیان بۆڕێك بخەن. هەمویان سەرقاڵ بوون خۆیان ئامادە دەکرد بۆئاهەنگەکە ڕۆژ هەروەك سعات تێپەڕدەبوو. بووبەڕۆژی چوارشەمە کەدەکا دووڕۆژ ماوە بۆ ئاهەنگەکە. بووك وزاوا لەگەڵ پوورریان چوون بۆ بازاڕ تا جلی بوکێنی بێنن ،لەبازاڕ پوریان هەندێك وردەواڵەی بەبیر هاتەوە کەدەبێ بیان کڕێت ،بۆیە ئەوان گەڕانەوە بۆماڵ کاتێك هاتنەوە کەس لەماڵ نەبوو هەریەك بۆلایك چوبون ئەوەی بۆ لای خەیات ئەوەی بۆ کەلوپەلی چێشت لینان ئەوەی چووبوو بۆ لای حەلاق ئەوەی چوبوو بۆ بازاڕ کەس لەماڵ نەمابوو(و)بە(ن)ی گووت بۆناچی جلەکانی بوکێنی کە هێنامان لەبەری بکەی بزانین چۆنە بۆت؟ئەویش چوو لەبەری کرد دەتگوت پەپولەیە باڵی بۆ لکاوە لەوکاتە (ن) زۆر جوانتر هاتەبەر چاوی (و)هەروەك* پێغەمبەر ﷺ.دەفەرموی دووکەس لەشوێنیك بن ئیلا شەیتان سێ هەمیانە*لە (ن)هاتە پێش وگووتی تۆ زۆر جوانی تائێستابەم جۆرەبەوردیسەیرم نەکردوی. ئەویش گەڕاوە دواوە گووتی دورکەوە (و)گووتی تۆ ئامۆزاو خۆشەویست و دەزگیران و مارەبڕی منی دوو ڕۆژی تریش ئەو دوریە نامێنی.شەیتان دڵی هەردوکیانی بۆ لای یەکتر ڕاکێشا کارێکی ناشایستەی پێکردن کەنەدەبوو بەهیچ جۆرێك ببێت .

ئەوکارەیان لای کەس باس نەکرد بەنهێنی لای خۆیان هڵگرت. هەڵنەکریت باشترە چونکە چاککردنەوەی زۆر زەحمەتە. ڕۆژی گواستنەوەیە هەموو کەس وکارو خزم وناسیاو هاتوون. لەهەموولایەك پیرۆزبای وشایی وچەپڵە لیدانە. چەشت لێنانە شیرینی گێرانە! بەلاّم بووك وزاوا زۆر دڵتەنگ بوون بەو کارە هەڵەیەی کە کردبویان دوو ڕۆژ پێش ئەو ڕۆژە.بووکیان برد بۆ ئارایشگا.

دوای چەند کاتژمێریك هەموو ئامادەبوون بچن بەدوای بووك لەئارایشگا بیهێننەوە(و)خەریك بوو بڕوات لەوکاتە دەنگی (موسەجیلەکە)نەما کەلەسەر دیوارەکە دایان نابوو گووتی دەچم بزانم چیبوو هاوڕی یەکانی گووتیان ئێمەدەچین گووتی هەربەخۆم شارەزاترم بەماڵی خۆم من دەچم؟!بەڕاکردن چوو بۆ ژوور ئەوانیش لەبەر دەرگا چاوەڕێیان دەکرد.بەینێکی پێچوو نەهات بانگیان کرد زووکە چیت کردبۆ دواکەوتی کردیان بەپێکەنین گووتیان خەوتوی بێین خەبەرت بکەینەوە. نەهاتەوە نەدەنگی موسەجیلەکەش گەڕایەوە. چوون بۆ ژوور سەیر دەکەن کارەبا لیی داوە لەسەر زەوی کەوتووە بانگیان کرد بەلاّم ئەوگیانی لەدەست دابوو (مردبوو) کەس بەخەیاڵیشی دانەدەهات ئەوەڕووبدات بەلاّم خودای گەورە دەفەرمووی. کاتێك هەجەل هات نەسعاتیك دوا دەکەوی ونەپێش دەکەوی)ڕاستی فەرموە پەروەردگار. (و)کارەبا کوشتی . بەیەك چاوترووکان خۆشی و شادی بوو بە شین وگریان.بەلاّم لەهەموو کەسێك زیاتر کەهەستی بەدڵتەنگی ودڵ توندی دەکرد (ن)بوو کەزۆر دەگریا تا دەبورایەوە.چونکە ئەوەی کەئەو دەیزانی کەس نەیدەزانی سێ مانگ دوای مردنی(و) (ن)زۆرنەخۆش کەوت بردیان بۆ لای دکتۆر:دوای تاقیگەو پشکنین دەرچوو کە(حامیلەیە)د.گووتی زگی هەیە. هەردووبنەماڵە دانیشتن بۆئەوەی لەسەرئەم بابەتە نوێیە بدوێن(ن)گووتی ئەمە لەو ڕۆژە رویدا کەچوین جلکی بوکێنیمان هێنا ئەوە ڕاستیەکەیە . مامی گووتی چۆن بڕوابکەم کێ دەڵی کوڕی من ڕاستی تۆی نەزانیوە کەتۆناپاك بووی شایستەی ئەوە نەبوی ببی

بەهاوسەری لەبەرئەوە خۆی نەكوشتوە ئێمەی بێ ئەقڵیش هەر لەسەر ئەو خەیاڵەین كەوا كارەبا گرتویەتی !.(ن)چوو قورئانی هێنا دەستی پێدادا گووتی ئەم خودایەی لەسەر سەرمانە دەزانی ئەو منداڵە حەرام نیە منداڵی(و)وە .بەڵام ئەو قسانە هیچی فایدەی نەبوو . كارەكە لەدەمەقاڵی دەرچوو بوو بەشەڕوهەرا. تاوای لێهات خەڵكیان كەوتە بەین(ڕاستە ئەومنداڵە حەرام نیە بەڵام نەعادات و نەكۆمەڵگا ئەوكارەپەسند ناكەن) یەك دووڕۆژێكی پێچووكات درەنگی شەوبوو لەگەڵ هاواری (ن)هەموو بەخەبەر هاتن سەیر دەكەن لەحەمامەكە دەرگای لەسەر خۆی قایم كردوەو ئاگری لەخۆی بەرداوە هەتا دەرگایان شكاند وكوژاندیانەوە لەڕێگای نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا. لەوكاتەوە دوو براكە ئەوهەموو خۆشەویستیەی كەهەیانبوو بۆیەكتری هەمووی بووبە دوژمنداری ورق وكینێ.هەردوكیان خانویان فرۆشت هەریەك بۆلایەك ڕۆیشتن.

بۆیە دەڵێم ئەوەی ڕوو دەدات لەم دونیایە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ كەم ئیمانی و گوێ پێنەدان ونەفس نزمی بۆشتی كەم بایەخ كەهەمومان دەزانین كەواهەڵەیە لەكاتێكی ناسك ڕوو دەدات،بەڵام هەردەم شەیتان بەنەفرەت كەن نەیەڵن هیچ كات هەڵەكان گەورە بن بتانگەیەنێ بەكۆتایی ڕێگا چارەسەری نەبێ. بۆیە لەبیرنەكەین شەیتان هەموو هەوڵێكی خۆی دەدات بۆلەناوبردنی ئیمانداران. ئێمەش بابەهەموو تواناییەكمان هەوڵبدەین پیلانەكانی لەناوببەین بەخۆڕاگرتنمان لەهەموو هەواو نەفسێك لەنەهامەتی و بەڵاكانی ژیان. دەبا لەئیستاوە بەڵینمان نوێ بكەینەوە بۆ بەرنگاربونەوەی ئەم دوژمنە نادیارە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَن يُضِلُّ ۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٣٧﴾ صدق الله العظيم ﴿ النحل ﴾

واتا: {خۆئەگەرتۆ زۆر مەبەستت بێ ئەوانە هیدایەت بدەی، خوائەو کەسانە هیدایەت نادات کە سوورن لەسەر گومڕایی، ئەوانە(لەقیامەتدا)هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نیە}ت.ئاسان.

خوێندکارێك لە هەندەران

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ۗ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾ صدق الله العظيم ﴿يوسف﴾

واتا {بەڕاستی لەسەرگوزشتەو بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەندو ئامۆژگاری هەیەبۆ کەسانی ژیروهۆشمەند، وەنەبێ قسەوباسی دەست هەڵبەست بێ، لەلایەن کتێبە پێشووەکانەوە (وەك تەورات وئینجیل) پەسندکراوە، وەڕوونکردنەوەی هەمووشتێکی تیا دیاریکراوە، وەهیدایەت ورێنموویی وڕەحمەتە بۆکەسانێ کەباوەڕ دەهێنن} ت.ئاسان

گەنجێك بەناوی(ه) بۆتەواو کردنی خوێندنی ڕووی لەدەرەوەی نیشتیمان کرد.زۆر لەتێکەڵ بوون بەخەڵك دەترسادەیگووت توشی گوناه دێم ،گەنجێکی خۆپاریز بوو لەکوناح بەهەموو جۆرێك. لەکۆلێژێکی ئەمریکی دەیخوێند.خوێندکارەکانی ئەم کۆلێژە زۆر سەرسام ببون بەزیرەکی و لێهاتووی وخۆبەدوورگرتنی لەهەموو کێشەیەك. زۆرهەوڵیان دەدا لێی نزیك ببنەوە بەڵام ئەو تابیتوانیبا تێکەڵ بەئەوان نەدەبوو .کچێك کەزۆر زۆر جوان بوومو عجیب بووپێ هەوڵیدەدا سەرنجی ڕابکێشی بوولای خۆی.(ه)دەیزانی بەلام خۆی وانیشان دەداکەهیچ ئاگادارنیە هەردەم زیاتر دووردەکەوتەوە.لەگەڵی دادەنیشت دەیگووت(ه) تۆبۆ وەك گەنجانیتر نیت بۆ دووردەکەویەوە هەردەم؟بۆسەیرم ناکەی کاتێك لەگەڵت دەدویم ؟(ه)دەیگووت من موسڵمانم دابوونەریتم جیاوازە ئاینم لەسەرم واجبدەکات خۆم بپارێزم لەتێکەڵبون وکوناح.

هەوڵەکانی ئەم کچە هەمووی بێسودبوو. ڕۆژێکیان (ه)لەژوورەکەی خەریکی خوێندن بوو. کەوا لەگەڵ چەند قووتابیەکی تر شوقەیەکیان گرتبوو ،ئەوان هاتن بۆ لای گوتیان ئەو هەموو خوێندنەی تۆ بوو بەچی وەرە باهەندێك بچینە دەرەوە هەواکەی زۆر خۆشە بەفردەبارێت چەند ساڵێك جارێك بەفربارین نابینین لەووڵاتی خۆمان، ئەویش گوتی ئێوە بڕۆن من نایەم ،کەئەوان ڕۆیشتن کەمێکی پێ چوو لەدەرگا درا، چوو دەرگای کردەوە کچەکەی هاوڕێی خوێندنی دیت هاتووە.گووتی چۆنە هاتووی بۆ ئێرە؟کچەکە گووتی ئەمڕۆ خۆت دەزانی پشووە هاتم تابەیەکەوە بخوێنین (ه)گووتی ناتوانم ببورە.

کچەکە: بۆ هیچی تیایە بەیەکەوە بخوینین؟

(ه)گووتی من تەنهام کەس لێرە نیە بۆیە تۆناتوانی بیتە ژووری دەبێ بڕۆیی!

کچەکە ئەوەی بەهەل زانی گووتی هیچی تیانیە گەر بێمە ژوور بەیەکەوە دەخوێنین. پاڵێکی بە(ه)وەنا بەزۆر هاتە ژوور! ئەو کات (ه)چووە دەرەوە لەبەر دەرگا راوەستا گووتی بەڵکوو هاوڕیەکانی ژوورم بێنەوە. کچەکە بە زۆر رایکێشا ژوورەوە گووتی تۆ لەمن دەترسی کاتێ دەبوایە من لەبەر تۆ ڕام بکردایە!

زۆرداوای لێکرد کەبڕوات .ئەو هەرگوێ پێنەدا:

لەبەردەمی دەهاتوو دەچوو قسەی خۆشی بۆ دەکرد بەلام (ه)سەری بڵند نەدەکردوو سەیری نەدەکرد.بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی سەرنجی بۆلای خۆی رابکێشی گووتی ژوورەکە زۆر گەرمە.چاکێتەکەی داکەند لەتەنیشتی دانیشت (ه)هەڵسایەوە گووتی تووشی گوناهم مەکە تکات لێدەکەم بڕۆ، زۆر توڕە ببوو قۆڵی گرت هەتا لای دەرگاکەی بردوو دەرگای بۆکردەوەو چاکێتەکەی دادەستی گووتی بڕۆ. بڕۆ یان من دەڕۆم؟ کچەکە پاڵێکی تری بێوەنا ووتی:باشەتۆ خۆت بەچی دادەنی خۆت گران دەکەی وادەزانی گەنجانی وەك تۆ ناناسم من دەمەوی ببین بەهاوڕێ ودۆست ئەو هاتوو هاوارەی ناوێت ئیستا کاتەکە گونجاوە

بۆیەکتر ناسین وئاشنابوون بۆ ئەوەندە سەیری من خۆم داوات لێدەکەم . هەردەچووە پێش ئەویش هەردەچووە دواوە. تاگەیشتە دیوارەکە.کچەکە گووتی مەجالی ڕاکردنت نەماوە دەچی بۆکوێ من لەو ڕۆژەی تۆم دیتوە دڵم لەلام نەماوە دووساڵە بەهیوای ڕۆژێکی ئاوام ئێستا پێم بڵی چۆن من دەبینی؟هەر وەك ئەوەی من دەتبینم . (هـ)گووتی تۆ وەك شەیتان دەبینم کەدەیەوی لەناوم ببات . هیتەرە کارەباییەکە بەقەد دیوارەکە هەڵواسرابوو دەستی خستە سەری بەتوندی . قرچە قرچی لێوەهات ودەستی بەسەختی سووتا.

کچەکە هاواری کرد وامەکە بۆ واتکرد تۆشێتی . تۆشێتی!

(هـ)ئەو سوتانە چەند ڕۆژێکی تر چاکدەبێتەوە. من بەرگەی سوتانی دوا ڕۆژناگرم ئەگەر بەگوێ تۆ بکەم تووشی زینا وگوناه دیم بەوکارەشم ڕوو ڕەشی لای خودای گەورە دەبم .

کچەکە گووتی چۆن دینیکە ئەوە کەسوتانەکەت پێ باشتر بێت لەو خۆشی وڕابواردنەی کەمن پێم دەدای ها؟!

(هـ)ئیمانمان فێرەی ڕەوشت بەرزی وکرداری ڕێك و وەفاداریمان دەکات وەئاگامان لە ناموسی خەڵك بێت بەناموسی خۆمانی بزانین .کچەکە گووتی حەزدەکەم هەندێ باسی ئاینەکەی خۆتم بۆبکەی بەودینەت ئاشنام بکەی.ئەگەر ئەمڕۆ ناتوانی ومانەدی ڕۆژێکی تردێمەوە من داوای لێبوردنت لێدەکەم لەوەی کە ڕوویدا،(هـ)من ماندی نیم زۆرش بەپەرۆشم تا بۆتی باس بکەم.

دووسعات دانیشت باسی ئاینی پیرۆزی بۆکرد(هـ).بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە،

کچەکە: بەلاّم بێزار نەبوومە(هـ)،هەرچەند بەردەوام بین ئاشناتردەبیت بەلاّم بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە،.

کچەکە:ئێوە ئاینێکی پیرۆزتان هەیە کەماف بۆ هەمووشتێك داناوە.

(ه).لەقورئانی پیرۆزسورەتیکی تەواوخودای گەورە بەناوی ئافرەتی کردوە کەهیچ سورەتی بەناوی پیاو دانەبەزاندوە ئەوەش ریزیکی ترە بۆئیوەی ئافرەت.

بەیانی کەلەخوێندنگا دیتی دووبارە داوای لێکرد باسی پێغەمبەر.ﷺ. بۆبکات رۆژ دوای رۆژ زیاتر هەولی دەدا فێربێت (ه)گووتی!. رۆژێك پرسیارێکی زۆرسەیری لێکردم .گووتی لەکەناڵە ئاسمانیەکان وولاتە موسڵمانەکان دەبینم بەلام زۆربەیان وانین کەتۆباسی دەکەی قورئان بەزمانی ئێوە دابەزیوە ئەی چۆن پەیرەوی ناکەن بۆچی شەرو فیتنەو رووتی هەرباوە لەناوتان؟! بێدەنگ بووم نەمتوانی وەلامی بدەمەوە. دەڵێت منیش هەمان پرسیارم لەخۆم کرد(وایە بۆئێمەی موسڵمان واین).رۆژێك سەیرم کرد ئەم کچە بە جلێکی بەرین ودرێژ ولەچکێکی جوان هاتە خوێندنگا گووتی من دەمەوی بێمە ریزی ئێوەی موسڵمان ئاینم ئاشکرابکەم بەهەمووخەلك بڵێم من موسڵمانم گووتی(ه)گیان ئەگەر من ئیمان بهێنم تۆ منت خۆشدەوێ.ئەویش گووتی ئەگەرلەبەرئەوە ئیمان دێنی ئەوکارە مەکە.کچەکە گووتی من لەبەرخۆشەویستی تۆ ئاشنابووم بەخۆشەویستی خالیقم وپێغەمبەرەکەی. دەمەوێ ببم بەهاوسەرت، خوێندنیان تەواو کرد پێش گەرانەوەی بەچەند رۆژیك کچەکە هاتەلای گووتی من ناتوانم بێ تۆ بژیم وادەزانم خودای گەورە تەنها منی دروست کردوە بۆئەوەی ببم بەهاوسەرت یان تۆ دەبی لێرە بمێنیتەوە نەچێتەوە وولاتەکەت یان دەبێ منیش لەگەڵ خۆت ببەی. ئەویش گووتی لەو بروایە دام لەشارەکەی خۆشم بگەرێم کەسێك نادۆزمەوە وەك تۆبێت باش وئیماندار.

(ه)دەڵێ ئەو قورئانەی باوکم پێدام وئەو بەرماڵەی دایکم پێدام کاتێك چووم بۆ دەرەوە بۆ خوێندن لەگەڵ خێزانەکەم وشهادەکەم هێناوەو هاتمەوە بۆ وولاتەکەم (ئێستا(ه)کچێك وکورێکی هەیە بەخۆشی دەژیی لەگەڵ خێزانەکەی

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾ صدق الله العظيم ﴿ قصص ﴾

واتا {ئێمەش دەمانەوێت(دەروو بکەینەوە لە)چەوساوەکان ومنەتی خێربکەین بەسەر لاوازەکاندا لەسەر ڕووی زەویدا، وەدەمانەوێت بیانکەینە پێشەواو بیانکەینە جێنشین}ت.ئا،

مامۆستای ئاین وکچەکانی

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ صدق الله العظيم ﴿ الزمر ﴾

واتـا: {(هـەوڵ بـدەن کەبـەردەوام)دڵتـان لای خوابێـت وبگەڕێنـەوە بـۆلای پەروەردگارتان وتەسلیمی ئەوبن، پێش ئەوەی کەسزای خوا یەخەتان بگرێت لەوەو دواش سەرکەوتوو نابن وکەس نابێ بەرگریتان لێبکات} ت.ئا،

لەساڵەکانی (١٩٨٦،١٩٨٥)لەقوتابخانەی (........)دوو خوشك لەگەڵماندابوون لـەم قوتابخانەیـە، یـەکێکیان دووی ناوەنـدی بـوو ئـەویتریان سـێ ناوەنـدی بـوو باوکیـان مامۆسـتای ئـاین بوو،بەزمانی کـوردەواری خۆمـان(مـەلای مزگـەوت). تـائێرە باسـەکان ئاسـایین بـەڵام ئـەوەی نائاسـاییە ئەوەیـە! ئـەم دوو خوشـکە بەجلێکی جوانی پۆشتەی محەجەبە دەهاتن بۆ قوتابخانە بەڵام کەدەگەیشتن ئەم جلانـەیان دادەکەنـد جلـی تریـان لەبـەر دەکـرد تـەنورەو قـەمیس بـەڵام بـەناڕێکی چـونکە جلـەکانیان زۆر ناڕێـك و تەسـك وکـورت بـوو رەفتـەیان لەسـەریان دەکردەوەوپرچیان بەرەڵادەکرد. زۆر جار مامۆستاکان لێیـان دەپرسـین بۆچـی وادەکـەن بـەبێ رێـزی دەیـان گـووت بـۆ قەدەغەیـە!. مـن لـە قوتابخانـە هاتمەدەر،بـەڵام ئاگاداریـان بـووم ئـەوان لەسـەر ئـەو رەوشـتە ناڕێکـەیان هـەر بەردەوام بوون ئەویش درۆ کردن بوو لەگەڵ ماڵەوە دوای چەند سـاڵێك بـوون بـە مامۆسـتا ئەوکاتـە پـەردەی شـەرمیان لادرا هـەر لـە ماڵـەوە جلـی ناڕێکیـان لەبەر دەکـرد باوکیـان زۆر داوای لێدەکردن کـەوا جلـی جـوان و رێـك لەبـەر بکـەن بـە باوکیان دەگووت تۆلەسەردەمی کۆن دەژی.ئەویش دەیـوت خـەڵك وانـاڵێ دەڵـێ

کچەکانی مەلا بە چ جۆرێك دەچنە دەرەوە من چۆن قسە بۆ خەڵك بکەم و ئامۆژگاریان بکەم کە خۆم ناتوانم ئامۆژگاری کچەکانم بکەم و چۆن بڕوام پێدەکەن و گوێم لێ ڕادەگرن کەوتاریان بۆ دەدەم کە دەچمە مزگەوت خەڵکەکە هەموو پێم پێدەکەنێ و گاڵتەم پێدەکەن . وامەکەن شەرم لەمن لەخەڵك ناکەن شەرم لەخوا بکەن پێم بڵێن ئێوە چ جۆرە مامۆستایەکن بەخۆتان لەمانای ژیان بەسەربەرزی وئیمانی پتەو رێزی باوك تێنەگەیشتوون چۆن منداڵەکان فێردەکەن . وایلێهات ژورێکی لابەلای بۆخۆی دروست کرد هیچ توانا و دەسەلاتی بەسەریان دانەما بۆیە دوورکەوتەوە لێیان. بەلام پێشینان دەڵێن(دەمی خەڵك کونە دیوار نیە تۆپێ قوڕی پێدابدەی) دەیان گووت مامۆستا کچەکانت بۆئاوابەرەلان بۆوادەکەن ؟ مامۆستا: بەگوێم ناکەن نصحەتم لەگوێ ناگرن گەورەبوونە دەسەڵاتم نماوە بەسەریان نازانم چیبکەم. خەڵکەکە:ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی مانای چیە کارت بەسەریانەوە نیە.یەکێ دەیگووت کچی من بوانایە لێنەدەگەرم بچن بۆ دەوام .یەکێکی تر:کچی من بونایە دەمکووشتن چۆن دەبێ ئاواسەرم شۆربکەن .هەریەکەو قسەیەکی دەکرد. مامۆستا دەهات ووتارێك بۆخەڵکەکە بدات پێش ئەوەی قسەبکات .هەریك لەلایەك قسەیەکی بەمەلا دەووت.ئەوی دەیگووت هەریەکەمان لەمەلایەك زیاتر دەزانین. ئەوی تر:مەلا جاری واز لەئێمەبێنە برۆ منداڵەکانی خۆت نسحەت بکەباسی ئەخلاقیان بۆبکە: تا هەستی بەبێزاریەکی زۆر دەکردوو دەهاتەدەر لەمزگەووت . رۆژێك دووان ساڵێك دووان هیچ ئامۆژگاریەکانی کاریگەر نەبوون .کچەکان دەیان گووت ئێمە لەسەدەی بیست دەژین ئەوباسانەی تۆ بۆسەردەمە کۆنەکان بوو نەك ئێستا. رۆژێك باوکیان بیرێکی بۆهات بەیانیەك زوو سەیری کرد کچەکانی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ دەوام بچن هاتنەدەرەوە بۆئەوەی برۆن چیان دیت.! باوکیان خۆی رووت کردۆتەوە لەلای دەرگا وەستاوە.

گووتیان ئەوەچیە چیدەکەی؟

گووتی دەچم بۆدەرەوە :

چۆن بەم جۆرە دەچیتەدەرەوە ؟

ئەویش ووتی بۆچیەتی هیچ عەیبم هەیە.

باوکە تۆ رووتی جلکت لەبەردانیە چۆن دەتەوی بچیتە دەرەوە خۆشێت نەبوی.

باوك.ئەی ئێوە هەردەم ئاوا ناچنە دەرەوە مادەم وابی ئێوەش شێتن. من پیاوم هەرچۆن بچمە دەرەوە هەرباشترم لەئێوە من هێشتا مکیاجم نەکردوە پرچم بەرەلآنەکردوە.

دەستیان ڕادەکێشا ئەویش خۆی دەپچراند لەدەستیان بەرمدەن بابڕۆم،

باوکە حیامان مەبە وەرە ژووری جلکەکانت لەبەر بکە.

ئەی بۆ من چەندسالە حەیام چوە پێتان بەگوێتان نەکردم بۆ ڕێزتان لێنەگرتم هەرچەند هاوارم کرد بەخەیاڵتان دانە هات. من پیاوم خەلك هەرچی بلێ لە پیاوەتیم کەم ناکات بەلآم ئێوە لەگوڵ ناسکترن بە قسەوسەیرکردنی خەلك دەشکێنەوە کچەکانم لەمن دلسۆزترتان نیە، حەیاو شەرم وڕیز وگەورەی خۆتان لەدەست مەدەن مرۆۆ جارێك دەمرێ بەلآم ئەگەرحەیا وشەرمی لەدەست بدات رۆژی سەدجار دەمرێ، من بۆئێوەمە باش بزانن.

زۆرپەشیمان بونەوە دەستی باوکیان ماچ کردوو. داوای لێبوردنیان کرد دانیان نابەهەڵەکانیان . (تۆبەیان کرد خودا لێان خۆشبێت . لەئێمەش

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٢٥﴾ صدق الله العظيم {شورى}

واتـا {هـەر(خـوا)خـۆی پەشـیمانی و(تۆبـە)ی بەنـدەکانی وەرگرێـت، هـەروەها چاوپۆشیی دەکات لەهەڵە وگوناهەکانیان، وەبەو کارو کردەوانەش کە ئەنجامی دەدەن دەزانێت وبەئاگایە}ت،ئا

بابەتی سێیەم
نەخۆشی و کەم دەرامەتی
(المرض وعُسرالحال)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ

(١٥٣) صدق الله العظيم ﴿ البقرة ﴾

واتا {ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە کۆمەك وتوێشوو وەرگرن، لەئارام گرتن ونوێژ کردن، وەدڵنیابن کە خوا یارو یاوەری خۆڕاگرو ئارامگرانە} ت.ئا،

عبدللەی کوڕی عمر لەپێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە .پێغەمبەر درودی خودای لەسەربێ دەفەرموێ(هەرکاتێك خواویستی سزای هۆزێك ونەتەوەیەك بدات سزاکەی تووشی کەسەچاکەکانیش دەبێت کەلەنێوان ئەوان دەژین.پاشان هەریەکەیان لەسەرکاروو کردەوەی خۆیان زیندوو دەکرێنەوە)

نەبوونی وکەم دەرامەتی هیچ کات نەبۆتە شەرم و خۆبەکم زانین.

..... ئەگەر خودای گەورەماڵیدا بەیەکێك وە نەیدا بەیەکێکی تر مانای وانیە دەوڵەمەندەکەی خۆش دەوێت بۆیە ماڵی پێداوە.یان ئەوەی ماڵی نەداوەتی خۆشی ناوێت. خودا ئادەمیزادی تاقیدەکاتەوە،بەردەوام کەس فەقیرنابێت، زۆرجاریش ماڵ وسامان بەردەوام نابێت بۆهەتا هەتایە. هەروەك تەمەنی ئادەمیزاد. ئەگەر ماڵەکەی بەجێی نەهێشت گومانمان لەوەنیە کەمرۆڤەکە خۆی بەجێی دەهێڵێت.

تاقیکردنەوەیەکی تری خودای گەورە نەخۆشیە؟!هەردەم ساغ وسەلامەت نابین چۆن بەخۆشیەکان دڵخۆش دەبین بەناخۆشیەکان و نەخۆشیەکان دەبی هەروابین بەڵام شتێکی سەیر هەیە لەناو ملەتی ئێمە ئەگەر یەکێك نەخۆشی رووی تێبکات یان زەرەرێك بکات یان موصیبەتێکی بەسەردابێت لەنەهامەتەکانی ژیان دەڵێن تۆڵەی ئێمەی لێ بویەوە(باشە ئێمەی بێدەسەڵات چین وەچیمان کردوە بۆپەروەردگارمان تا بەویستی ئێمە تۆڵە لەناحەزمان بکاتەوە)لەسورتی:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ۗ وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلْـَٔاخِرَةِ نُؤْتِهِۦ مِنْهَا ۚ وَسَنَجْزِى ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٥﴾ صدق الله العظيم ﴿ال عمران﴾

واتا {هیچ کەسێك نامرێت مەگەر لەسەر ویستی خوا نەبێ،لەکات و وەختی دیاری کراودا(ئەمەش هاندەرێکە بۆئیماندار کەلە مەرگ نەترسێت)جا ئەوەی پاداشتی دنیای دەوێت پێی دەبەخشین،ئەوەش پاداشتی قیامەتی دەوێت هەر پێی دەبەخشین، (بێگومان) پاداشتی سوپاسگوزاران دەدەینەوە(بەجوانترین شێوە)}ت.ئا،

شتێکی گرنگی تریش هەیە ئەونەخۆشیانەی توشی ئادەمیزاد دێت هەرچەند گەورەبێت و چارەسەری نەبێت مانای وانیە کەئەم ئینسانە لەخراپی خۆی توشی بووە، یان ئەو کارە ناخۆشەی بۆی رویدا لەبەر گوناهەکانی بووە (پەروەردگار زۆرکات خۆشەویستی بەسەر دەکاتەوە. نەوەك هەندێك لەنەزانان دەڵێن تۆڵەی لێدەکاتەوە)رێزم هەیە بۆماموستا ئاینیەکان بەڵام،رەخنەیەکم هەیە لەهەندێکیان!. رۆژێکیان(استغفرالله. قورئانیان خستبوە حاویەی زبڵەوە)

مامۆستایەك دوعای لەوانەدەكرد كەئەم كارەیان كردوە.دەیگووت خودایە توشی نەهامەتی وسیل وسەرەتان وسەدان بەلاًیان بكەی.بەگوێرەی قسەی ئەم مامۆستایە ئەوانەی كەواخودا توشی ئەم جۆرە نەخۆشیانەی كردوون كاری ناشایستەیان ئەنجام داوە؟! هەموو كەس باش نیە، هەموو خەڵكیش خراپ نیە بەلاًم بۆئێمە نەهاتووە ئەو حوكمە بدەین كە كێ باشە كێ خراپە چوونكە ئەوەی ئێمە دەیبینین زاهیرە تەنها دەرەوەیە بەلاًم خودا شاراوەكەی دەبینی .
ئەوەی باوەڕی تەواو وپتەوی بەخودا هەبێت دەشزانی كە نەژیان ونەمردن ونەساغی ونەخۆشی وەنە رزق وڕۆژی وەنە هات ونەهات بەدەست كەس نیە غەیری ئەونەبێ. (صدق ربی انه علی كل شئ قدیر)

پیاوە باشەکە

منـدالْ بـووم تەمـەنم(١٠) سـالآن بـوو لەیـەکیْ لەگەڕەکـەکانی شـاری هـەولێر دادەنیشتین هاوڕیەکم هەبوو هاوسیْ وهاووتەمـەن وهـاوپۆلم بـوو.یـاری کـردن و خوێندنمان هەردەم لەگەڵ یەکتربوو.

هەرچەند منداڵ بووم بەلآم ئەو خێزانە زۆرسـەرنجیان راکێشابووم ! دایکی ئـەو هاوڕیـەم تووشـی شـەلەلی هـاتبوو بـەردەوام لەسـەر جێگاکـەی ڕاکـشابوو نەیـدەتوانی هـیچ جولەیـەك بکـات. ڕۆژێکیـان لەهاوڕێەکـەم پرسـی کـیْ کـاری مالـەوەتان بۆدەکـات؟ گـووتی بـاوکم هـەموو کارێـك دەکـات چەشـتمان بۆلێدەنیْ،مالْ پاکدەکاتەوە،سەرمان دەشوات،جلمان دەشوات،

گـووتم ئـەی کـاری دەرەوە ناکـات ئێـوە پارەتـان هەیـە بۆسـەرفکردن ودەرمـان وچارەسـەری دایکـت؟ گـووتی بـاوکم بـەیانیان زوو هەڵدەسـتی خواردنمـان بۆئامـادە دەکـات وخـواردنیش بـەدایکم دەدات ئـەوکات دەچـێت بۆسـەرکارەکەی،باوکم وەسـتای دیـوارە . کەلەسـەرکارەکەی دەگەڕێتـەوە کارەکـانی مـالْ دەکـات . بـاوکم بێـزار نـابی لەگـەڵ ئەوهـەموو ئەرکـەی لەسەرشـانیەتی کەبـەردەوام دوبـارە دەبنـەوە ڕۆژانـە، مـن زۆرم خۆشـدەوێت چونکە زۆردڵێکـی گـەورەی هەیـە خزمـەتی دایکـم ومـن وهـەردوو خوشـکەکەم دەکات بیْ ماندوو بوون .

مـن دڵـم بۆیـان دەسـوتا زۆریـش سەرسـام ببـوم بـە دڵگـەورەی ئـەو باوکـە کەنمونەیان کەمە بەڵکوو هەرنیە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆمان(ئێوەش وا نازانن)؟

ئێمـە ماڵمـان گواسـتەوە چـوین بۆشـوێنێکی تـر. دوای ١٥ سـالْ ئەوهاوڕێیـەم بینیـەوە لەناهـەنگی بووکگواسـتنەوە یـەکتریمان ناسـیەوە دوای سـلاو وچـاك وچۆنی گـووتم : بـۆم باسـکە ئێـوە چیتان لێهـات ؟باوکـت و دایکـت چیـان بەسەرهات ؟

گـووتی بـاوکم بـەوجۆرە ئاگـاداری ئێمـەو دایکـم بـوو٨سـاڵی تـەواو ڕۆژێـك هاوڕێیـەکی بـاوکم هـات گـوتی بۆخێزانەکـەت نابەیتـە بەغـدا دەڵـێن دکتۆرێـك لـەخارج هاتۆتـەوە زۆرباشـە بۆئـەو جـۆرە نەخۆشـیانە بـاوکم گـووتی ئـەوە پارەیەکی زۆری دەوێت خۆشت دەزانی من هیچم نیە؟!

دوای چەند ڕۆژێك هاوڕێکەی باوکم هاتەوە پارەی هێنـابوو گووتی لـەلای خـزم وناسـیاروجیران وهـاوڕێ باسـی تـۆم کـرد هەریـەك بـەگوێرەی تاقـەتی خـۆی یارمەتی دایت .خۆت ئامادەبکە بەزووترین کات بڕۆ .

بـاوکم دایکمـی بـرد بـۆ لای دکتۆرەکـە . ئـەویش بـەباوکمی گوتبـوو بـۆزووتر چـارەتان نـەکردوە تـەنها پێویـستی بەنەشـتەرگەریەك هەیـە لەپـشتی نەخۆشـیەکەی لەقاچـەکانی نیـە.، نەشـتەرگەری بۆکراپـاش هەفتەیـەك بـاوکم هێنایـەوە چـەندمانگێك دوای چارەسـەری سروشـتی دایکم چـاك بـۆوە . گـووتم لەخودا بەزیادبی بەڕاستی زۆرخەمم بوو.

گـووتی دوای چـاکبوونەوەی دایکـم بـە٢سـاڵ جمکـی بوودووکـوڕ وەمـن وخوشـکەکانم شـوومان کـرد. ئێـستا براکـانم دەچـن بۆقوتابخانـە زۆر جـوانن لەیەکیش دەچن.

بەلاّم ئەوەی بۆتی باس دەکەم سەیرت پێدێت .گووتم چیە بیڵێ ؟ گووتی ئێستا ٣سـاڵە بـاوکم جەڵتـە لیداوە لـەناو جێگـا کـەوتوە دایکـم خزمـەتی دەکـات خـودا مرۆڤەکان تاقی دەکاتەوە هەریەك بەجۆرێك .

گـــووتم بەڕاســـتی ژیـــان ســـەیرە ســـەردەرناکەین لـــە حیکمەتـــەکان وبەسەرکردنەوەکانی خودای گەورە.

پێشمەرگەی دێرین

﴿ بسم الله الرحمن الرحیم ﴾

ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ﴿١٥٧﴾

صدق الله العظیم ﴿البقرة﴾

واتا: {ئەوانەی کەتوشی بەڵاوناخۆشیەك دەبن دەڵێن: ئێمەهی خوای وهەرچی هەمانە بەخششی خوایە،وەسەرئەنجام هەربۆلای ئەوزاتە دەگەڕینەوە،،ئائەوانە ڕەحمەت ومیهرەبانی پەروەردگاریان شایستەیانە،وەئەوانە ڕێبازی هیدایەتیان گرتۆتە بەر}ت،ئاسان.

هەرلەبەرئەوەی بێ دایك وباوك بوو لەتەمەنی ١٨سالی کەناوی بانگ کرا بۆ(عەسکەری)نەچوو پەیوەندی کرد بەڕیزی پێشمەرگە لەتەمەنی٢٦سالی خێزانی پیکهێنا لەساڵ١٩٧٤گەڕایەوە بۆشارەکەی لەگەڵ خێزانەکەی لەخانوەکی بەکرێ دانیشت . سێ مندالی بوو بەڵام ویستی ئادەمیزاد وکاری خودا لەیەك دوورە . دوانی مرد تەنها کچێکی بۆمایەوە

دوای چەند ساڵێك پارچە زەویەکی کڕی کردی بەخانوو.

لەڕاپەرینەکە یەکەم کەس بوو دەستی کردە چەك و ڕاپەڕی وەك شێر و هاواری دەکرد ئەوڕۆژەیە کەوا هەوڵمان بۆی دەدا سەربەرزی کورد.سەرکەوتنی کوردستان بەڵام ئاواتەکانی وخۆشیەکانی هەمووی بوون بەخەون کاتێك کەبۆی دەرکەوت پێشمەرگەی دێرین تەنها ناویکەوبەس. ئەوەی کاریگەرە لەم سەردەمە تۆخەڵك بناسی تۆکیی!نەك تۆچیتکردوە بۆخاکەکەت بۆگەلەکەت .

دوای ساڵێك لەڕاپەڕین خانوەکەی فرۆشت لەبەر نەبونی ڕویکردە مجەمەعێك

بۆژیان تەنها ژیان دوور لەچاو لەدەست بوونی کەس سپی کاری دەکرد. جار جار سەردانی دەزگاکانی پێشمەرگەی دەکرد بەڵکو کارێکی بۆئەنجام بدەن. زەویك یا خانویەك یا موچەیەکی باش.بەلاّم هەوڵەکانی هیچ فایدەی نەبوو لەساڵی ٢٠٠٥رۆژێك لەنەخۆشیەکی کتوپڕی چاوێکی لەدەست دا ئەوکات توانای کارکردنی نەما(پێشمەرگەی دێرین)دوکانێکی بچووکی دانا چونکە موچەکەی (٩٠)هەزاری تەیع بوو(دەکاتەشەش سەد دینار) نەیدەزانی بەچی بدات وەچۆنی سەرف بکات بۆئەوەی خۆی وژنەکەی بژێینی لەوکاتە کە هەردووکیان نەخۆش بوون خێزانەکەی گورچیلەیەکی لەدەستدابوو گورچیلەکەی تریشی تەواونەبوو کەهەردووکیان زۆرپێویستیان بەدکتۆرو عیلاج هەبوو کەدەبوایە بەم تەمەنە ئیسراحەت بکات ڕاکە ڕاکەی نانی ڕۆژێ بەڕۆژێی بوو.

بەلاّم بەم هەموو ئازارو ناخۆشیە هەردەم شوکربوو .سالاّنە چەند خەتمی قورئانی دەکرد زۆر ڕوو لەخودا بوو .کچە تاقانەکەی هەر لەتەمەنی شەش ساڵی فێری نوێژوو خوداپەرستی وقورئان خوێندن کردبوو . بەلاّم ئەوەی ڕویدا بەم دوایە چاوەڕوان نەکراوبوو کاتێك زیاتر نەخۆش کەوت چەند جارێك لەنەخۆشخانە داخیلدەکرا . چونکە سامانی نەبوو دەسەلاّتدار نەبوو مسئول نەبوو هیچ دکتۆرێك چاودێریەکی باشی بۆنەکرد عیلاجی تەواوی بۆدەستنیشان نەکرد. تاوای لێهات کەوت تاقەتی ئەوەشی نەما بەینیان دوای نوێژبچێت مەنجەڵی نۆك ولۆبیاکە ببات لەدوکانە بچوکەکەی کە گرتبووی بەکرێ بیفرۆشی. چەندڕۆژێك لەنەخۆشخانەبوو چەند ڕۆژێکیش لە ماڵ. ڕۆژێك چووم بۆسەردانی دیم لەبەرخۆی قسەی دەکرد پاش سەلام ووتم : دیاربوو لەبەر خۆت قسەت دەکرد ئەویش هەناسەیەکی هەڵێنا ووتی الحمدلله علی کل حال ئەوە پارچە هۆندراوەیەك بوو دەمخوێندەوە ؟ منیش زۆرم لێکرد کەبۆمی بخوێنێتەوە .ووتی.

دەردی نەبوونی

ئـــای فـــەقیر بـــۆ وا خـــوین تـــاڵی
دایـــم بـــێ خـــزم وبـــێ مـــام وخـــاڵی
مـــردن باشـــترە لـــەم ژینـــە تاڵـــە
گـــەر نـــەتبێ پـــارە پێـــت نـــاڵێن خاڵـــە
چـــیبکەم لـــەداخی چـــەرخی سەرســـوڕما
زۆرپیـــاوی نامـــەرد، دەوڵەمەنـــد دەکـــا
نـــەبونیم لای خـــوا شـــەرمەزارم دەکـــا
توشـــی ناهومێـــدی وڕێگـــای خـــوارم دەکـــا
کەنیمـــە پـــارە نـــاتوانم بـــدەم زکـــات
بـــێ مـــاڵی لـــەخێرو چـــاکە بێبەشـــم دەکـــات
ســـەربەماڵێ دۆســـت ودوژمـــنم دەکـــات
لـــەلای نـــەزانان خـــوێن تـــاڵم دەکـــات

ئەم چەند دێرە زۆر کاریان تیکردم. ڕاستە زۆرجار ماڵی دونیا خەڵك شەرمەزار دەکات.گلەی دڵی خۆی دەردەکرد بە الحمدللە کەتەواوی دەکرد بە انالله وانااليه لراجعون.

ڕۆژێـك برازاکـانی بردیـان بـۆلای دکتـۆرێکی (خـصوصی)چـەند تاقیگەوپـشکنینیان بۆکردوهێنایانـەوە بۆمـاڵ گوتیـان بـەیانی فەحـصەکان دەردەچێت.

بۆ ڕۆژی دوای برازاکانی هاتنەوە و بەخێزانەکەی وکچەکەیان گـووت مامـان توشی نەخۆشیەکی ترسناك وکوشندەبووە دکتۆر گووتی نەشتەریەکی گەورەی پێویـستە نـسبەی دەرچوونیـشی لەسـەدا سـیە وەئـەوپارەی پێویـستە بۆنەشـتەرگەریەکە ٤یـان٥ملیۆنـە. ئـاخ ئەگـەر مـردن ئاسـان بوایـە ئەگـەر ڕوح

لەجێگایەکی قایم نەدەبوو هەرئەودەم هەردوکیان دەمردن لەبەرخەمی پارەکە نەبووبەڵکو بۆئەو پیاوە بەسۆزە بۆئەو باوکە غەریبە بووئازاری دڵی خۆیان .
خۆزگە دەمتوانی باسی گفتووگۆیەکەیان بەتەواوی بکەم تاکوئێوەش دەتانزانی چۆن بووهەموو باسەکە خۆزگە!
کچەکە لەگەڵ دایکی ڕازی نەبوون بەنەشتەرگەری گووتیان ئەگەر دەرنەچێ خەمان زیاتر دەبێت لەکاتێك دکتۆر گووتی سەرکەوتنی مسۆگەرنیە،بۆی هەیە لەژێر بەنج بەهۆش خۆی نەیەتەوە چونکە نەخۆشیەکەی زۆر درەنگ دۆزراوەتەوە جەستەی زۆربێتاقەت کردوە.ئەوانیش گووتیان ئێمەبەدەستی خۆمان بەرەو مردنی نابەین بەڵکو دەرمان وعیلاج وەربگری باشبێت یان ئەوەندەی ماوە لەژیان چەند ڕۆژێك بێ یان چەند مانگێك لەلامان بمێنێتەوە (هەرکەسێك بیناسیبا دەیگووت سەدعەیف بۆئەم پیاوە ئەونەخۆشیەی لەکێوە بۆهات لەژیانی خۆی پێی لە مێروستانێك نەناوە کەسێکی پاك وقورئان خوێن)بەلاَم هەروەك گوتمان خودا خۆشەویستی خۆی بەسەر دەکاتەوە.
لەسەرەتابۆعیلاج کەپارەکەی کردی تەنها(٣٠٠,٠٠٠)سێ سەدهەزاری تەبع.
خزمەنزیکەکانی (بێشەیان)بۆئەم برە پارەیەکرد.هەریەکەوهەندێك بەجارێك نەوەستان کردیان بەدوو کوشتنی ئەم دووئافرەتە لێقەوماوە، لەدڵی خۆیان گوتیان ئەگەربۆتەنها ئەوبرە پارەیە وایارمەتی بدەن ئەی ئەگەربۆنەشتەرگەریەکە ڕازی بوینایە چیاندەکرد چ هەڵوێستێکیان دەبوو !
خزم ودۆست وناسیار!
خەڵکانێك گووتیان ئەوپیاوە پێشمەرگەی دێرینە ئەگەر بچن داوابکەن لەئەوانەی دەسەلاَتیان هەیە بۆعیلاج وچارەسەری بەڵکو بێن دەستی یارمەتی بۆدرێژبکەن یان ڕەوانی دەرەوەی وولاَتی بکەن.!زۆرهەوڵیاندا زۆرجێگایان کرد کیتابیان بۆکرد ئەمەپێشمەرگەی ئێوەبوە چارەسەری دەویَ پێویستی بەداوودەرمانە پێویستی بەزۆر شتە .دوای سەردانیان بۆلای وچاوپێکەوتنیان

بۆیان ڕوونبۆوەکەوا حالەتی باش نیە لەناو جێگا کەوتوە زۆربەئازارە . دوای دوو سێ ڕۆژ خواخێریان بنوسی ویژدانیان قبوڵی نەکرد هەرلەبەر ئەوە (دوو دۆشەگ و دووبەتانی ودووکیلو شەکروو دووکیلونیسك ودووقوتی ئاوی تەماتەیان نارد)یارمەتی بۆپێشمەرگەی دێرین بەڵکو تاماوەیەکی زۆر پیویستی بەهیچیتر نەبێت(بۆئەوکەسەی کەچەندساڵی ژیانی تەرخانکرد بۆکوردایەتی وسەربەخۆی کوردوو کوردوستان) بەلام .ئاخ!بۆئەوەی کەکردی بۆکوردستان ئاخ!

تادەهات حاڵی خراپتردەبوو نەخواردنی ما نەهەستان ودانیشتنی بەلام بەهەموو جۆرێك هەر ڕازیبوو بەکاری خودا دوای دوومانگ لەنەخۆشیەکەی ڕۆژێك لەدکتۆری بیست کەوانەخۆشیەکەی کوشندەیە،چونکە لەماڵ دڵیان نەهات بوو پێی بڵێن چ نەخۆشیەکی هەیە؟ گووتی خودای گەورە ئەوانەی ئیمانیان جێگیرە ئەگەر توشی نەهامەتیەکیان بکات خۆشی دەوێن وەئەگەر توشی نەخۆشیەکیان بکات چارەسەری نەبی پلەی شەهیدانیان دەداتی ، من ڕازیم بەهەموو کارێك وبەلایەك ونەخۆشیەك کەلەلایەن پەروەردگارم بێت، خودایە شوکرم،

دواین هەناسەی ڕۆژی هەینی بوو دواین زەردەخەنەی ومال ئاوای کردن لەخێزانەکەی وکچە تاقانەکەی ڕۆژی هەینی بوو زۆربەغەریبی بەبێ دایك گەورە بوو بەغەریبش بووبەپێشمەرگە بەغریبی ژیا هەر بەغەریبیش کۆچی دوایکرد (هەرکەسێك دەیناسێ وەئەوەی نایناسێ بۆی بخوێنێ فاتیحایەك)ژنەکەی وکچەکەی تەنهامانەوە لەخزمە نزیکەکانی پیاوەکەی هەندێکیان بەچەند مانگێك ئەگەر بێن بۆسەردانیان . هەندیکیشیان دەڵێن خاڵمان نەما یان مامان نەما بچین بۆلای کێ! پرسیارێك دەکەم؟ کە جێگای داخە دەڵێم ئەگەر هەژار نەبونایە دەوڵەمەند بونایە خزم و کەسیان هەروادەبوون یان زوو زوو

ســەردانیان دەكــردن وهــەواڵیان دەپرســین ! خــودا لــەمردووی هــەموو لایــەك خۆشبێت انشاالله

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨٢﴾ صدق الله العظيم ﴿البقرة﴾

واتا {ئەوكەسانەش كەباوەڕیان هێناوە وكارو كردەوەی چاكە ئەنجام دەدون، ئەوانــە خــاوەن ونیــشتەجیٚ ی بەهەشــتن وتیایــداژیانی هــەتا هــەتایی دەبەنــە سەر(لەهەرچین وتویٚژ ورەگەزیٚك بن}ت.ئا،

لەخۆبایی بوون

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ صدق الله العظيم ﴿ الاسرا ﴾

واتا: {(ئەی ئینسان)لەشتێك مەدوێ وباسی شتێك مەکە کەزانست وزانیاریت دەربارەی نیە، چونکە دەسگاکانی بیستن وبینین وتێگەیشتن هەرهەموی، بەرپرسیارە لەبەرامبەریەوە}ت،ئا.

لەساڵێ ١٩٩٧رۆژێك خوشکێکی ئازیز هاتەلام زۆرنائومیدوو خەمبار دیاربوو، پرسیم چیتە بۆ ئاوا دەتبینم هیچ رویداوە خوانەخواستە شتێك بووە ؟گوتی هەست بەدڵتەنگی دەکەم وادەزانم خەمی دونیا هەمووی بەمن دراوە.منیش گووتم کارەکەپێدەچێت گەورەبێت بۆمنی باسکە ئەگەر حەزدەکەی بەڵکوو بتوانم یارمەتیت بدەم ؟ دەستی کردبەگریان وگووتی فەقیرو دەستکورت وهەژاری وەك ئێمە بەهەڵە هاتونەتە دونیا . دوێنێ لەگەڵ پیاوەکەم ومنداڵەکان چوین بۆماڵی شوبراکەم خۆشت دەزانی ئەوان هەندێك هەبونن وەباشیش دەزانی من هیچ کات ماڵ وسامان وهەبونی ونەبونی کاری لێنەکردووم من هەرگووتومە چۆن دڵم بەند دەکەم بەدونیا کەکاتیە ومردنی لەدوایە نەوەك ئەوەی لەدونیایە .کەچوین بۆئەوی هەرسەلامان کرد ودانیشتین ژنی شوبراکەم گووتی بەختتان نیە ئەگەرنا دوێنێ دەهاتن جەرگ وناوو برنج وشلەم لێنابوو.گووتمان عافیەتتان بێت ئێمەبۆخۆشیەکی ئێوەسەردانتان دەکەین نەوەك بۆخواردن .دوای دەستی هەڵکردوو گووتی ئەوبازنانەم تازە کڕیوە جوانن؟ گووتمان پیرۆزە .

منیش لەو خوشکەم پرسی چیە هەرلەبەر ئەوە دڵتەنگ بووی؟ گووتی نەخێر من هەردەم بەختەوەرم کەچواردەورم ببینم بەشادی وخۆشی .گووتم ئەی چی وایلێکردی ئەم قسانەبکەی کەپێش کەمێك کردت؟

گووتی.پیاوەکەم پرسی لەبراکەی لەکوێیە؟ ئەویش گووتی چوە بۆبازار هەندی وردە وپێداویستی ماڵ بکرێت هەرهەزار دیناریشی بردوە لەگەڵ خۆی دەترسم هیچی پێنەیەت ! باوکی منداڵەکانم گووتی بۆهەزار دینار دەبات بۆبازار خەڵکی خراپ زۆربوە گیرفان برین پەیدابووە باش نیە بۆدەرەوە ئەم هەموو پارەیەت لابێت.

ژنی شوبرایەکەم بێ هیچ ڕێزێك وپێداچونەوەیەك :گووتی توخدا هەزاردینار پارەیە لەم زەمانە ئەگەر پیاوێك پیاوبێت هەردەم دەبی هەزار دیناری لەگیرفان دابێت ئەوخواردنەی بۆ ئێوەی لێدەنێم پێنج سەد دیناریم لێ سەرفکردوە .

ئەگەر بڕوام پێدەکەی تەپسی لێنابوو . دیارە ئەوەی نەبوون بێت پیاونیە ئەوەی کەم دەرامەتبی ناوی لەقاموسی پیاوەتی ڕەش دەبێتەوە. پیاوەکەم زۆر بەسەرخۆیدا شکاوە گووتی منداڵەکان ئامادەکە بابڕۆین .ئەوکات زانی پیاوەکەم تووڕە بوو بەقسەکانی هەستاو چوە دەرەوە بەبێ ئەوەی داوای لێبوردن بکات لەوقسە ناشایستانەی کەکردی،منیش گووتم دڵتەنگ مەبەگوێ مەدەقسەکانی .پیاوەکەم گووتی ئەو ڕاست دەکات هەربراکەم پیاوە من هیچ نیم چونکە هەزاردینارم لەگیرفان دانیە زوکەن بابڕۆین .

بەڕاستی لەوکاتەوە دڵتەنگم وخەم دەخۆم دیارە ئەوەی پارەی نەبێ مرۆڤ نیە هەست وخواستی نییە چۆن دەبێ وابێ.

زۆردڵ نەوای ئەم دەستە خوشکەم دایەوەکەزۆرشت هەیەهەرچەندە هەوڵی بۆبدەین بەپارەش ناکرێت ئەویش میهرەبانی ودڵ گەورەی ودەروون پاکیە.گووتم دڵتەنگ مەبەخودای گەورەبەخۆی دەزانێ چۆن وەچی باشە وەك دەفەرموێ{بسم اللهالرحمن الرحیم } وعسی ان تکرهوا شیئ وهو خیرلکم)

لـەزۆرکاتان ئـەوەی بەباشـی دەزانـی خراپـە ئەوەیـشی کەبـەخراپی دەزانـی زۆربـاش دەبێـت مـاڵی دوونیـا هـەردەم مایـەی خۆشـی نیـە، منـیش لـە لایـەن خۆمەوە بەم دەستە خوشکەم وئەوانەی وەك ئەون دەڵێم دڵ خۆشبوون بـەماڵی دونیا تەنها نەزانیە وەنەبونی هیچ کات نابێتە مایـەی شـەرمەزاری و نائومێدی هەروەك پێشینان گوتویانە(ماڵی دونیاچرکی دەستە کزوودەڕوات) ئەوشتانەی توشـی موسـوڵمان دیـت لـەئازارو خـەم هـەموو دەبـن بەمایـەی سـڕینەوەی گوناهەکان ئەبوهوریرە ڕەزای خودای لەسەر دەڵێ کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی(من یعمل سوءًا یُعجزُبه)واتـا (هەرکـەس خراپەیـەك بکـات سـزای دەدرێـت)زۆرکـاری کردەسەرموسـوڵمانان وترسـان بۆیـە پێغەمبـەر درودی خـودای لەسـەرفەرمووی (کاردروست بن هەرچی ئەوشتانەی توشی موسڵمان دەبیت کەفارەتـە بۆ هـەر ناخۆشـیەك کەتووشـی دەبێـت یـان دڕکـیش کەبـچی بەگیانیـدا)صـحیح مـسلم ص٨٩٨ ﴾

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَـٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٧﴾ صدق الله العظيم ﴿شورى﴾

واتـا {ئەگـەر خـوا رزق وڕۆزیـی بـەفراوانی ببەخشێت بەبەنـدەکانی، دەسـتیان دەدایـە تـاوان وگونـاه وسـتەم لەزەویـدا، بـەلام بەحیـسابێکی وردو دیـاریکراو دەیانـداتی، بەڕاسـتی ئەوخوایـە زۆر ئاگـا وبینایـە بـە بەنـدەکانی وبـە(کـارو هەڵوێستیان}ت. ئا،

دونیا دەوران دەورانە

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي

لَشَدِيدٌ ﴿٧﴾ صدق اللة العظيم {ابراهيم}

واتا {(لەیادتان بێت)كە: پەروەردگارتان بریاری داوە،ئەگەر سوپاس گوزارو شوكرانە بژێربن(فەرمویەتی: رزق وروزیی ونازو نیعمەتتان) بەسەردا دەرژێنم،بەلاّم: ئەگەر ناشوكرو نابەرێزبن، بەراستی ئەوكاتە ئیتر تۆڵەو سزای من زۆر بەئازار دەبێت}ت. ئا،

لە١٩٩٤كاك(ف)لەیەكێك لەگەرەكەكانی شاری هەولێر لەخانوێك لەگەرەكی(س) بەكری دادەنیشت لەگەڵ خێزانەكەی كچێك وكوریٓكی هەبوو. كەم دەرامەت بوون .گوزەرانیان زۆرناخۆش بوو كرینی هەموو شتی بەكیلۆ ونیو كیلۆبوو(ف)كرێكاری دەكرد رۆژێك هەبوو سیٓ نەبوو چونكە وەك ئێستا نەبوو خانوو زۆر دروست بكریٓ ناچار دەبوو ئیشی تر بكات ئەوەی رۆژانە بەدەستی دەكەوت بەشی پێداویستیەكانی نەدەكردن چەندەها رۆژیان بەبرسیەتی دەبردە سەر باوك ودایكە دەیان توانی بەرگەی برسیەتی بگرن بەلاّم منداڵەكان كەتەمەنیان ٣ساڵ و٤ساڵ بوو نەیان دەتوانی دەگریان . دووروژ دایكیان نانێكی بۆ هەڵدەگرتن هەرجارەو كەمێكی بۆتەردەكردن یەكی پارچەیەكی پێدەدان تاكو بتوانن بخەون رۆژگارەكان زۆربەسەختی تێدەپەرین كری خانوویان بەحاڵ بۆدەدرا بەلاّم هیچ چارەیەكیان نەبوو رەمەزان بوو (ف)زۆری پیٓ شەرمبوو داوای زكات وسەرفترە بكات لەكەس بۆیە بەخێزانەكەی گووت دەچم بۆماڵی براكەم بزانم یارمەتیم نادات ئەوردەزانیٓ وەزعم چۆنەو كرێچیم و كاتی زكاتە ئەویش هەبوونە. ژنەكەی گووتی من حەزناكەم بچی بۆلای ئەو

خۆی دەزانـی حاڵـت چۆنە ئەگـەر بیویـستایە یارمـەتیت بـدات دەیتـوانی بێـت وسـەردانێکت بکـات بـەڵام (ف)گـویٰ پێنـەدا ڕۆیـشت . چـوو دوای سڵاوسـەلام. لەسەر ڕووی خۆی هەڵێنا وگووتی برا گیان زکاتت داوە ئەویش گووتی چاکت کرد هـاتی هێشتا نەمـداوە بەکەس خـەمت نـەبیٰ ئـەو(٣٠)دینـارە بگـرە بۆتـۆم دانـاوە (ف)گـووتی ئەوەنـدە پـارە کەمـە بـرام کیلـۆ شـەکرێکی پـیٰ نایـە بیکـڕم بۆمنداڵەکان؟

ئەویش گووتی بەخوا لـەتۆ فەقیر تـر هەیـە دەبیٰ بیـدەم بەخـەڵکانی تـریش خـۆ ناتەویٰ هەموو پارەکە لەدەستی تۆبکەم وادەزانی هەر ئەتوو نەبونی (ف)گووتی بەخێر نامدەیتیٰ بەقەرد بم دەییٰ براکەی پێکەنی وگووتی بەقـەرد بـدەمی بەچـی دەیدەیتەوە ها!، زۆربەنائومێدی وخەمباری گەڕایەوە ژنەکەی زۆر دڵنەوای کـرد گووتی من نەمگووت مەچوو بۆلای ئەوتەنها خێر دەکات و زەکات دەدات تـابڵێن هەبوونەودەوڵەمەنـدە. خـەم مـەخۆ خـودا هـیچ کـات ئـادەمیزاد لـەبیر ناکـات (ان اللەمع صـابرین)،(ف)چەند ڕۆژێـك بـەر لەجـەژن چووبۆ کـار بەوەسـتاکەی گـووت پارەکەم مەدەییٰ تاڕۆژی پێش جەژن بەڵکوو بتوانم هەندیٰ وردەبکڕم بۆ ماڵـەوە تاهەندێك دڵیان خۆش بکەم . ڕۆژی پێش جەژن کەدەکاتە ڕۆژی حالفە نیوەڕۆ بووگەڕایەوە ماڵ دڵی خۆشبوو منداڵەکانی بـانگ کـرد وەرن ئیـستا دەچـم شـتی خۆشـتان بـۆدەکڕم لـەبازاڕ چیتان بۆبکڕم؟کـچە بـچکۆڵانەکەی گـووتی جلێکـی جـوان کوڕەکـەی گـووتی مـن حـەزم لەبرنجـە بۆمـان بکـڕە (ف)ڕوی لـەدایکی منداڵەکان کرد گووتی ئەی تۆ حەزدەکەی چیت بۆبکڕم ئەویش گووتی کیلۆیـك شەکرو نیو کیلۆ ڕۆن لەگەڵ دوو سیٰ کیلۆ ئارد .گووتی باشە ئیستا دەچم زوو دەگەڕێمـەوە. هەسـتا پێڵاوەکـانی کـردە پـای گەیـشتە لای دەرگـا بـەقایم یـەکێك لەدەرگای دا ئەویش کەدەرگای کردەوە سەیری کرد خـاوەن خانوەکەیـە گـووتی فەرموو چیت دەوێت گووتی هاتووم بـۆکریٰ (ف)گـووتی هێشتا چـوار ڕۆژ مـاوە بۆئـەوەی کرێەکـەت بـدەمی خـۆت دەزانـی بـەیانی جەژنـە پێویـستم بەوپارەیـە

.ساحیب خانوەکە گووتی منیش هەرلەبەر ئەوەهاتوم تادوو ڕۆژی تر نەڵێ لەلام نیە سەرفم کردوە بۆ جەژن

(ف)هەرچەندپارایەوە فایدەی نەبوونەڕۆیشت تاپارەکەی لی وەرگرتت زۆر خەمبار بوو لەجیێگاکەی دانیشت .ژنەکەی گووتی خەم مەخۆ هەستە شەیتان بەنەعلەت کە بڕۆ ئاردەکە بکڕە کەس لەبرسان نەمردوە گوێ مەدەری ئەویش گووتی منداڵەکانم داوای برنجیان کرد چۆن بۆیان بکڕم کەس بەقەردیش بڕە پارەیەکم ناداتی هەتا برای خۆم کەداوام لێ کرد نەیدامی دەترسن کەنەتوانم بیدەمەوە.

بەیانی لەگەڵ دەنگی اللەاکبر ی مزگەوت خەبەریان بۆوە،نوێژیان کرد دایکی منداڵەکان هەندی ئەستوکی گەرمی کرد بانگی منداڵەکانی کرد هەستن نان بخۆین . منداڵەکانییان ماچکرد یەکی دیناریکیان پیدان زۆردڵخۆش، بوون بەم پارەیە ڕایان کردە دەرەوە بۆیاری بەلام کەمیکی پیچوو هاتنەوە گووتیان ئەمڕۆ جەژنە منداڵەکانی کۆڵان دەڵین ئەمڕۆ برنج و گۆشتمان هەبوو جلکی جوانیان لەبەرکردبوو ئەی ئیمە بۆ وەك ئەوان نین ، دایکیان دەستی کردەملیان زۆر گریا گووتی دوای بۆتان دەکرین (لەبەر ئەوەی نەبون بون کەس نەهاتە ماڵیان بۆ جەژنانە وایان دەزانی فەقیری ئەوان نەخۆشیە نەوەك تووش بین)ڕۆژان دەڕۆیشت ئەوخیزانەش بەو جۆرەگوزەرانیان دەکرد،لەبەرنەبونی و مسروف گران (کەبەحاڵ دەیانتوانی دار بۆنان کردن وئارد بکڕن تابێ نان نەبن لەگەڵ شەکرو چا)تەنها بۆمانەوە لەژیان . ڕۆژیك کچەکەی نەخۆش کەووت هیچ پارەی لەگیرفاندا نەبوو نەیدەزانی چیبکات لەکاتێك منداڵە بچووکەکەی هاواری دەکردوو دەستی لەسەر زگی داگرتبوو هەر دەگریا،دەیگووت من نازانم چۆن بیبەم بۆلای دکتۆر لەکاتێك تەنها دوودینار لەگیرفانم شك دەبەم، ناچاربوو شتێك بکات کەنەیتوانی زیاتر بەرگەی گریانی ئەم منداڵە بەستەزمانەبگرێ گرتیەباوەشی وبۆلای عیادەیەکی برد کەلەماڵیان زۆر دوورنەبوو

کەوایاریدەدەری پزیشکی پێ دەڵێن (سستەر یان موزەمید.یا پرین پێنچ)گووتی منداڵەکەم نازانم چیەتی هەرهاوار دەکات وزگی خۆی گرتوە ئەگەر چارەسەری بکەیت باشە ؟ ئەویش گووتی لەسەر تەختەکە داینی (ف)گووتی دکتۆر بەلام پارەم لانیە عیلاجەکەی بۆبکە دوای چەند ڕۆژێکی تر پارەکەت بۆدەهێنم ! لەوکاتە بەبێ هیچ بەزەیەك گووتی تۆ فلان کەسی باشە تۆ پارەی من چۆن دەدەی تۆ پارەت نیە بۆنان تۆ کرێچی .منداڵەکەت هەڵگرە بچۆوە ماڵەوەهەندێ چەوری بکەن وگەرم داپۆشن باش دەبێ(ف)لەدڵی خۆی گووتی دکتۆر ئەگەر پارەم لابا وات نەدەگووت منداڵەکەی هەڵگرت چووبۆلای یەکێکی تر دەنگی نەکرد تاچارەسەری کرد(دەرزیەکی لێدا ودووشروبی دایی)گووتی پارەکەی دەکاتە(٢٥)دینار (ف):ووتی دکتۆر من هیچ پارەم لانیە بدەمێ چەند ڕۆژێکی تر بۆت دەهێنم دکتۆرەکە وتی بمزانیبوایە ئەوەندە عیلاجەم پێ نەدەدا بەلام پارەکە تاخیر مەکە؟ ئەویش زۆر ممنون بوو سوپاسی کرد. تا دەهات باری ژیان قورستر دەبوو نەی توانی سێ مانگ کرێ خانوو بدات هەر جارێ ساحیب خانوو دەهات هەرایەکی لەگەڵ دەکرد لەبەر پارەکەی ڕۆژێ هاتوو گووتی ئەگەر کرێت پێ نادرێ چۆلیکە بۆم خۆمن خانووم بۆ خێرات نەکریوە دوو ڕۆژی تر دێمەوە یان پارەکەم بۆدادەنێی یان بڕۆدەرەوە.

خێزانەکەی گووتی دەچم لەلای خاڵم هەندی پارە دەهێنم،چوو بۆماڵیان گووتی هاتووم ئەگەر (٢٠٠)دیناریش بێت تەنها کرێ مانگێکیش بدەین هەرباشە خاڵی هەزار سوێندی خوارد کەنیەتی ئەگەر لەدەستی دابوایە پێدەدا وگووتی بەڵێنم بەمنداڵەکان داوە تەلەفیزیونەکەیان بۆبگۆڕم بیکەم بەکۆنترۆڵ ئەویش گرانە بەنۆهەزارە(٩٠٠٠)ە هەرئەوەندیشم لایە.زۆربەدڵ شکاوی گەڕایەوە بەپیاوەکەی گووت من هەڵەم کرد چووم ئەوان لەئیمە هەژارترن خۆزگەشتیکمان هەبوایە پارەی کردبا تابمان فرۆشتایە بەلام لەسەرەتاوە کەوا لەماڵی باوکت هاتینەدەر هیچمان نەبوو ئەوانیش هیچیان نەداینی نەبەرماڵیك نەدیناریك .

دووڕۆژی پێ چوو خاوەن خانووهاتەوە گووتی هێشتا چۆلت نەکردوە دیارە پارەت پەیدا کردوە ئەوانیش گووتیان ئەو مانگەش سەبر بگرە لێمان تادەتوانین بۆتی پەیدابکەین. بەبێ بەزەییانە ڕوی کردە ژوورەوە چوو ماڵەکەی وردە وردە فڕێدایە دەرەوەی خانوەکە ، (ف)هەرچەند هاواری کرد بۆ وادەکەی خوا قبوڵی ناکا بۆ وامان لێ دەکەی خێزانەکەی لەگەڵ منداڵەکانی دەگریان لەبەر دەرگا وەستابون تا ساحیب خانوو هەموو ماڵەکەی فڕێدانە دەرەوە و دەرگای قایم کردو ڕۆیشت. (ف) هەندێ لایلۆنی کڕی و لە پارچە زەویەکی چۆل کەپرێکی بە لایلۆن دروست کرد ماڵ و منداڵەکەی لە ژێری دانا ، پاش چەند ڕۆژێك بەیانیەکی زوو یەکێك بانگی کرد کێ لێرە؟کێ لێرە دەژی ؟ (ف)هاتە دەرەوە و گووتی : فەرموو من لێرە دەژیم لەگەڵ خێزانەکەم .پیاوەکە گوتی : من بەڕێوبەری ئەم قوتابخانەیی نزیك ئێرەم چەند ڕۆژێکە تێپەر دەبم ئێوە لێرە دەبینم بەسەرهاتی تۆ چیە بۆ لێرە دەژی؟ ئەویش بەسەر هاتی خۆی بۆ گێرایەوە.

مامۆستایەکە گووتی : بەڕاستی ئەم بەسەر هاتەی تۆ زۆر کاریگەرە . ژورێکی زیادەمان هەیە لە قوتابخانەکە ، وەرن بۆخۆتان تیایدابژین (ف)زۆر سوپاسی کردو گووتی : تۆ بەڕاستی پاوێکی باش وبەڕێزی قەت لەچاکەت دەرناچم ، ماڵەکەی گواستەوە بۆ ئەوێ مامۆستاکە ناوی نوسی بۆ (فەراشی) موچەی بۆدابین کرد .(ف)لەگەڵ کارەکەی کاری تریشی دەکرد لە بازار . دوای ماوەیەك حالو گوزەرانیان زۆر گۆڕا هەروەك کوردەواری خۆمان دەڵێن (ئەوەی لە خوا خافرە کافرە) دوای چەند ساڵێك (ف) خانووی کری بوون بەخاوەن خانوی خۆیان وە دوای ماوەیەك ئۆتومبێل(سەیارە)شی کڕی وای لێهات پاش چەند ساڵێك پارەی بەقەرز دەدا بەخەڵك . خزم و ناسیاری زۆر ببون وە زوو زوو دەهاتن بۆ سەردانی. وە لەساڵ(٢٠٠٨) خانووەکی کری دای بەکرێ . چەندمانگێك چاوەڕێی کرد کرێ چیەکەی پارەکەی بۆ بێنی بەلام نەی هێنا

ئەویش زۆری پێ شەرم بو بچێتە بەر دەرگای کرێچیەکەی داوای کرێی لێ بکا تابووبە پێنج(٥) مانگ هەر کرێی نەهێنا ئەویش هەستا چو بۆماڵیان لەدەرگەی داو کرێچیەکە دەرگای کردەوە سەلامی کردو زوو ناسیەوە بەلأم کرێچیەکە ئەوی نەناسیەوە .

گووتی: فەرموو ؟

گووتی: هاتوم بۆ کرێ ! تۆ ٥ مانگە کرێچی منی و هیچ پارەت نەداوە ؟

ئەویش گوتی بەخوا هیچم لەدەست دانیە ئەگەر نا کرێیەکەم بۆ دەهێنای (ف)گووتی تادوو ڕۆژی تر لەسەرت دەوەستم کرێی ئەم پێنج مانگەم بۆ پەیاکە . دوای (هەفتەیەك)سەردانی کردەوەو گوتی ئایا کرێیەکەت بۆ ئامادە کردوم کابرا کەوتە پاڕانەوە بۆم پەیا ناکری بڕوابکە ، من زۆر مەمنونی تۆم تۆ ٥ مانگە لەسەرم وەستاوی بەلأم نیتم کەسیش پێم نادات بەقەردیش نازانم چیبکەم.

(ف) گووتی : مادەم کرێت پێنادرێ وادەچم دوسێ کەس بانگ دەکەم تا ماڵە کەت فڕێ دەنە دەرەوە چونکە من شەرم دەکەم ماڵەکەت فڕێدەم وەکو ئەوەی تۆ کردت کەسێ مانگ کرێم نەدا ماڵەکەت فرێ دامە سەر شەقام زگت بە ماڵ و منداڵەکەم نەسوتا بەلأم من تۆڵەی خۆم ناکەمەوە چونکە خوای گەورە هەر خۆی زانایە،من قەت وەك تۆ دڵ ڕەق نابم

ئێستاش چیدەڵێی!کابرا کەوتە گریان گوتی بەراستی تۆ فلأن کەسی تخوا ئەتۆ(ف) گەردەنم ئازاکە ئەوە تۆڵەی تۆیە خوا لەمنی سەندەوە ئیستاش حەقی خۆتە(ف)گوتی: من ئەو کەسەنیم کە بە خەیاڵیش بیری لێ بکەمەوە بڵێم تۆڵەی منە خوا لەتۆی کردەوە وە تۆش ناتوانی وابڵێیت ئێستاش من لە کرێی ئەم پێنج مانگەت خۆش بوم ئێستاش لە خانوەکە دابنیشە ئەگەر کرێکەت پێدرا بیدە ئەگەر پێشت نەدرا گەردەنت ئازابێ کە هاتەوە ماڵ سەیری کرد براکەی لەوێیە هەر ئەوبرایەی داوای قەردی لێکردو پێی نەدا هاتووە داوای قەردی

لێدەکا گووتی : براکەم ئەوکات کرێ خانووم پێنەدەدرا هاتم بۆ بڕێك پارە گوتت نیمە کە تەنها دەعوەتێکت بۆ هاورێیەکانت دەکرد پارەی چوار کرێ خانووی منی پێدەدرا ئێستاش من پارەت نادەمێ بەقەرز،! ئەویش گوتی حەقی خۆتە ،؟ (ف)گووتی بەهەڵە لێم تێمەگە ئێمە برای یەکین هیچ کات خوێن نابێ بە ئاو هەر چەندێکت دەوێ بەچاوان بە گەردەن ئازایی پێت دەدەم تەنها خوا یارمەتیم بداویتوانم .

زۆرجار لەگەڵ منداڵەکانی دادەنیشت دەیووت من هەرچەند خودا بمداتێ فەقیرێ وهەژاری خۆم لەبیر ناکەم ئەوکاتانە لەبیر ناکەم کەوا نان ببوو بەحەلوا . هەژاری و دەوڵەمەندی هیچ کات نابێتە مایەی سەرفرازی و لەخۆبایبون زۆر جارشەرمەزاری وناهومێدیە. تەنها ئەوەی مایەیی خۆشیە نیەت پاکی ودڵ پاکیە وهەست بەیەکتری کردنەلەخۆشی وناخۆشیدا.

بابەتی چوارەم
چاووزار ڕاستە یان قەزاو قەدەر وهەجەل؟

(ایهما حق، العین ام القضاء والقدر)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا

يَسْتَقْدِمُونَ (٣٤) صدق الله العظيم { الاعراف}

واتا {(هەموو نەتەوەیەك تەمەنی سنووردارە) لەکاتی دیاری کراودا کۆتایی بەدەوری دەهێنرێت،هەرکاتێ ڕۆژیان تەواو بوو تاوێك دواناخرێن وتاوێکیش پێش ناکەون} ت.ئا،

خوای گەورە ئادەمیزادی بەبێ سەبەب دروست نەکردوە وەبەبێ سەبەبیش نایگەڕینێتەوە بۆژێر گۆر. چۆن بۆهاتنە دونیای کاتی دیاری کردوە بۆمردنیشی کاتی دیاری کردوە . ئادەمیزاد زۆرجار بە کتووپڕی ماڵئاوای کردوە لەژیان یان بەڕوداو یان بەنەخۆشی یان خۆیان کوشتوە ..هتد!

ئەبوو هوڕەیرە ڕزای خوای لەسەر دەڵێ . پێغەمبەر درودی خوای لێبێت دەفەرموێ(بڕواداری بەهێزچاکترە وخۆشەویست ترە لای خودای گەورە لەبڕواداری لاواز. سووربە لەسەرئەوەی کەخودا سوودت پێدەگەیەنێت داوای یارمەتیش تەنها لەئەوبکە دەست پاچە مەبە ئەگەر شتێکت توش هات مەڵێ ئەگەر وام بکردایە وانەدەبوو "وا" کاری شەیتان دەکاتەوە)صحیح مسلم ص٩١٤

لەئاهەنگێکی بووك گواستنەوە دووناسیار یەکتریان بینی دوای ماوەیەکی زۆر کەدووربوون یەکتریان نەبینیبوو یەکێکیان پرسی ؟کوڕەکەت چۆنە لەگەڵ

خوێندن ئەوەی من بیزانم دووایین ساڵیەتی ؟ ئەویش لەوەڵامدا ووتی باشەو باشنیە. دەترسم دەرنەچێ ماندوبونەكەی بەلاش بچێ.

لەڕاستیشدا وانەبوو چونكە كوڕەكە لەخوێندن زۆر زۆرباش بوو بەڵكو باشترین وزیرەكترین خوێندكاربوو لەپۆلەكەی، باوكەكەترسی هەبوو لەوەی توشی چاووزاربێ بۆیە وای گووت،

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ صدق الله العظيم {توبة}

واتا {ئەی پێغەمبەر، تۆش بڵێ: هەرگیز لەوە زیاترمان بۆپێش نایەت كە خوا لەچارەی نووسیوین(هەرچیش بۆمان پێش دێت هەر خێرە بۆمان) ئەوزاتە (هەمیشە) یار ویاوەر وپشتیوانمانە، دەبێت ئیمانداران هەر پشت بەخوا ببەستن}ت.ئا،

ڕوداوی کەژاڵ

کەژاڵ کچێکی ژیرو ڕووخۆش و خەندەئامێزبوو لە کۆلیژی(....)دەیخوێند کچی گەورەی ماڵەوە بوو دووبرا وخوشکێکی هەبوو .! دابوو نەریتی کوردەواری هەندێ جار ناخۆشی ودڵ عادزی پەیدا دەکات چونکە لەساڵی هەشتاکان زۆربەکەمی کچان دەیانتوانی خوێندن تەواوبکەن . جیران وخزم وناسیاوەکان دەیانگووت چۆن کچێکی واگەنج وجوان تەنها هاتوو چۆبکات بۆ خوێندنگا ڕۆژێك نیە دوونیە ئاوا چۆن دەبێ . هەریەك لەلایەك بەجۆرێك باسی لەسەردەکردوو دەدوا .

کەژاڵ باوکی نەمابوو لەکاتێك دایکیان هەم دایك وهەم باوك بوو بۆیان،بەنان کردن بۆخەڵك وجلدوورین منداڵەکانی بەخێودەکرد بەم جۆرە دەژیان بەوحاڵەش وازیان لێنەدەهێنان . دایکی دەیگووت لەوکاتەی باوکیان نەماوە خەمەکان وئەرکەکان هەمووی کەوتۆتە ئەستۆی من تەنها خەون بەوە دەبینم ڕۆژێك کەژاڵ خوێندن تەواوبکات ومنداڵەکانی تریشم لەخەم بچنە دەر ئاخ بۆئەم ڕۆژەکەی دێت دەبێ ببینم بەرلەوەی بمرم،ڕۆژی پێنج شەمە بووکەژاڵ گەڕایەوە بۆماڵ هەڵدەپەڕی لەخۆشیان دەیگووت دایکە ڕۆژی شەمە لەگەڵ هاوڕیان ومامۆستاکان دەڕۆین بۆدەرەوەی شار بۆسەفرەو سەیرانگا ڕۆژێکی خۆشدەبێت وانیە چیم بۆئامادە دەکەی چی لەبەربکەم ؟ دایکی گووتی کەژاڵ گیان تۆنابێ بچیت ! کەژاڵ بۆدایکە بۆ؟ ئەویش ووتی کچەکەم خەڵك چی دەڵێن من ناتوانم ڕێت بدەم گیانەکەم لێم تێبگە. بەڵام دایکە هەرچۆنێك بێت خەڵك هەرقسە دەکات ئەگەر لەماڵی خۆت دەرگا دابخەی لەسەرت هەر باست دەکەن، نازانم چیبڵێم کچەکەم ئەگەر براکەت (ك)لەگەڵخۆت دەبەی تابەتەنها نەبی باشترە، کەژاڵ ڕازی بوو کەبراکەی تەمەن دە ساڵنی لەگەڵ خۆی ببات . دایکی چووبۆ بازاڕ کەرستەی دۆڵمەومیوە وچەرەزاتی بۆکڕی هاتەوە بەکەژاڵی گووت

خۆزگە بمتوانیبا شتی زۆرترت بۆبکرم تا زیاتر دڵت خۆشبکەم بەلآم هەر ئەوەندە لەتوانامدابوو .

ڕۆژی شەمە بەیانی زوو هەڵسان لەخەو خۆیان ئامادە کرد کەژاڵ جلی کوردی لەبەرکرد لەگەڵ براکەی شتوومەکەکانیان هەڵگرتوو گووتی :کاتژمێر بووبەحەوت تانیوکاتژمێری تر دەبێ لەوێ ئامادەبین خواحافیزیان کردوو دەرگایان بەدوای خۆیان قایم کرد گەیشتنە سەری کۆلآنەکەی خۆیان هاوسی کەیان گووتی کەژاڵ خێرە بۆکوێ بەم بەیانیە زووە یەکێکی تر گووتی بۆواخۆت ڕازاندۆتەوە دەڵێ دەچیی بۆشایی هەریەك بەجۆریك قسەی پێگووت ؟ کەژاڵ : سەفرەی خوێندنگامان هەیەبراکەشم لەگەڵ خۆمدادەبەم ئێستا ببورن دوادەکەوین دوای دەتانبینمەوە . هەندێك ڕۆیشت لەناکاو جلەکانی لەقاچی ئالآن زۆربەسەختی کەوتەسەر زەوی هاواریکرد ئای قاچم. براکەی گووتی چیبوو هەڵسەوە. هەرچەند هەوڵیدا هەڵبستێتەوە بەلآم نەیتوانی بەبراکەی گووت برۆ زووبانگی دایکم بکە ناتوانم جولەبکەم قاچم زۆرئازاری هەیە،دایکی زووهات ئەوەچیە بۆ واتلێهات بەهەردووکیان کەژاڵیان بڵند کردوو بەهەرجۆرێك بێت بردیانەوە بۆماڵ بەلآم وردە وردە ئازاری قاچی زیادی دەکرد . تەکسیەکیان هێنایە بەردەرگاو کەژاڵیان خستە ناوی وبردیان بۆنەخۆشخانەی فریاکەوتن . کەدکتۆر سەیریکرد ووتی ئەوە تۆچۆن کەوتووی قاچی خۆت واشکاندوە دەبێ هەرئێستا لەگەچی بگرین بۆت .

کەژاڵ بەدایکی گووت هەموو ئەو باجی(.)وباجی(.) بوون چاویان لێدام هەربۆیە واملێهات . دایکی ووتی قسەی وامەکە کچەکەم تۆ بەخۆت لەخۆشیان ئاگاداری بەردەمت نەبوی بۆیە کەوتی . هەرچۆنێك بێت کەژاڵ نەیتوانی بچێت بۆ سەفرەکە لەگەڵ هاورێ یانی لەدڵی خۆی دەیووت دەبێ ئێستا لەکوێ بن چیبکەن ئەگەر وام لێنەهاتبوایە لەگەڵیان بووم هەزار خەیاڵی دەکرد زۆری پێنەچوو لەنەخۆشخانە بوو بەهات وهاوار وراکردن ئەویش لەگەڵ دایکی

نەیاندەزانی چیبوە . دوای ماوەیەك دکتۆرێك هاتەلای کەژاڵ گووتی ئیستا چۆنی ئازاری قاچت باشتر بووە .
دایکی کەژاڵ گووتی دکتۆر گیان ئەم هەراو هۆریایە چیبوو کەمێك پێش ئێستا؟
دکتۆرەکە ووتی ڕوداویکی دڵ تەزین بوو چەندەها گەنج مردن بەهۆی ڕوداوی هاتووچۆ هەمووی دەگەڕێتەوە بۆلێخورینی خیرا .
لەناکاو بەڕێوبەری خوێندنگاکە لەوێوە تێپەڕبوو کەژاڵ بانگی کردماموٚستا گیان تۆچیدەکەی لێرە؟ ئەویش سەیری کەژاڵی کرد گووتی تۆچۆنی باشی ئازیزم لەخوا بەزیادبێ دیارە هەرقاچت شکاوە کەزانیم بەپەلە هاتم ئای خوایە گیان ئەوەچیبوو ڕویدا بۆتان. کەژاڵ ووتی هەرمنم ماموٚستا دایکم باشە تەنها لەبەر من لێرەیە. ئەویش : کچەکەم تۆچی دەڵی تائێستا دوانزە مردوون دیارە دڵیان نەهاتووە بۆت باس بکەن، کەژاڵ لەرزیکی بەلەشداهات گووتی چی ماموٚستا باسی چی دەکەی؟ ماموٚستاکە ووتی ئەی تۆش لەگەڵ ئەوان نەبویت لەڕوداوەکە ئەی تۆلەکوێ بوی؟باشە تۆ چۆن قاچت شکاوە؟من نازانم تۆباسی چیدەکەی یا من باسی چیت بۆدەکەم ؟
دایکی ووتی چ باسە ئیوە بۆلەیەکتری حاڵی نابن ماموٚستای بەڕێز چیبوە تۆبۆلێرەی من دڵنیام تۆ لەبەرکەژاڵی کچم نەهاتووی چی تۆی هێناوەتە ئێرە پێمان بڵێ؟ئەویش :ووتی ئەو کۆستەرەی بۆسەفرە دەرچوو بەیانی تووشی ڕوداوێکی ترسناك بویەوە سەرنشینەکانی کەخوێندکارەکان ودوو ماموٚستا بوون تائێستا ماموٚستایەك ویانزە قوتابی مردوون ئەوانیتریش زۆربەسەختی بریندار بوونە منیش کەزانیم توشی ڕوداوهاتون زوو هاتم کەتۆم بینی وام زانی تۆش لەگەڵ ئەوان بوویت بۆیەهاتمەلات لەهەواڵم پرسی ئەگەر تۆ لەگەڵ ئەوان نەبووی تۆبۆلێرەی بەسەرهاتی تۆچیە چۆن قاچت شکاوە؟

کەژاڵ کەوتە گریان وهاوارکردن هاوڕێیەکانم مردوون چۆن ئەی خوایەگیان ئەوەچ روداوێکە ئەگەر من لەگەڵیان ڕۆشتبام بۆی هەبوو منیش بمردمایە من هەجەلم نەهاتبوو . زۆرگریا بۆهاوڕی ومامۆستاکانی وبۆحاڵی خۆی . بەڵی کەژاڵ دڵ تەنگ بوو بەروداوەکەی کەبەسەری هات بەڵام کەس نازانی چی بۆئەوباشە تەنهاخودای گەورە نەبێ ،لەڕوداوەکە تەنها چوار خوێندکار ژیان ئەوانی تر مردن کە ژمارەیان بیست وچوار قوتابی بوو.

نیەت

برایەکی بەڕێز بۆی گێڕامەوە گووتی: لەسوچێکی کۆڵانەکانی ناوبازاڕ پیاوێکی غەریب وهەژاروو پیری بەساڵاچوو کەوتە بەرچاوم بەپەرۆشبووم بزانم بەسەرهاتەکەی چیە کەزۆرجار بەلایەوە ڕەت دەبووم دەمدیت هەردەم هەناسەی ساردی هەڵدەکێشاو دەیگوت ئاخ . زۆر پرسیارم دەکرد لەوخەڵکانەی دەورووبەری هەموو هەریەك ولامیان دەدایەوە کەهیچ نازانن چونکە ئەو ڕازی نیە باسی خۆی لەلای کەس بکات هەرچەند داوامان لیکردوە ! چەند ڕۆژیك لەلای دادەنیشتم دەمگووت من بەسەرهاتی تۆ نازانم چیە ئایە ئەوەندە دەهێنی والەخۆت بکەی هەمووکات مات ومەلول بیت وخەیالاتی زۆربکەیت؟ دەیووت هەستە لەلام بۆخۆت برۆ کاتی خۆت بەفیرۆمەدە. ڕۆژێك گووتم من حەزدەکەم بەژداری خەمەکانت بم تەنها دڵت بۆم بکەوە بەڵکو بتوانم یارمەتیت بدەم . ووتی دیارە تۆ وازناهێنی .؟گووتم نەخێر ئەمرۆش بۆم باس نەکەی بەیانی دێمەوە باشترە بۆم باسکەی. هەرچۆنێك بێت رازیم کرد کەبەسەرهاتەکەی باس بکات بۆم،

ووتی: من تەمەنم(٥٢)ساڵە زۆر بەتەمن نیم بەڵام خەمی دونیا وبەسەرهاتە کتووپڕەکان منییان پیرکرد. خاوەن ماڵ ومنداڵ وماڵاتێکی زۆربووم چوار کوڕو

ودووکچم هەبوو کوڕەکانم گەورەتربوون لەکچەکان . بۆهەرچواریان ژنم هێنابوو هەریەکەیان دووسێ منداڵیان هەبوو.
لەم ساڵانە وەك ئاگاداری باران نەدەباری ووشکاتی وقات وقڕی ڕویتێکردین. لەترسی نەمانی مەڕومالأتمان ڕومان کردە دێهاتێك لەناوچەی سەرەوە مانگی نیسان بوو لەدۆڵێك ڕەشماڵمان هەڵدابوو خەریکی ئیش وکاری ڕۆژانەی خۆمان بووین بەیانیان لەگەڵ یەك لەکوڕەکانم دەچوین بەتۆیۆتا بۆ بازاڕ ماست وپەنیرو فرۆ وژاژییمان دەبرد کەدەگەڕاینەوە بەهەمان شێوە پێداویستی خۆمانمان دەکڕی نزیکەی بیست ڕۆژێك وا دەگوزەراین زۆرشاد بەختەوەربوین چونکە لەوەڕەکەی ئەم ناوچەیە زۆر بەپیتوو بەرەکەت بوو.
ڕۆژێك بەرەو ئێوارە مەڕومالأتەکەمان هێنایەوە منیش وردە وردە بەسەر گردێك کەوتم کەنزێك ئەوێ بوو بەرامبەر خاووخێزانەکەم دانیشتم دوور بەدووری سەیرم دەکردن خێزانەکەم وبووکەکانم وکچەکانم وکوڕەکانم ونەوەم هەموو لەم ناوە خەریکن هەریەك بەکاری خۆیەوە. لەوکات نیەتێکی خراپ بەدڵم داهات شەیتانی پیس غەڵ غەڵەی بەدڵم کرد بێ ئەوەی بڵێم(الحمدلله)یان (ماشاالله)ووتم سەیرکە ئەم دۆڵە هەمووی پڕەلەماڵأتم پێنج سەد سەر حەیوانم هەیە،کوڕوکچ ونەوەم هەیە قەت بڕواناکەم من بێ کەسبم یان هەژاربم ؟ کەم ناکات بەڵکوو هەر زیادیش دەکات. خۆئەگەر کچێکم بمری یەکم بۆدەمینێ وەئەگەر دووکوڕم بمری دووم بۆدەمێنێ وەئەگەر دووسەد سەرمەڕم نەمێنێ سێ سەدم بۆ دەمێنێ.هەرلەسەر گردەکە تۆزێك ڕاکشام ماوەیەکی کەمی پێچوو هەوور بەری ئاسمانی گرت .گووتم بارانی بەهارە دەباباریێ . پاش کەمێك نم نم باران دایگرت بەرەبەرە زیادی کرد هەرگووتم ئیستا تەواو دەبێ گەوارەی نیسانە زوو تێدەپەڕێت بەلأم هەر لەزیادبووندابوو تاوەکو بوو بەلافاوجێگاکەی من بەرز بوو بەلأم ئەوجێگایەی خاووخێزانمی لێ بوو دۆڵ بووهەر چەند هاوارم کرد گوویان لەمن نەبوو ئەوانیش هەروایان زانی کەمێك ددباری بۆیە

چوونە نـاو ڕەشماڵەکـە هەرچـەند دەمویـست ڕاکـەم بۆلایـان قاچـەکانم هـەڵیان نـەدەگرتم هەرچـەند هـەوڵم دا بـێ فایـدەبوو هەرئەوەنـدەم دی لافاوەکـە ڕویکـردە دۆڵەکە هەمووی ڕاپێچ دا منیش هەرسـەیر دەکـەم مـاڵ ومنـداڵ وماڵـاتم هەموی بـرد ئەسـپەکەم لەشـوێنێکی دوور لـەوان بەسـتابویەوە سـەیرم کـرد گوورگێـك بۆلای رادەکات بەغار دەیەوێ پەلاماری بـدات منیش کلاشینکۆفەکەم لـەلابوو یەکسەر نیشانم لی گرتوو کوشتم لەتاو هـەمویان منیش رقی خۆم بەم گورگە دەرکـرد. بۆمـاوەی نیـو کاتـژمێر بـارانێکی بـەخوور هاتـەخوار .دوای هـەور لەئاسمان نەما منیش هەستام لەشوێنەکەم بزانم قاچم چی بەسەرهاتوە بۆ هەڵم نـاگری بـەلاّم هـیچ عـەیبێکیان نـەبوو تاتوانـام هـەبوو ڕامکـرد(دەمێـك وەسـتا لەقسەکردن چونکە گریان ڕیی پێنەدەدا هـەر فرمێسکەکانی دەسڕی هەناسەی هەڵدەکێشاو بەدەسـتی لەسـینگ وقاچـی دەداو دەیگـووت ئـاخ ئـەوە چـیبوو نازانم)! چووم بەلاّم چیم بینی خودایە ئەوەی دوژمنیشە نەبینێ ئەوەی لەگەڵ لیتەو ئاو خنکاوە ئەوەیشی دیارنـەماوە کـە بۆکوێ بـردوە ئـەم لافاوە ڕامکـردە لای ئەسـپەکەم بۆئـەوەی بـچم خـەڵك ئاگاداربکەمـەوە لـەوەی بەسـەرمان هـات سـەیرم کـرد کـوڕە گەورەکـەم لـەوێوە کـەوتوە ناڵـە ناڵیـەتی لەباوەشـم گـرت ئەوەچیە کوڕم چۆنی تۆباشی؟گووتی باوکە تۆ لێت دام تۆم بینی لەسەرگردەکە ویستم بێم بۆلات ئاگادارت کەمەوە وامزانی نازانی .بەلاّم تۆگولەیەکت لێدام وبریندارت کردم.

گریام لەسـەری خۆمدا گووتم باوەڕم پێبکە کوڕم وامزانـی گـوورگی پـەلاماری ئەسپەکەم دەدەی بەلاّم زۆری پێنەچوو ئەویش مـرد منـیش کەئەولەبـەر دەسـتم گیـانی دەرچـوو کـەزانیم بـەخۆم کوشـتم کەشـەیتانی نەعلـەتی وای لێکـردم لەداخان چەکەکەم کەهێشتا لەدەستم دابوو بەقایم بەزەویم دادا قۆنداغەکەی بەرزبۆوە بەچاوم کەوت چاوی ڕاستەم کوێر بوو وەك دەبینی . مغریب داهات دونیا تاریك بوو هەر ئەوتاریکیە بەردەوام لەژیانم ماوەتەوەو هەر دەمێنیتەوە .

نیـــەتێك وغەڵغەڵەیـــەکی شـــەیتان مـــاڵی کـــاوڵکردم تـــەنها بـــەماوەی کـــەمتر لەکاتژمێرێك هەموو خۆشیەکانی ژیانم هەمو و شتێك بوو بەخەون بەڵام بەداخم کەخەوون نیە بەڵکوو راستیەکی تاڵە خۆزگە منیش دەمردم لەگەڵ ئەوان بەڵام خودای گەورە منی ژیاند تابەچاوەکانی خۆم ببینم لەناوچوونی بنەماڵەم لەبەر غروری خۆم .

ئایـه ئـەوەی بەسـەرم هـات چـاو زاری خـۆم بـوو یـان قـەزاو قـەدەر بـوو یـان. یان....هتد!

منیش دەڵێم (ئەم ڕوداوە بەسەرهاتی پێغەمبەر ئەیوبم بەبیر دەهێنیتەوە) علیە سلام.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةًۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٣٥﴾

صدق الله العظيم ﴿الانبياء﴾

واتا: {هـەموو کەسـێك دەبـێ مـردن بچێژێ و(شـەرابی مـەرگ بنۆشـێ)ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بە شەڕو ناخۆشی وبەلاٌ، وەبەخێرو خۆشی ودارایی وتوانایی سەرئەنجام گەڕانەوەتان بۆ لای ئێمەیە}ت،ئا.

(مرۆڤـی بـاوەڕدار تـاقی دەکرێتـەوە ، ئەگـەر بەرگـە بگـرێ ئـەوە لـە قیامـەت پاداشتی زۆر وەردەگرێت)انشاالله،

هەجەلی چۆن هات؟

لەساڵەکانی (١٩٨٠تا١٩٩٠)حکومەت بەعس دەستی بەهەڵمەتێك کردبوو کوردەکانی دەگرت بەناوی پێشمەرگە وڕاکردوو لەخدمەی عەسکەری . زۆری کیمیاباران وئەنفال کردکەبەهیچ جۆرێك ئەوەی زەرەیك بەزەیی لەدڵ دابوایە پێ قبوڵ نەدەکرا کەئێستاش لەبیرنەکراوەو لەبیریش ناکری هەرچەند کاتەکان وساڵەکانیش تێپەڕبن چونکە لەناخمان برینێکی قووڵی جێهێشتوە.

زۆرگەنج وئافرەت و پیر بونە قوربانی بەبێ تاوان ، لەدێ یەکانیش کەس پارێزراو نەبوو لەدەستی چەند گەنجێکیان گرت لەگوندی(..)بۆچەند مانگێك بێ سەرو شوێن بوون . کەس وکاریان زۆر بەدوایان داچوون بۆئەوەی تەنهابزانن چیان لێهاتوە ماون یان مردون هەوڵیان دا واصیتەیان کرد پارەی زۆریان ژمارد. تاڕۆژێك هەواڵیان پێگەیش هێشتاماون دیسان بەسەدجۆر پاڕانەوەو پارەدان وتەشەبوز بەکاربەدەستان بەڵکو بتوانن بچن سەردانیان بکەن بیان بینن . دوای ساڵێك خەبەریان بۆهات کەوا ڕێیان پێدراوە سەردانیان بکەن لەبەندینخانەی(..)

ئەوان بەپەرۆش بوون بۆ بینینیان ڕۆژەکە دیاری کرا ئەوەی دەچێت بۆ دیتنی برای ئەوی تر پیاوی ئەوی تر کوڕی هەریەك بەجۆرێك : خەڵکەکە خۆیان ئامادە کردوو کۆستەرێکیان گرت. دایکی کاك(ج)وەك خەڵکی ئاوایی خۆی ئامادە کردوو لەگەڵیان بڕوات بۆدیتنی کوڕە تاقانەکەی کەوا ساڵێکە نەیبینیوە زۆرپەرۆشە بۆی کەلەمنداڵی بەبێ باوك گەورەی کردوە هەم دایك بوە بۆی هەم باوك . زۆرشتی کڕی بوو لەخواردن و جل وبەرگ ،بەناوی خودا بەڕێ کەوتن .کەمێك ڕۆیشتن دایکی (ج)هەرخەریك بوو پشتی خۆی دەخوراند .پاشان پشتی خۆی بەپاڵ پشتی کوشینەکان دادەخشاند، ئەوئافرەتانەی لەگەڵی بوون گووتیان ئەوەچیە بۆ بەم جۆرەپشتت دەخورێنی ووتی واهەست دەکەم مێروستانێك لەپشتمە . پاش کەمێك دیسان دەستی بەجولەجول کرد ئافرەتەکان ووتیان باسەیرێکی پشتت بکەین بزانین چیە ئاوا نارحەتی کردووی لەلای ملیەوە سەیری پشتیان کرد گووتیان هیچ دیار نیە نازانین چی تۆی نارحەت کردووە یەکێکیان کردیە پێکەنین وگووتی لەخۆشی ئەوەی دوای

سـالێك کوڕەکـەت دەبـینی جولـەت پێکـەوتوە بەتـەمای لەخۆشـیان بـاڵ بگـری .زۆری ڕۆیـش کـەمی مـاوە ئێـستا دەگـەین ئەوەندەپەلـە مەکـە. بـەڵام دایکـی (ج)هەر دەیگووت من دەزانم شتێك لەناو جلەکانمە بەڵام نازانم چیە ئێوەش هەر گاڵتەم پێبکەن .ووتیان دیارە درکێك بەجلەکانتەوە نوسـاوە ئێمـەش سـەیرمان کرد بەڵام هەر نەماندۆزیەوە خۆشت باش دەزانی پیاومـان لەگـەڵ دایە نـاتوانین جـوانتر بـۆت بگـەڕێن. بەهـەرجۆرێك بـێ ڕێگاکـەی بـڕی گەیشتنەجێگا ناویـان خوێندرایەوە دایکی(ج)کەچاوی بەکوڕەکەی کەوت زۆر بێ تاقەت و ڕەنگ زەرد بوو. کەوتە گریان ولەباوەشی گرت .(ج) دەستی دایکی ماچ کردوو گووتی دایە گیان توخودا والەخۆت مەکە من باشم ئەگەر هیچم لەسەر نەدۆزنەوە هەر بەرم دەدەن باماوەیەکی پێبچی . بەینێك دانیشتن بەیەکەوە بەڵام دایکی نـاوە نـاوە هەر پشتی خۆی دەخوراند.

(ج)ووتی دایکە چیە بۆ ئەوەندە پشتت دەخورێنی خوانەخواستە هیچ بووە ووتی نەخێر کوڕم هیچ نیە بەڵام ماوەی ئەو هەموو ڕێگایە مێروستانێك لـەناو جلە کانم دەسورێتەوە ناڕەحەتی کردووم .

(ج)بێنە باسەیرێکی بکەم بۆت.

ووتی کوڕم لەڕێگا ئەم ئافرەتانە زۆر گەڕان لەناو جلەکانم هیچیان نەدۆزیەوە لێم گەڕی تادەچمەوە ماڵ ئەوکات هەموو جلەکانم دەگۆڕم.

(ج)باسەیری پشتت بکەم من کوڕی تۆم شەرم مەکە. ئەو ووتـی نابێ ئەویش هەر دەبێ سەیری کەم بۆت ئەم سەین و بەینە کاتێکی خایاند .لەناکاو بانگ کرا گووتیان موهاجە تەواو زووکەن .

(ج)دایە گیان نەتهێشت تەماشاکەم بۆت بزانم ئەوە چیە وا ناڕەحەتی کردووی تۆ چۆن بەم جۆرە دەگەڕێیەوە لەڕێگا چی دەکەی دڵم هەر لەلات دەبێت . گووتی ڕاست دەکەی کوڕم باشە لەلای پشتی ملم دەستت ڕەوان بکە بەڵکو ئەم مێروستانە بدۆزیتەوە کەئەم ئافرەتانە نەیان دۆزیەوە ئەویش دەستی لەپشتی ملی ڕەوان کرد تابزانێ ئەوە چیە دایکی ئازار دەدات و ناڕەحەتی کردوە لەپڕێك (ج)پڕ بەدەنگ هاواری کرد کەهەموو ئەوانەی لەوێن سەیریان کرد .دایکی گووتی ئەوەچی بوو بۆ هاوار دەکەی .دەستی لەپشتی ملی دایکی دەرهێنا چی

ببینن ئەوەی لەماڵ دەرچوون لەگەڵ دایکی دابوو ئەوەی کوڕەکەی بۆی دەرکرد ودۆزیەوە کە ئەوانی تر پێیان نەدۆزرایەوە کەلە دێیەکەی خۆیان بۆی هێنا بەدیاری (دووپشك)بوو . دووپشك لەناو جلەکانی دایکی بوو بە(ج) ی وەدا تاخەڵکەکە خڕبونەوە لەسەری تەنها دەدەقیقەی خایاند گیانی سپارد ومرد.

چووبۆ دیدەنی بەلام لەخەیاڵی کەس دانەبوو کەوا بەمردووی دەیهێنێتەوە لادیکەیان. تاماوەیەکی دوور ئەم دایکە بەستەزمانە فرمێسکەکانی وشك نەکرد هەردەم دەگریاو دەیگووت خۆزەگە ساڵێکی تریش نەمزانیبوایە لەکێ یە بەس بمابوایە خۆزگە هەر نەچوبومایە لای من لێرە لەگەڵ خۆم بردم تا ئەوی بۆ بەمنی وەنەدا بۆتەنها ئەو. خۆزگەکانی زۆربوون بەلام خۆزگە هیچ ناگێڕێتەوە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي ضَرّٗا وَلَا نَفۡعًا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌۚ إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ فَلَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴿٤٩﴾ صدق الله العظيم ﴿يونس﴾

واتا {(پێغەمبەر)پێیان بڵێ،توانای ئەوەم نیە کەزەرەرێك یا قازانجێك بەخۆم بگەیەنم هەتا ویستی خوای لەسەر نەبێ،هەموو قەومێك کاتی دیاریکراوی هەیە بۆ کۆتای هاتنی، هەر کاتی ئەوساتە گەیشتنە تاوێك دوا دەکەون، نەساتێك پێش دەکەون} ت،ئا.

کامەیان زووتر گەڕایەوە بۆبارەگای خودا

کاك(س)بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێ : دایکم (جەڵتە)لێدا زۆربەسەختی نەخۆش بوولە دەست وقاچ کەوت ئێمەهیچ هیوامان نەما کەدایکم چاك بێتەوە، هەموو ڕۆژێك هاتووچۆمان بوو بۆ نەخۆشخانە مانگێك دووان بەڵام هەروەك خۆی بوو زۆر خەمباربووین بۆحاڵی دایکم کە دەماندی زۆر ئازاری دەکێشا هیچیشمان لەدەست نەدەهات بۆی بکەین تەنها پاڕانەوەو دوعاکردن بەڵکو خودای گەورە شفای بدا.

چەند ڕۆژێك مابوو بۆ جەژن لەکۆتای مانگی ڕەمەزان دابوین لەماڵەوە بەگشتی رامان لەسەر ئەوەبوو بۆجەژن بیهێنینەوە ماڵ تادوای جەژن چونکە زۆر هیلاك ببوین لەنەخۆشخانە. ژیان هەربەدەستی خودایە ئێمەش بەهەموو توانامان ئاگاداری دەبین ئەم عیلاجانەی لەنەخۆشخانە وەری دەگرت لەماڵەوە بۆی دابین دەکەین لەبەر ئەو خزموو ناسیاوانەش کەدێن بۆسەردانی دایکم هەرماڵەوە باشترە . بۆبەیانی هێنامانەوە بۆماڵ .

دووڕۆژ مابوو بۆجەژن باوکم ووتی ئەوڕۆ مەجالم هەیە دەچم موچەی خانەنشینەکەم وەردەگرم زۆر ئاگاداری دایکتان بن تادەگەڕێمەوە دەترسم بەیانی بیکەن بەپشوو نەتوانم موچەکەم وەرگرم هەرئەوڕۆ باشترە بەبازار دادیمەوە هەندێك شت دەکڕم ؟

ئێمەش گووتمان بابە گیان خەمت نەبێ ئاگامان لێدەبێ .باوکم خواحافیزی کردوو ڕۆیشت ،کەسەیر دەکات خەڵك زۆر وەستاوە ئەویش بەفەڕاشەکە دەڵێ ماندوو هیلاکم ناتوانم زۆر ڕاوەستم دەچم لەسەر ئەو کورسیە دادەنیشم ئەگەر ناوم بانگ کرا ئاگادارم بکەوە ؟ ئەویش دەڵی خاڵەگیان خەمت نەبێ تۆبڕۆ ئیسراحەتی خۆت وەرگرە ناوت بانگ بکری خەبەرت دەکەمەوە .کەمێکی پێ دەچی فەڕاشەکە دێتەلای بانگی دەکات خاڵە.خاڵە بانگت دەکەن چەندجار دووبارەی دەکاتەوە بەلآم هیچ وەلآم ناداتەوە ئەویش دەست لەدەستی دەدات

هەستدەکا زۆرسارده بانگی خەڵکەکە دەکات وەرن بزانن ئەوپیاوە چیەتی ؟هەموو خەڵك هاتن سەیری دەکەن مردوو. کاك(س)ووتی ئێمە بیٚ خەبەربوین لەم ڕوداوەی بەسەرباوکم هات . تەلەفۆنمان بۆکرا ماڵی فلاٚن کەسە ئێمەلە دەزگای (.)بۆموچەی خانەنشینی پەیوەندی دەکەین باوکتان هەندیٚ نەساغە بیبەنەوە (س)گووتی ئێمە زۆرمان پیٚ سەیربوو باوکم باشبوو نەیگووت شوێنێکم ئازاری هەیە ئەگەر وابا یەکێکمان لەگەڵی دەچوین. دەڵی بەپەلە چوین چیمان بینی باوکم لەسەر تەختەیەك درێژ کراوە گیانی لەبەردانەماوە . فەڕاشەکێ دەگریا وبەسەرهاتەکی دەگێڕایەوە دیگووت من ئێستا لەمردن دەترسم ئەگەر بۆمنیان باس بکردبوایە قەت باوەڕم نەدەکرد کە مردن ئاوا لەناکاو بیٚ کات وسات دیٚ (انالله واناالیەلراجعون)بردمانەوەبۆماڵ خوشکەکانم کردیان بەهاتوو هاوارو گریان جیرانەکان هاتن دەیان ووت خوا عافوی بکا ژنێکی باش بوو یەکی دەیگووت دەتان زانی دەمریٚ بۆیە هێناتانەوە بۆماڵ ئەوەی دەیگووت لەنەخۆشخانەبوایە باشتر بوو بۆی ئێمەش هەردەمانگووت دایکمان نیە باوکمانە مردوە . خەبەریان دەدا بەخزمەکان ئەوانیش دەیانگووت چەند مانگێکە نەخۆشە ئیسراحەتی کرد هەردەبوایە بڵێن باوکمانە (س)دەڵی ئێمەچاوەڕی مردنی دایکمان دەکرد کەچی باوکمان بیٚ ئەوەی نەخۆشبیٚ بە کتووپڕیٚ مرد.

بەلاٚم ئەوەی من دەمەویٚ بەئێوەی ڕابگەیەنم کە دایکم تائێستا لەژیان ماوە هیچ باشتریش نیە کەئێستا ماوەی چوارساڵە باوکم مردوە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

مَّا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَـْٔخِرُونَ ﴿٥﴾ صدق الله العظيم ﴿الحجر﴾

واتا {هیچ میللەت وهیچ گەلێك پێش کاتی دیاریکراوی لەناوبردنی خۆی نەکەوتوە(وەهەرگیز) دواش ناکەوێت}ت،ئا.

ڕوداوەکەی کاك(خ) چۆن بوو

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾ صدق الله العظيم ﴿ النمل ﴾

واتا: {بەڕاستی پەروەردگاری تۆ خاوەن فەزڵ و بەخشندەییە بەسەر خەڵکیەوە،بەڵام زۆربەیان سوپاسی ناکەن}ت،ئا.

ماڵی (خ)لەهەولێرە بەڵام کەبوو بەمامۆستا ناوی لەدێی (..)هاتەوە. ماڵ ومنداڵی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەوێ .!ئێستا تۆزێك دەگەڕینەوە بەرلەئەوەی ببێت بەمامۆستا ژیانی چۆن بوو؟ کەخوێندنی تەواو کرد زۆری هەوڵدا لەشوێنێك دابمەزرێ فایدەی نەبوو . دەیگووت هیچ شتێك لەگیرثانی بەتاڵ خراپتر وناخۆشتر نیە! ناچار هەموو کارێکی دەکرد هەتا حەماڵیشی دەکرد شەرمی نەدەکرد دەیگووت بەئارەقەی نێوچەوانی خۆم پارە پەیادەکەم (عیزی ودزی) نەبێ هیچ عەیب نیە. هاوڕیەکی ئازیزی ڕۆژێك هاتە لای گووتی : من ساڵانێکە تۆدەناسم لەتەمەنم دا کەسم نەدی وەك تۆ ڕاست گۆو بەوەفابێ لەبەر ئەوە پێت خۆشبێ یان نا من هەر خوشکەکەی خۆمت دەدەمێ (خ)دەستی بەپێکەنین کرد گووتی دیارە زۆر رقت لەخوشکەکەتە ئەگەر نا چۆن دەیدەی بەمن هەر بەحاڵ بژێوی ژیانم دابین دەکەم ئەگەر باوکم موچەی خانەنشینەکەی نەبوایە ئێمە فەوتابووین. ئەویش گووتی هەر لەبەر ئەوە من خوشکەکەمت دەدەمێ چونکە تۆڕاست گۆی هاوڕێیەکی باش وبەوەفایی زانیتت؟ (خ)بەڵام من هەر هیچم نیە ژنی پێ بهێنم .دیسان ووتی منیش پیاو دەکڕم خوشکم نافرۆشم من لەبەرئەوەی دەزانم تۆ لەگەڵ ئەو دەگونجی بۆیە هەر دەتدەمێ. !

ژنی هێنا لەگەڵ دایك و باوك وخوشکو براکانی دەژیان بوون بەخاوەنی کوڕێك وکچێك . ڕۆژێك هاوڕیەکی قوتابخانەی هاتە لای ووتی مزگێنیم بدەی

ناونوسین دەستی پێکردۆتەوە بابەیەکەوە بچین ناومان بنوسین زۆر دڵخۆش بوون چوون ناوی خۆیان تۆمار کرد بەڵام ناوی (خ)نەگەڕایەوە کەس نازانێت خێر لەچی دایە بەڵکو ماندووبونەکەو حەماڵیەکە باشتر بوایە (الی مکتوب علی جبین لازم تشوف والعین) ئەوەی لەنێوچەوان نوسراوە هەر دەبێ ببینین. زۆرواسیتەی کرد تاناوی گەڕایەوە بۆماموستایی .هەر وەك لەسەرەتا باسمان کرد؟

ئۆتۆمبێلی نەبوو بەڵام چونکە لەماڵەوە دورنەکەوتبۆوە زۆرخۆی پێ ڕانەدەگیرا زوو زوو دەگەڕایەوە بۆ هەولێر بۆسەردانی خۆشەویستان ونزیکان ،

رۆژێك بەخێزانەکەی گووت چۆنە سەیارەیەك بکڕین ؟ ئەویش ووتی منیش حەز دەکەم بەڵام بەچی بیکڕین هیچ پارەمان نیە!ماموستا(خ)ووتی ئێستا موچەم هەیە ئەگەر هەندێ پارە لەخزم و ناسیار وەرگرین بەقەرز هەندێکیشی دەکەین بەسولفە لەبانك .

چووە لای برای خێزانەکەی باسەکەی لەکن کردەوە ئەویش گووتی تۆ بەڕاستی جوێنم پێدەدەی من کەهەم چۆن داوا لەکەس دەکەی بۆ پارە(خ)گووتی منیش هەرلەبەر ئەوە یەکەم کەس لەدەرگای تۆمدا تائێستا داوای دینارێکم بەقەرزیش لەکەس نەکردوە بەڵام ئێستا جیاوازە وایە؟ لەگەڵی چووسەیارەی کڕی نیوەی پارەکەی بۆدا ئەوەیتریش بوو بەمانگانە .بە(خ)ووت کەی پارەکەی بانکت دایەوەئەوکات وردە وردە پارەکەی من بدەوە خەمی لێ مەخۆ وای دانێ قەرزار نی چونکە منیش کاتی وام بەسەر هاتوە چەند جار ئەو کەسەم بدیبایە کەقەرزاری بووم وام دەزانی هەرئەوکات هاوار دەکات ودەڵێ کواپارەکەم هەرچەند دەنگی نەدەکرد بەڵام من واهەستم دەکرد (ماموستا(خ)لەبەینی شەوو رۆژێك بوو بەخاوەن سەیارە) هەروەك خۆی دەیووت زۆر لەخەون دەچێ پێش ئەوەی سەیارە بکڕن لەچەند هەفتەیەك جارێك دەهاتنەوە بەڵام دوای ئەوەی بوون بەخاوەن ئۆتۆمبێل هەموو پێنج شەمەیەك دەهاتنەوە دوای داخستنی

قوتابخانە تاکو هەینی هەرهەفتەو بۆ ماڵی خزمێك. تادووساڵ ئاوا دەژیان کچێکی تریشیان بوو خێزانێکی زۆر بەختەوەرو ئاسودەبوون .

ڕۆژی پێنج شەمەبوو(خ)بەیانی زوو هەڵسا لەخەو بانگی منداڵەکانی کردوەك پێنج شەمەکانی ڕابردوو هەڵسن زوو خۆتان ئامادەکەن دەچین بۆماڵی باپیرە تا لەقوتابخانە دەگەڕێمەوە ئامادەبن خێزانەکەی گووتی من ئەمشەو خەوێکی زۆرناخۆشم بینی (خ)بائەمڕۆ نەگەڕێینەوە بۆ هەولێر زۆر دوبارەی کردەوە بەلاّم ئەو هەر دەیگووت خەون کاری شەیتانە ئێمە جارێك و دووان نیە هیچ نەبوە بۆ ئەوجارە وادەڵیی .

دوای دەوام حازربوون بۆڕۆیشتن بەلاّم هەرچەند کردی سەیارەکەی کاری نەکرد بەهیچ جۆرێك تەنها سلفیشی نەدەگیرا .خێزانەکەی دووبارە گووتی دیارە خێری تێدایە بیَ هۆنیە بانەڕۆین بەگوێم بکە ئەوەندە سەرکەش مەبە .(خ)ووتی تازە هەردەچم نابیَ بەگویی شەیتان بکەم بەخەونێك فریوم بدات وەسوەسەی خستۆتە دڵی تۆ سەیارەکەشم کارناکات هەموو کارەکانی ڕێکخستوە باش .لەوکاتە بوو بەدەنگە دەنگی مامۆستایەکی هاوڕیَ لەگەڵ خێزانی هاوار وشەڕیان بوو هاوسێی ماڵیان و هەروەها هەردوکیان مامۆستابوون کەئەوانیش هەر خەڵکی هەولێربوون کەماوەیەکی کەم بوو هاتبوون بۆ ئەویَ هێشتا منالّیان نەبوو (خ)چوو بۆلایان گووتی ئەودەنگەدەنگ وهەرایە چیە عەیب نیە بۆئێوە کەوا هێشتا هەشت مانگە چونەتە ناو قەفەسی زێڕینەوە ئاوا دەنگتان بێت ؟

هاوڕیَ یەکەی گووتی دەزانی هەرامان لەسەرچیە خێزانەکەم دەڵی بۆئەوان هەموو هەفتەیەك دەگەڕێنەوە بۆهەولێر خاوەن سیَ منداڵیشن بۆئێمە مانگی جارێك بچینەوە هێشتامنداڵیشمان نیە ببین بەخاوەن منداڵ ساڵی جارێك دەچینەوە ئێمەش سەیارەی خۆمان هەیە .(خ)ووتی ئەگەر هەراکە هەر لەسەر ئەمەبیَ هیچ نیە ئەمڕۆ ئێمە سەیارەکەمان کارناکات ئەگەر بەیەکەوە بچین بۆ هەولێر زۆرخۆشتر دەبیَ (ڕێك کەوتن بەیکەوە بڕۆن) خێزانەکەی (خ)دڵی

زۆرتونـدبوو هەرحـەزی نـەدەکرد ئـەم هەفتەیـە بگەڕێنـەوە بەپیاوەکـەی ووت خەونم بینی .سـەیارەکە کاری نەکرد.مامۆسـتاکان لەبەر ئێمە دڵیان حـادزبوو. تۆهەر لەسەر عینادی خۆت بەردەوامی کەبچینەوە؟ئەویش گووتی منیش لەبەر ئەوشتانەی ڕویدا زیاتر رشدم لەسەرچوونەوە .

بەیەکەوە بەڕێکەوتن لەڕێگا قسەی خۆشیان کرد زۆرپێکەنین .لەناکاو باسێك کرایـەوە لەبـەینی ئـەم تـازە ژن ومێـردە(خۆشـتان دەزانـن شـتی وازۆر ڕوو دەدا لەبـەینی نـوو ماڵـەکان)پیاوەکـە سـەیارەی لێـدەخوڕی ئـەمیش لـەدواوە بـوو . بووبەشـەڕیان تادەهـات هەرایەکـەیان زیـادی دەکـرد(خ) لەگـەڵ خێزانەکـەی هـەر وایـان دەکـرد بـەینیان چـاك بکـەن ومەسـەلەکە هێـور کەنـەوە بـەڵام هـیچ گوێیـان پێنەدەدا دەیان گوت لەکاتی لێخورین ئـەم هـات وهـاوارە بـاش نیـە لادە بۆلایـەك بوەستە ئەویش دەیگووت من چەند زووتر بگەم بەماڵی خـەزورم باشترە بـەڵکوو ئـەم بەڵایـە لـەکۆڵخۆم بکەمـەوە ئاوانـابێ ژیـان ئـاوا نـاگوزەرێ تەمـەنێکی دووڕو درێژ چۆن دەتوانین وابژین مـن نـاوێرم قسەی لەگـەڵ بکـەم دەیکـا بەشـەڕوهەرا. گەیشتن بەلۆفـەکانی مـصیف هـەرای ئـەم ژن وپیـاوە مامۆسـتایە بـەردەوام بـوو تـابوو بـە پاڵـدان و لێکـدان ژنەکـە لەپـشتەوە چـاکێتەکەی رادەکێـشا دەیـووت ڕاوەستە من لەگـەڵ تۆناچمەوە من ڕێگا پێـدەزانم خـۆم دەڕۆم (خ)وخێزانەکـەی سـەریان لێشێوابوو لەبـەینیان دەیـان گـووت کاکـە وانـابێ خوشـکم ڕاوەسـتە . ئـەوانیش هەربـەردەوام بـوون لـەناکاو سـوکانی سـەیارە لەدەسـتی وەریگـرت وسوڕاوهەردێرا وکەوتە بەرتەقلە . خودایە کەس کارەساتی وانـەبینی . بەزویی گواسترانەوە بۆنەخۆشـخانە (مامۆسـتا(خ)مـرد لەگـەڵ کوڕەکـەی تەمـەن٥سـاڵ وکـچەکەی تەمـەن٣سـاڵ)بـەڵام خێزانەکـەی زۆربەسـەختی بریـنداربوو ئـەویش دووای هەفتەیەك گیانی سپارد لـەم خاووخێزانـە تـەنها کـچە تەمـەن ٤مانگیەکە مایەوە هەروەك داپیرەی دەڵی بۆخەمان هەرچەند سەیری دەکەم ئاگرم لەناخدا هەڵدەگیرسێ .

ئەوەی سەیرە لەم ڕووداوە ئەوەیە کەئەم ژن ومێردەی کەبونە سەبەبی ڕوداوەکە کەمێك بریندار بوون دوو سێ ڕۆژ لەنەخۆشخانە مانەوە ئێستاش هەرلەو دێ یە مامۆستان. براکانی (خ)پاش ماوەیەك دوای تعزیەکە چوون ماڵ وکەلوپەلەکانیان هێنایەوە لەدێیەکە گووتیان وامان زانی سەیارەکە دەبێ بەڕاکێشان بهێنینەوە کەچیی بەیەك سلف کەوتەکار تا گەیشتینە عەولێریش هەرنەکوژایەوە!

هەموو ناسیاوەکان دەڵێن ئایە ئەم هەجەل وو قەزاو قەدەربوو !چی بوو. هەرخودا خۆی دەیزانێ.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ ۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١٤٧﴾ صدق الله العظيم ﴿البقرة﴾

واتا {حەق وڕاست هەر ئەوەیە کەلەلایەن پەروەردگارتەوە پێت ڕاگەیەنراوە، نەکەی لەڕیزی ئەوکەسانە بیت کە گومان ودوودڵ(بۆ خەڵکی) دروست دەکەن}ت،ئا.

بابەتی پێنجەم
مردن چیە؟ چۆن دێت؟ کەی دێت؟چیت بۆئامادەکردوە!

(ماهو الموت؟ كيف ياتي؟ ومتى ياتي؟ ماذا اعددت له)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْ ۖ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٤﴾ صدق الله العظيم ﴿المائدة﴾

واتا {جگە لەوانەیان نەبێ کەتۆبە دەکەن پێش ئەوەی دەستی ئێوە بیانگاتێ ئەوە بزانن کەخوا لێخۆشبوو میهرەبانە(ئەڵبەتە ئەگەر مافی خەڵکیان بەسەرەوەنەبێ} ت.ئا.

تاکوئەوساتەی تیایدادەژی ئایا چەندبیرت لەم ئەرکە قورسە کردۆتەوەکەوا مردنە. کاتت بۆی تەرخان کردوە ئایا ڕۆژی جارێك هەفتەی جارێك مانگی جارێك تەنها ساڵێ جارێك بیرت لێکردۆتەوە چ ئەرکێکت لەسەر شانە. باشە بۆدواڕۆژ کەگەڕایتەوە بارەگای خودا چۆن وەڵام دەدەیتەوە شانازی بەکردەوەکانت دەکەیت یان شەرمەزاری بەکردارەکانت. چاك بزانە تۆهەرچەند لەئازارو ناخۆشی وخەمەکانی ژیان ڕابکەیت ناتوانی لەمردن ڕابکەیت هەبوون ونەبوون وخەمەکان وئازارەکان هەمووی کاتیەهەرچەند زۆریش بمێنیتەوە کاتێك دێت دەڕوات ولادەچێت. بەڵام ئەوەی کەهەموومان دەیزانین کەوا مردن نەدەڕوات نەکاتیشی بەسەر دەچێت زۆرجارش بێ لەدەرگادان سەردانی ئازیزانمان دەکات بەڕوداوی کتوپڕو لەناکاو. نەخۆشی کاتی مردنی ئازیزان و دۆستانت ومردن وکۆچ کردنی خزم و جیرانت ئاگادار کەرەوەیەکە بۆمردنی تۆش .سەیرکەن بچووك شوێنی گەورە دەگرێتەوە منداڵ جێگای باوکی

دەگرێتەوە بەهێز جێگای بێ هێزدەگرێتەوە دونیا دەوران دەورانە بزانە دونیا بۆتۆش نامێنێتەوە!دڵت بەدونیا خۆش نەبێ بیری مردنت هەردەم هەبێ.ئەوەی مـردن لـەبیر بکـات لـەخودا غافڵـە زۆریـش هەڵـەدەکات .بزانـە هـەروەك (جـابر)روایـەت دەکـات لـە پێغەمبـەری نازدارمـان درودی خـوای لەسـەربێ دەفـەرموێ(هەمووکـەس لەسـەر ئەوحاڵتـە زینـدوو دەکرێتـەوە کەلەسـەری مـردووە)صـحیح موسـلم ص(٩٧٧)هـەروەها دەفـەرموێ(خـوای بالأدەسـت دەفـەرموێ بەسـوکترین کەسـی ئـەهلی دۆزەخ لـەئازاردان . ئایا هـەموو ئـەوەی لەدونیایە هـی تۆبوایە دەتـدا لەتۆڵەی ڕزگاربوونت؟ئەویش دەڵێ :بەڵێ.خوای گەورە دەفەرمووێ من لەوە سوکترم لێداواکردی بەلاّم نـەتکرد) بالەئێستاوە لـەم ڕۆژە بترسین کەئێستا کـات مـاوە بـۆی هەیـە ئـەم کاتـەت بۆنـەگونجی دووبـارە ئەومەجالە نەیەتەوە کەبەوردی چاوێك بەڕابردوو بخشێنیتەوە لـەوەی کـەبۆتان دەمێنێتەوە بۆدونیاکەی تر. زۆران هـەن دەڵێن خـودا بەبەزەییـە .ڕاستە خـودا بەبەزەییـە عبدللـەی کـوری قـیس لەپێغەمبـەر درودی خـوای لێبـی بۆمـان دەگێڕێتـەوە دەفـەرموێ(کـەس لـەخودای گـەورە بـەئارامتر نیەبەرامبـەر وشـەی نـاڕەوا کەبیبیـستێت ،خـەڵك شـەریك بۆخـودا بڕیـاردەدەن کەچـی ئـەو لەگـەڵ ئەوەشدا ڕزق وڕۆزیان دەدات ولەش ساغیان دەکات)صحح مسلم ص ٩٦٦ ئەوەی لەدوای مردوو دەمێنێتەوە کاری چاکە ویادی بەخێرە چونکە بیستمان کەفلاّن کەس چەند ماڵ ومیراتی جێ هێشت بەلاّم نـەوەی باش نـەبوو لـەجیاتی ڕەحمەت گوناهی بودەچێت کەس لەگۆڕەکەیشی لیی ڕازی نیە کە دەڵێن مرۆڤ کەمرد شەیتان دەستی لیدەشوات بەلاّم ڕەفتاروو کردەوەکانی خۆی دوای خۆی وای لێکردوە پاش مردنیـشی بەخراپـە بـاس بکرێـت کەپێغەمبـەری ئازیزمـان دەفـەرموێ درودی خـودای لێبـێ(ئینـسان کـەدەمرێ سـێ لەگـەڵی دەچـن بـۆ گۆرسـتان(١)خـزم وکـەس وکـاری(٢)مـاڵ وسـامانی(٣)کردەوەکـانی دووانیـان

دەگەڕێنەوە کەس وکاری ومالی دەگەڕێنەوە تەنها کرداری دەمێنێتەوە و بەکەڵکی دێت)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ صدق الله العظيم ﴿الانعام﴾

واتا {ئایا ئەوکەسەی کە(وەك)مردوو وابوو،ئێمە زیندوومان کردەوە(بەنوری ئیمان وقورئان)وەنوورو رووناکیەکمان پێ بەخشی کەلەژیانیدا لەناوخەڵکی پێی دەڕواو هەڵسوکەوتی پێ دەکات(هاندەریەتی بۆهەموو چاکەیەك،وەدەیگێڕێتەوە لەهەموو خراپەیەك)(ئایائەوکەسە)وەکو ئەوە وایە کەلەتاریکستاندا گیری خواردبێت وسەری لێ دەرنەکات،(لەگەڵ ئەوەشدا)ئابەو شێوەیە(کەدەبینرێت)کارو کردەوەی (ناپەسندی)بێ باوەڕان بۆیان ڕازێنراوەتەوەو(دڵیان پێی خۆشە)،}ت،ئا. هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ ۚ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ وَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٢﴾ وَمِنْهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ ۚ أَفَأَنتَ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَلَوْ كَانُوا۟ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٤٣﴾ صدق الله العظيم ﴿يونس﴾

واتــا {(لــەوبیَ باوەڕانــە) کەســانیَ هەیــە گــویَ هەڵــدەخات(کــاتیَ کــە قورئــان دەخوێنیــت، بــەڵاّم ئایــا تــۆ دەتوانیــت قــسەو گوفتــاری خــۆت بــدەی بــەگویَ کەسێکدا کە کەڕولاّلە وهیچ تێناگا وعەقڵی ناخاتە کار} {هەشیانە سـەرنجی تـۆ دەدات ولــە هەڵــسوکەوت وگوفتــار ورەفتــاری تــۆ ورد دەبێتەوە،بــەڵاّم ئایــا تــۆ هیدایــەتی کوێرونابینــا دەدەیــت؟! ئەگــەر کوێرایيــان داهــاتبیَ ونــەبینن؟(دیــارە کەئەوانە دڵیان کوێرەو دەروونیا تاریکە ونایانەوێت نوری یمان دڵ ودەرونیان رووناك بکاتەوە)} ت.ئا،

خێرکردن بە گیانلەبەریش صەدەقەیە

ڕۆژێك پیاوێك بەیانی زوو لەماڵ دەردەچێ بەنیازە نانی گەرم بکڕێت . دەچێت بۆ فڕنی ماوەیەك لەسەرە دەوەستێ تا نانەکە وەردەگرێت و ڕێگای ماڵ دەگرتەبەر. بەلاّم تووشی هەندێ منداڵ بوو بەردیان لە سەگێك دەگرت . سەگەکەلەبەر ئازار و لەبرسان نووسکەی دەهات . منداڵەکانی دەرکرد سەیرێکی سەگەکەی کرد بەزەیی پێهاتەوە نانێکی گەرمی پێدا دیاربوو هێشتا برسی بوو نانێکی تریشی دایی .ڕۆیشت بەرەوماڵ .چەند ڕۆژبوو بارانێکی زۆر باریبوو ئاوی ڕووبارەکە زۆری کردبوو ئەویش لەقەراغ ڕوبارەکە دەڕۆیشت لەناکاو قاچی هەرخلیسکاو کەوتەناو ڕووبارەکە زۆرهاواری کرد بەلاّم کەس ئاگادار نەبوو ڕووبارەکە بەتین بوو هەرچەند هەوڵی دا خۆی بگرێ بەقەراغێك بەشتێك نەیتوانی . کەنەگەڕایەوە بۆماڵ دوای سعاتێك دووان هەڵسان بەگەڕان بەدوایدا .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

أَمَّن يُجِيبُ ٱلۡمُضۡطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجۡعَلُكُمۡ خُلَفَآءَ ٱلۡأَرۡضِۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ صدق الله العظيم ﴿النمل﴾

واتا:{ئایا کێیەجگە (لەزاتی پەروەردگار)کەدەبێت بەهاناو هاواری لێقەوماوو بێ، کاتێك کەنزادەکات ولێی دەپاڕێتەوە،ئەوسا بەلاّوناخۆشیەکانی لادەبات ودەتانکاتە نیشتەجێ وجێنشین لەزەویدا، ئایا ڕەوایە لەگەڵ ئەوزاتەدا خوای تر هەبێت؟ کەمێك یاداوەری وەرگرن وتێفکرن وبیربکەنەوە}ت.ئا

لەم کاتە کێ فریای دەکەوێت کەکەس ناشزانی چی لێهاتوە. دوای گەڕانێکی زۆر هیچ ئاسەوارێکی دیارنەبوو لەئاوای پاش شەو وڕۆژێك لەئاوایەکی دی لە ڕۆخ ڕووبارەکە خەڵکانێك دۆزیانەوە بەزیندویی .هەواڵیان نارد بۆبنەماڵەکەی

کەوا فلان کەسمان دۆزیوەتەوە کەوتبوە ناو رووبارەکە کەئێزە بەدوای دەگەڕێن،بیست وچوارکات ژمێری پێ چووبوو. خزم وکەس وبنەماڵەکەی بەپەلە چوون بۆ ئەوێ !گووتیان بۆمان باس بکە ڕوداوەکە چۆن بوو چۆن کەوتیتە ناورووبارەکە ؟چۆن ئەوهەموو کاتە لەناو ئاوەکە بەزندوویی مایتەوە چۆن نەخنکای؟کەس تۆی نەبینی کەوتبێتیە ئاوەکە بەدوات دەگەڕاین کەچی نەمان دەزانی تۆ لەناو ڕووبارەکەی ؟ئەوەی کەسەیرە تۆچۆن هێشتا زیندوی؟هەریەك لەلایەك پرسیاری دەکرد ببوو بەپرسیاروو سەرسوڕمان.

پیاوەکە دەستی کرد بەگێڕانەوەی ڕووداوەکەی کەلەماڵ دەرچووەو چی کردووەو چۆن کەوتۆتە ناو ڕووبارەکە خامۆشی و بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو دانیشتوان داگرتبوو دەیان ویست نەسەرهاتەکە بەتەواوی ببیستن. ووتیان ئەی لەناوئاوەکە چۆن مایەوە ڕۆژێك وشەوێك؟

ووتی ئەم کاتانە زۆرسەخت بوون کەدەکەوتەمە ژێر ئاوەکە دەمگووت کۆتای ژیانمە لەناکاو نانێك دەهاتە ناو دەمم هیچ مەجالی نەدەدا ئاوەکە بێتە دەممەوە چەند جارێك و دەیان جار ئەم نانە ڕێگای بەئاوەکە نەدەدا بچێتە دەمم وبخنکێم . من ئێستاش سەرم سوڕماوە کەمن چۆن نەخنکام. هەموو دانیشتوان اللەاکبریان کرد ئای خودا چەند بەڕەحمە نانەکەی دات بەسەگەکە نۆی ڕزگار کرد لەئاوەکە .!

ئێستاش دادەنیشن لەلای داوای لێدەکەن بۆیان بگێڕێتەوە بەسەرهاتەکەی کەچەند ساڵ بەر لەئەمڕۆ بەسەری هات .کەبەخۆی دەڵێ هەرچەند کاتی بەسەر دابڕوات وادەزانم دوێنێ بوو.

(پاشاو پیاوەپیرەکە)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَسُوقُ الْمَاءَ إِلَى الْأَرْضِ الْجُرُزِ فَنُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَامُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ أَفَلَا يُبْصِرُونَ ﴿٢٧﴾ صدق الله العظيم ﴿السجدة﴾

واتا: {ئایا ئێوە نابینن کەچۆن ئێمە ئاوکێش دەکەین ودەیبەین بۆ زەوی وزاری وشك وبێ رووەك، وە(بەو ئاوە) رووەك و گژوگیا دەردێنین کەماڵاتیان و خۆشیان لێی دەخۆن، ئایائەوە نابینن وسەرنج نادەن}ت،ئا.

ڕۆژێك پاشایەك لەگەڵ داروو دەستەکەی بۆسەیران و هەوەس لەشارەکەی دەسوڕایەوە. چاوی بە پیاوێکی پیر کەوت تەمەنی نزیکەی هەفتا (٧٠)ساڵ دەبوو دار خورمای دەچاند . پاشا لیی چووە پێشەوەو گووتی سەلام مامە ؟ ئەویش نەیزانی پاشایە بەلاّم زۆر بەجوانی جوابی دایەوە .پاشا گووتی مامە بەو تەمەنەت خەریکی چی بۆ خۆت ماندی دەکەیت؟ ئەویش ووتی خەریکم داری خورما دەڕوێنم. پاشا گووتی باشە لەماڵ ئیسراحەت کەی باشتر نیە خۆت بۆماندوو دەکەی لەکاتێك دەزانی تا ئەو دارخورمایانە بەر دەگرن تۆمردووی چونکە تەمەنت گەورەیە خۆت باش دەزانی خورما شەست تا هەفتا(٦٠~٧٠)ساڵ بەرناگرێت و لێی ناخویت؟ مامە پیرەکە ووتی : کوڕم دەزانم تائەوکات دەمرم و لیی ناخۆم بەلاّم من بۆخۆمی ناڕوێنم بەڵکو بۆمنداڵەکانم ومنداڵەکانت . پاشا ولاّمدانەوەکەی زۆر بەدڵ بووگووتی من پاشای شارم بۆیە خەلاّتت دەکەم ئافەرین ئەی پیاوی پیر (سەد)لیرەی پێدا خەریك بوو دەڕۆیشت سەیری کرد پیاوە پیرەکە پێدەکەنێ. پاشا گووتی بەچی پێدەکەنی؟ کووتی پێش کەمێك من ئەودارخورمایانەم دەچاند لەدڵ خۆم دەمگووت خودایە پیاو چاك وخەڵکی باش لێی بخۆن کەتۆش هاتی گاڵتەت

پێکردم کە بەم تەمەنەم خەریکم خورما دەڕوێنم پێت ووتم بەرەکەی ناخۆم کەچی منّ هێشتا لە چاندنیان نەبومەوە بەرەکەیم خوارد، پاشاش زۆر پێکەنی سواری ولاغەکەی بوو ڕۆیشت دوور کەوتەوە ئاوڕێکی دایەوە بینی دووبارە پێدەکەنیّ پاشا گووتی وابزانم گاڵتە بەمن دەکات کەبەخۆڕای سەدلیرەم پێدا.گەڕایەوە لای هاواری کرد تۆ گاڵتە بەمن دەکەی واپێدەکەنی. ئەویش گووتی حاشا من چۆن بەتۆ پێدەکەنم بەلاّم شتێکم هاتەوە یاد بۆیە خۆم بۆڕانەگیرا پێکەنیم. پاشاووتی حەزدەکەم منیش بیزانم .کووتی پاشام خۆشبیّ بەیانی کەلەماڵ دەرچووم بەشەڕوو هەرا دەرچووم خێزانەکەم رکوڕەکانم گووتیان تۆ شێت بووی خورما دەڕوێنی؟ئەگەر بچمەوە بۆماڵ دەبیّ چیبکەن کەباسەکەیان بۆبگێڕمەوە .پاشا ئاخێکی هەڵکێشا وگووتی ئەگەر وەلاّتەکەمان لەسەدا دەی وەك تۆ بیربکاتەوە کەخێرێك لەدوای خۆی جیّ بێڵی وولاّتمان ئاوەدان دەبێت پێشکەوتوو دەبێت بەلاّم من لەڕۆژێك دەترسم کەئادەمیزاد بۆخۆی هەوڵ نەدات نەوەك بۆنەوەکەی ڕۆژێك دێت هەموو هەوڵی تەنها بۆ خۆیەتی لەبەرئەوە من دووبارە سەد لیرەی ترت پێشکەش دەکەم وەهیچ پەشیمان نیم کارەکەت تەواو بکە بڕۆ بۆماڵ دڵیان خۆشکە بڵی لەگەڵ چاندنی خورماکان خودای گەورە دووبەری کردە قسمەتم چوونکە ئەوەی لەخودا غافڵە کافرە.وفي سمأء رزقكم وماتوعدون.

(خێرو چاکە وون نابێ)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا ۖ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ صدق الله العظيم ﴿البقرة﴾

واتا {چاکەو چاکەکاری وخواناسی بریتی نیە لەڕووکردنە ڕۆژهەلاّت وڕۆژئاوا، بەڵکوچاکە بریتیە لەوکەسەی کەباوەڕی هێناوە بەخواو بەڕۆژی دوایی وبەفریشتەکان وکتێبەکان وبەپێغەمبەرەکان،هەروەها ماڵ وسامانی دەبەخشێ، هەرچەندە خۆشەویستە، بەخزمانی وبەهەتیوان وهەژاران وڕێبواران وئەوانەی کەداوای دەکەن بەناچاری،وەبۆ ئازاد کردنیگەردنەکان لەبەندەیی،هەروەها نوێژەکان بەچاکی ئەنجام دەدەن، وەزکات لەماڵ وسانی دەردەکات،وەهەر پەیمانێك ببەستی وەفای پێ دەکات ،وەئەوانەش دەگرێتەوە کەخۆگرن ولەکاتی نەداری وهەژاری ونەخۆشی وناخۆشی وکاتی شەڕوشۆڕدا،ئائەوکەسانە ڕاست دەکەن وهەر ئەوانەن پارێزگارو خواناس ودیندارەکان،}ت،ئا.

پیاوێکی دەوڵەمەند مرد خێزانەکەی و تەنها کوڕێکی دوای خۆی جێهێشت ناوی(ب)بوو. زۆر دەوڵەمەند بوو ماڵ وسامانی بەژمار نەدەهات(نەخشەبێ لەهەموو موسڵمانێك خوا بەڕەحمەت بیداتێ)پاش تەواو بوونی پرسەکە بەچەند ڕۆژێك وەسیەتەکەی درایە کوڕەکەی للایەن پارێزەرەکەی باوکی . ئایا چی

تیانوسراوە؟ ! هەرکەخوێندیەوە داماو سەری سوڕما لەنوسراوەکە چونکە بەدڵی نەبوو ئەوەی نوسرابوو. لەبەر ئەوە بوو کەچۆن باوکی تائێستا کارێکی وایکردوە وئەوپێی نەزانیوە ڕوی لەپارێزەرەکە کردوو گووتی ئەوە ڕاستە ؟ ئەویش گووتی بەڵی وایە من ئاگادارم هەروەها دایکت ئێمە تاکە کەسین کەبەوە دەزانین. (ب)گووتی کەوایە من ئاخیر کەسم بەوەدەزانم . بەدایکی گووت ئەمە ڕاستە؟ دایکی گووتی بەڵی ڕاستە کوڕم باوکت مانگانە زیاتر لە(١٥) پانزە خێزانی کەم دەرامەتی کۆمەك کردووە . کوڕەکەی ووتی دایە باوکم لەوەسیەتەکەی نوسیویەتی کەمن دەبێ لەسەر کارەکەی ئەوبەردەوام بم نوسیتی دەبی هەموو سەری مانگان کۆمەکەکانیان وەك خۆی بگاتەدەستیان. دایکی ووتی بەڵی ئەوەش دەزانم .

(ب)گوتی من بۆ وابکەم ئەم کارە چ فایدەی منی هەیە.

دایکی: ڕۆڵەگیان باوکت چەند ساڵە لەسەر ئەم خێرکردنە بەردەوام بوو تۆش دەبێ تەواوی بکەی ڕۆڵە باوکت دەیگووت من کە کەسێکی هەژاروو شایستە بۆ لیستەکەی خێرکردنم زیاد دەکەم دەزانم ماڵم زیاد دەکات ئەوکات دەزانم کەخودای گەورە خێرەکەمی وەرگرتوە ئەوکات هەست بەخۆم دەکەم کەئەوەی دەیکەم ڕیایی نیە چونکە بەدەستی خۆم بۆیان دەبەم وەتا ئێستاش ئەوانەی یارمەتیان دەدەم نازانن من کوێم وەچ کارەم. بۆیە کوڕم نەکەی ڕێبازی باوکت وون کەی؟ دایکە چ جۆرە قازانجێك لەماڵ بەفیڕۆدان هەیە ئەوکارەی باوکم کردویەتی ماڵ بەفیڕۆدان نەبێ چیە. دایکی ووتی کوڕم خودای گەورە ئەم ماڵەی دایە باوکت چونکە لەناخەوەباوکت پاك بوو دەیزانی ئەوماڵە تەنها بۆخۆمان نیە ماف هەژاروو پەکەوتەو هەتیووبێوەژنیشی تێدایە لەبەر ئەوە کەمی نەدەکرد هەرچەند زیاتر بیبەخشیبا، نەکەی کوڕم ماف کەس نەخۆی دوای زەرەر دەکەی ئەوکات پەشیمان بوونەوە داد نادات؟

شـەیتان بـاڵی بەسـەر داکێشابوو .دەیگـووت ئـەوپارەی بـاوکم بەولاوئـەولای بلاوکردۆتـەوە بۆخۆمـان بـێ باشـترە کـەس نـازانی زەمانـە چـی بۆحەشار داویـن ئەگەر نەهاتی ڕوی تێکردین بچین لـەدەرگای ئەوانـە بدەین کەئێستا یارمـەتیان دەدەین . ڕۆڵـە شـەیتان بەنەعلـەت کـە فریـوی داوی نـەبی کـوڕم بـەگوێ شـەیتان نەکەی .هەرچەند هەموو ڕۆژێك بەردەوام پێ دەووت هیچ فایدەی نـەبوو. تـاوای لێهـاتبوو دایکـی زۆربێزاربـوو ووتـی پـارەی باوکتـە کـەی پـارەی خـۆت هـەبوو خێری پێ مەکە بەڵام ئەو لەسەر عینادیەکەی بەردەوام بوو.

کاتەکان ومانگەکان تێپەڕ دەبوون ساڵێك بەسەر کۆچی باوکی تێپـەڕی حیسـاب و ژمێریاری سامانەکەی کرد سـەیری پێهـات مـن زەرەرم نـەکردوە مانـدوبونێکی زۆرم کردوە بەدرێژایی ئەم ساڵە ئەی بۆچی کەمی کردوە ووتـی دەبـێ بـزانم بـۆ؟ دیــارە مــن دزیــم لێــدەکری وئاگادارنیمــە . زۆران لەکاربەدەســتەکانی لێــی حادزبوون و دڵیانی شکاند. بۆساڵێ دووەم پاش مردنـی بـاوکی هـەمان زەرەری کـرد . زۆر خــەمباربوو هەرچــەند حیــساباتی دەکــردەوە دووبــارەو ســێ بــارە هەرکـەمی دەکـرد . بـەدایکی گـووت مـن هـەر قـازانج دەکـەم کـە سـەرنج دەدەم وژماریان دەکەم زۆر کەمی کردووە نازانم چۆن دایکە خەریکە شێت دەبم نـازانم چیبکەم ؟ ئـەویش گـووتی تۆکـاری خـۆت باشـتر دەزانـی لـەمن بـۆپرس بـەمن دەکەی ئێمە لەم بارەوە پێشتر قسەمان کردوە .

شەوخەونی بەباوکی بینی سـەیریکرد زۆربـەماتی دانیشتووە چوەلای گـووتی باوکـە مـن هەرچـەندە خـۆم مانـدوو دەکـەم هـەوڵ دەدەم قـازانج بکـەم بـەڵام هەرزەرەر دەکەم ؟

باوکی ووتی ئاخ کوڕم منیشت ناهومید کرد قازانج کردن بەڕاکردن وخۆمانـدوو کـردن نیـە. مـن ئێتربەرگـەی ئـاخ وئـۆق ئەوخەڵکـە نـاگرم کەمانگانـە کۆمـەکم دەکردن بەپشتیوانی خودای گەورە. (ب)باوکە من هەردەم سەرلێشێواو دڵتەنگم هەرچەند هەوڵ دەدەم بەختەوەر نابم کارم باش نابێ نازانم چیبکەم ؟

ڕۆڵـەگیان خۆشـی وناخۆشـی زەرەروو زیـان مـاڵ وسـامان هـەموو ئازارەکـان ودڵخۆشکەرەکان تەنها لەلایەن خودای باڵادەستە. بەڕوحمی ئەو ماڵەکەم زیادی دەکرد هەرچەند لەلیستی هەژاران خێزانیکم زیاد دەکرد ماڵەکە زیاتر دەبوو تۆ وات زانـی مـن پارەکـەم بـەبازوو شـانی خـۆم پەیـداکردوە کەترسـای کـەم کـات لەگەڵ بەخشین زۆرهەڵەبووی وەزۆرنـەزان .تۆئێستا چاك دەزانـی ئـەم دووسـاڵە چەندت زەرەر کردوە؟

(ب)بەڵی (........)هەزارەم زەرەر کردوە.

بـاوکی ووتـی کـەی تێدەگـەی کـوڕم ئەوەندەپارەیـە نـەدینارێك کەمترنـەدینارێك زیاترنیە لەوپارەیەی کەمانگانە دەمدایە هەژارەکان .من کۆمەکەکـەم بـۆ دەبردنـە ماڵیان هیچ لەم خێزانانە نەیان دەزانی من کویێم وە هیچ لـەمان ئاگـاداری ئـەوی تریـان نـەبوو هەریـەك وای دەزانـی مانگانـە تـەنها هەرئـەو پـارە وەردەگرێـت . چونکەئەو خێرەی دەیکـەیت ئەودەستەت بەئەوی تریـان نـەزانی . من زۆرجـار دەم بیـست دەیـان گـووت فـلآن کـەس ئەوەنـدە دەوڵەمەنـدە کەچـی کـەس خێـر لەدەسـتی نـابینێ بـەحاڵ دڵـی دێـت زکاتەکـە بـدات کـوڕم ئـەوکارەم بـۆ خـەڵك نـەدەکرد بـەڵکو بۆخـودام دەکـرد چـونکە بۆخـەڵك دەبێتـە ریـا وپـۆز لێـدان بـەڵام بۆخودا بزرنابێت .

لەخەوەکـە ڕاپـەڕی هـەمووگیانی ببـوو بەئارەقـە دەسـتی بەدەموچـاوی داهێنـا گووتی استغفرلله ئەمە هەمووی ئارەقەی شەرمەزاریە خودایە بمبورە من ڕێگام بزرکردبوو شـەیتانی پیس فریوی دام چوو دەسنوێژی گرت دوورکـات نویـژی بوخودا کرد زۆرداوای لێخۆشبوونی کرد قورئانەکـەی بـاوکی هێنایـە خـوارەوە لەسەر تاقیچکەکە کردیەوە ئەوئایەتەی کەوتە بەرچاو.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إِنَّ ٱلْمُصَّدِّقِينَ وَٱلْمُصَّدِّقَٰتِ وَأَقْرَضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿١٨﴾ صدق الله العظيم ﴿حديد﴾

واتا {بەڕاستی ئەوانەی کەخێر خوازن لەپیاوان وئافرەتان، ئەوانەی کەقەرز دەدەن بەخوا ماڵ و سامانیان لەپێناو ڕەزامەندی ئەودا دەبەخشن، ئەوانە چەند بەرامبەر پاداشتیان دەدرێتەوە وپاداشتی پیرۆزوبەنرخ چاوەڕێیانە}ت.ئا،

لەوڕۆژەوە بوو بەکەسێکی تر ئەوخێزانانەی باوکی ناو وناونیشانی نوسیبوو لە وەسیەتەکەی یارمەتیەکانیان بۆچویەوە بەڵکو هەوڵی دەدا ساڵانە خێزانیك زیاد بکات لەلیستەکەی (ب)دەڵی دەبێ منداڵەکانم هەمان ڕێبازی من وباپیرەیان بگرنەوە انشاالله(ئامین)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٢٥﴾ صدق الله العظيم ﴿الشورى﴾

واتا: {هەر(خوا)خۆی پەشیمانی وتوبەی بەندەکانی وەردەگرێت، هەروەها چاوپۆشی دەکات لەهەڵەو گوناهەکانیان ، وەبەوکارو کردەوانەش کە ئەنجامی دەدەن دەزانێت وبەئاگایە}ت،ئا.

(زەکات نەدان)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ ۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٩٢﴾ صدق الله العظيم ﴿ال عمران﴾

واتا {ئێوەهەرگیز ناگەنە پلەی چاکیی وچاکەکاریی هەتا لەوشتانەی کەخۆشتان دەوێت نەبەخشن،هەر شتێکیش بیبەخشن خوا ئاگاوزانایە پێی،(لیّ ی وون نابێت وبیّ پاداشت نابیّ}ت،ئا.

مام (ر)بەتەمەن بوو تێپەڕیبوو لە هەفتا ساڵ . سەردانی ماڵی خوای کردبوو . بانگیان دەکرد بەحاجی(ر) بەلاَم ئەوەی دەیناسی دەیگووت بۆ چۆتە حەج و مصروفێکی زۆری کردووە نازانین،هەندێکی تریش دەیان گووت تەنها رووکنەکانی ئیمان بەجیّ دەگەیەنی تابڵێن پیاوێکی باشە نەوەك هیچ پەیوەندی پتەوی بەئاینەوەنیە.

حاجی(ر) بەهیچ جۆریّ خۆی نەدەپاراست لەگوناه وجوێندانی ناشیرین و باسی خەڵك کردن. کاتێك مانگی رەمەزان دادەهات موسڵمانان هەموودڵخۆش دەبوون بەلاَم ئەو دڵی تەنگ دەبوو دەیگووت زانیمان رۆژوەکە مانای وایە خۆمان دەگرین لەنان وئاو باشە ئەم زکات دانە مانای چیە. خوامالّی داوە پێم خۆئەگەر بیویستایە بداتە ئەوانیش چۆن منی بینی ئەوانیشی ئەبینی چۆن دایبەمن دەیدابەئەوانیش. زگێك خودابرسی بکات بەماڵ وزکات دانی من تێرنابیّ بائەوڕۆ پارەی بدەمیّ ئەی بەیانی چی،باشە ئەم پارە بۆخۆمو منداڵەکانم سەرفکەم باشترنیە ،کەئەمرۆ بیدەمە یەکیّ بەیانی لەبیری دەکات وادەزانی هەریارمەتیشم نەداوە .ئەوخەڵکە هەژارە زۆر سپڵەن ئەگەربەیانی من ببینن رویان لەولادەکەن؟

(((وتەیك لەنووسەر: ئەگەر ئەوانەی بەڕاستی زەکات دەدەن بۆڕەزامەند بوونی خودای گەورە ئەوە نیە تۆ هەرماڵێك کەوا زکاتی پێدەدەی دەدینار یان سەد دیناریان پێبدەی ئەگەر زکاتەکەی کەبەنیازی بیدەی بیدەیت بەیەك خێزان تاباری ژیانی ڕاستبێتەوە هیچی تر پێویستی بە یارمەتی نەبێ ڕزگاری دەکەیت لە فەقیری ودەس کورتی و کرێچیاتی زۆرباشترە. خێرکردن وزکات دان دەبێتە ریایی کاتێك بەچەند بنەماڵەیەك درا ئەگەر بۆخودابێ دەبێت ئاوابێت . هەروەك حاجی (ر)ووتی تۆش وامەبە ئەگەر خودا بەتۆی دا نەیدا بدئەو مانای وانیە تۆی خۆشتر دەوێت . بەڵکۆ زۆر جار کەئەوەی ماڵی زۆری هەیە ئەگەر خوداپێنەدابوایە لە هەژارەکە خراپتری بەسەر دەهات.خۆبەزل مەزانە لەبەر ماڵ چونکە دوور نیە بەچاو تروکانێك بیبات (بکلیمه) واتا خودا بەووتەیەك دەدات بەووتەیەکیش دەبات. باش بزانن))

ڕۆژێك لەگەڵ کوڕەکانی دانیشتبوو .

مام(ر):ووتی باشە منیش هەژارنیم ئەی بۆکەس یارمەتیم نادات.

کوڕەکان : باوکە تۆ ماڵت زۆرە تۆ بۆ وەك ئەوخەڵکە خێر ناکەی بۆ زکات نادەی؟

(م.ر)من دوژمنم لەماڵی خۆمە ئێوە چیدەڵێن .ئێوە بەوماڵە ماندوو نەبوونە حەقتانە وابڵێن .

کوڕەکان : ئێمەش ماندووین باوکە بۆخۆت باشدەزانی خەڵك ڕۆژانی هەینی پشوو دەدات تۆنایەڵی هیچ ڕۆژێك ئیسراحەت بکەین پارەکەشمان لەگەڵ ژمار دەکەی وەك منداڵی بچووك سەیرمان دەکەی بابە ئێمە گەورەبووین .

ساڵان دەڕۆیشت ئەوە حاڵیان بوو ئەگەر باسی زکاتیان لەلابکردایە خزموو ناسیاو دەیگووت چۆن دەبێ کاری خێر دوابخرێ من زۆر زوو زکاتم داوە وەك من بن لە خێرکردن!. بەڵام ڕاستی ئەوەبوو کەهیچ زکاتی نەدەدا. ئێوارەیەك

بەکوڕەکانی گووت بەنیازم ئەوخانووەی تەنیشتمان بکڕمەوە . دوای نیوەڕۆ لەلای خاوەنەکەی دانیشتبووم گووتی دەیفرۆشێت ؟

کوڕەکان : تۆدەزانی ئەم خانووە نرخەکەی چەندە زۆرە هەردەم تۆدەڵی هیچمان نیەئەم هەموو پارەیە لەکوێ دەهێنی ؟

مام(ر)من نەبەرچی هەردەم ئامۆژگاریتان دەکەم دەڵێم پارە کۆکەنەوە هەر ئەو بەکەڵکتان دێت لەکاتێکی وەك ئێستا ئەگەر من پارەم هەڵنەگرتبوایە ڕومان کردبوایە کوێ کەس پێی دەداین ها؟

کوڕەکان : بەڵام ساڵێك نابێ خانوەکەی ترمان کرێ بەکرێت داوە گووتت کەس نەزانی ئێستا چۆن بەماوەی ساڵێك ئەم هەموو پارەیە پەیدا بوو بەچی کۆبویەوە !

(ر)ئەوپارەیە چەند ساڵ بەر لەئێستا کۆمکردووتەوە هی ئێستانیە ئەوە نزیکەی هەشت ساڵدەبێ هەڵم گرتووە.

کوڕەکان باوکە نەمان دەزانی تۆش پارە هەڵدەگری لەبەنك؟

ئێوە چی دەڵێن من چۆن پارە لەبەنك دادەنێم من پارەی خۆم لەبەر چاوی خۆم هەڵدەگرم ئێستا کاتی ئەوباسانە نیە تادرەنگ نەکەوتووین بابچین بۆماڵی جیرانەکەمان بزانین ڕێك ناکەوین بۆکرینی خانوەکەی؟

چوون بۆلای هاوسیکەیان پێك هاتن کەخانوەکەی لێبکڕن بەبڕی(٧)دەفتەر بەبەراورد پارەی ئێستا پێك هاتن بەیانی پارەکەی بداتی . بەڵام کوڕەکانی بیریان هەرلەوەدەکردەوە ئەم پارەیەی چۆن وەلەکوێی هەڵگرتووە!

بەیانی زوو کوڕەکانی بانگ کردو گووتی وەرن پارەکە ئامادەکەین بۆ خاوەن خانوەکە. ئەوانی برد بۆلای باخچەکە ووتی وەرن ئێرە هەڵکۆڵن من پارەکەم لەژێر ئەم خاکە شاردۆتەوە . لەکاتی هەڵکەندن دەیگووت من ئەوپارەی هەڵم گرتووە بڕی (٥٠٠)هەزارە(سویسری) دەبێ بۆی تەواو کەین لەوەی لامانە.کاتێك سەیریان کرد تەنەکەیەکیان دۆزیەوە گووتی ئەوە

پارەکەیـە.گووتیـان چـۆن پـارە لەشـوێنێکی ئـاواو لـەناو تەنەکـە هەڵـدەگری هـەمووی ڕزیـووە ! ئـەویش ووتـی مـن والـەناو تەنەکـەم نـەناوە لـەناو کاغـەزوو نـایلۆن ئالأندوومـە . ووتیـان باوکـە لەکەیـەوە ئـەم پارەیەلێرەیـە ؟ گـووتی چوار پێنج ساڵە. بەلأم کەدەریان هێناو سەیریان کرد چی ببینن لەناو تەنەکە پارەکە هەمووی مۆرانە خواردوویەتی هەرئەوەندەی ماوە کەبزانن ئەوە پارەیە! ووتیـان باوکـە پارەکـە هـەمووی بۆتـە خـۆراکی مۆرانـە ئـەوەی دڵـت نـەدەهات بیکـەی بـەخێروو بیـدەی بەخـەڵك وەك زەکـات خـوای گـەورە بـەهۆی ئـەم شتەبـچووکە بردویەتیەوە.!

(مـام ر)کەئـەوەی بـینی کەوتەسـەر زەوی ئاگـای لـەخۆی نـەما بـەزووی بردیـان بۆنەخۆشـخانە دکتـۆر ووتـی توشـی فـشاری خـوێن بـووە خـەمێکی زۆری خواردوە. لەلای دادەنیشتن دەیان گووت خـەم مـەخۆ پارە دێـت ودەڕوات تـەنها بیری پێمەکەوە تۆسەلامەت بی هەمووشتێکە بۆمان باوکە.

چـــەند هەفتەیـــەك لەنەخۆشـــخانە مایـــەوە بـــەهۆی ئەمـــەوە مـــرد (إنا لله وانا إليه راجعون) دوای شوشتن وکفن کردن بردیان بۆگۆرستان وگۆڕیـان بۆ ئامادەکردبوو خستیانە ناوی کەدایان نـا بـەرێکی هاتنـە دەرەوە تـا داپپۆشـن بەلأم لەناکاو مارێکی رەشی گەورە لەناو گۆڕەکە لەکونێك بەدیار کـەوت و خـۆی لێی ئالأند لەبەرچاوی هەموو خەڵکەکە . کوڕەکانی گووتیان ئێمە باوکمـان لێـرە نانێژین . دەریـان هێنـاو گـۆڕێکی تریـان بـۆی هەڵکەنـد خـستیانە نـاوی دیـسان هـەر ئـەومارە لەناوگۆڕەکـە بـەدیار کـەوت و خـۆی لـیٚ ئالأنـد دەریـان کـرد لـەوگۆرەش منداڵـەکانی دڵیـان نـەدەهات ئاواسـەری داپۆشـن گـۆڕێکی تریـان هەڵکەنـد بـەلأم فایـدەی نـەبوو چـوونکە ئـەو مـارە گـەورەو کـەخۆی لـیٚ دەئالأنـد کلکی لەقاچەکانی دەئالأند تاسەری دەگەیشتە ڕاستی سەری هـەموو لاشـەی لـە لەشی مام(ر)دەئالأنـد زۆر سـەیریان پێهات ئەوخەڵکە هـەمووی سـەریان سـوڕما داوایان لەکوڕەکانی کرد چیتر ئاوانـەی هێڵنـەوە دایبپۆشن چوونکە ئەگـەر هـەر

گۆری تر هەڵکەنن وەئەگەر بیبەن بۆشوێنێکی تر و شارێکی تر ئەم مارە وازی لێناهێنی گووتیان ئەو شتێکی کردوە لەژیانیدا کەئێستا لەبەر چاوی هەموو خەڵك ئەومارە وازی لێناهێنی کەببێت بەدەرس وعیبرەت بۆزیندوان کەئەو چیکردوە بەڵکوو بتوانین هەڵەمان چاك بکەینەوە ؟ باوکتان چ کارێکی نادروستی دەکرد لەماوەی ژیانیدا ؟ ئەوانیش گووتیان ئێمە دەتوانین بۆتان باس نەکەین بەلآم ئەوەی باوکمان دەیکرد ئێمەش پێمان خۆشنەبوو هیچیشمان پێنەدەکرا ئەوەی ڕاستیبێ ئەو لەژیانیدا زەکاتی نەداوە . هەموو گووتیان لەبەرچی ئەو پیاوێکی دەوڵەمەند بوو چەند خانوو چەند دووکانی دابوو بەکرێ . ئەوکات مەلایەکەی خۆی ئامادەکردبوو بۆ تەلقینی ووتی(ابو هورەیرە ڕەزای خوای لێبی لەپێغەمبەر درودی خودای لەسەر بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێ.دەوڵەمەندی بەزۆری ماڵ نیەبەڵکودەوڵەمەندی ئەوەیە کەدڵ ودەرون دەوڵەمەندبێت) ڕاستی فەرموو پ.ص)ئەوکات دانیان پێدانا کەسودی نیە بۆیە دایان پۆشی .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ ﴿١١﴾ صدق الله العظيم ﴿ الليل ﴾

واتا {ئەوکاتەی دەمرێت ولەگۆڕ دەنرێت، ئەوکاتەش کەفڕێ دەدرێتە(دۆزەخەوە ماڵ وسامانەکەی هیچ فریای ناکەوێت)}ت.ئا،

(بابەتی شەشەم)

(خێزانی ڕێك وخێزانی كەم ئەزموون)

(العائلة الرزينة والعائلة ذوخبرة قليلة)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾ صدق الله العظيم ﴿النساء﴾

واتا: {ئەوەی كە كردەوەی چاكە ئەنجام بدا لە پیاوان وئافرەتان وەئیمان داربێت،ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوەو بە قەدەر تاڵ ناوكی خورما ستەمیان لێناكرێت} ت،ئا.

گرفتی زۆر توشی خێزانەكان دەبێت ئێمە دەمانەوێت هەندێك لەم گرفتانە بەكورتی بخەینەڕوو بۆئەوەی بتوانین خێزانێكی ڕێك پێك بهێنین لەهەموو ڕویێكەوە . زۆر ڕووداوی بچووك لەناو خێزان دەبێتە هۆی گەورەترین كێشە لەكاتی لەیەكتر نەگەیشتن .

چەند پرسیارێك ئاراستەی خوشك وبرایانی خێزاندار دەكەم هیوادارم زۆر بەڕاستی وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە لەناختان ڕاستگۆبن تالەگەڵ گرفتەكانتان ئاشنابن بۆئەوەی بتوانن بەباشترین شێوە چارەی بۆبدۆزنەوە .

_ تاچ ڕادەیەك ئێوەلەیەكتری تێدەگەن؟

تۆ_ برای بەڕێز دەتوانی گرفتی دەرەوە لەدەرەوە بەجێبهێڵی نەیهێنیتەوە بۆماڵ كاتێك دەزانی خێزانەكەت ئەو توانایەی نیە بەژداری گرفتەكانت بێت وەلەگەڵ خەمەكانت خەم هەڵگرێت چوونكە قابلیەتی هەموو كەسێك وەك یەك نیە. تۆش كەدەزانی خێزانەكەت وایە زۆری لێمەكە كەبتوانی چونكە ناتوانی

وەبــەهیچ جۆرێــك بــەراوردی مەکەبەکەســێکی تــر کــەڕاهاتوە شــان بەشــانی پیاوەکەی بوەستێ چونکە مایەی ئازاردانی دڵەو بێشەرم بوونە لەیەکتر .

تۆ_ برای بەڕێز کاتێك دەگەڕیتەوە ماڵ دەس خۆشـی لەخێزانەکەت بکە کاتێك گـۆڕان کاریــەکت بـینی یــان کاتێــك خواردنــت بۆدادەنێــت بڵــی خواردنەکــەت زۆربــەتام ئامــادەکردوە . ئەگــەر واش نــەبوو دەتــوانی لــەکاتی نــان خــواردن بڵــێ تۆزێك سوێرە یان تۆزێك چەورە یان هەرجۆرە کەموو کورپەکی هــەبوو بــەجوانی تێبگەیەنــە . نــەوەك بڵێــی جائــەوە خواردنــە ئامــادەت کــردوە هــەمووت خەســار کردوە شێوەی تێگەیاندن چەندە جوانبێ باشترە.

تۆ_ برای بەڕێز ئەگەر ڕۆژێك لەکاتی گەڕانەوەت خێزانەکەت تووڕە و دڵ تونـد دیــاربوو زۆری لێمەکــە بۆئــەوەی بزانــی چیەتی ئەگــەر جارێکــت پرســی مەیکــە بەدوو تۆنازانی ئازارێکی جەستەی هەیە یــان مانــدووبوە لەبــەر کــاری مــاڵ یــان دڵــی بەمنداڵــەکان توونــد بــووە بێزاریــان کــردوە بــەهاواریان ،زۆرشــتی تــر تــۆ دەتوانی عوزری بۆبهێنیتەوە چونکە ئەگــەر هەنــدێ نــاز لەســەر تۆنــەکات لەســەر کێ بیکات دوای ماوەیــەك خــۆی نــاتوانی بەرگە بگــرێ هــەمویت بۆبــاس دەکــات بڕوابکە.

تۆ_ برای بەڕێز کەیبوو دواین جار دیاریەکت بۆی کڕیووە من ناڵێم پارچەیەك زێڕی بۆبکڕە بەڵکوو شــتێکی بچوکیش بێــت بۆنێك ڕەفتەیەك پارچە قوماشــێك هەرشتێکی تر لەم بابەتە ئەمە پەیوەندی وتــەبایی و خۆشەویســتی بــەینی ئێــوە زیاد دەکات وای دامەنێ کەپەیوەندی ئێوە ژن ومێردایەتیەو یان تــەنها لەســەرتە کەرستەی ناو مــاڵوو کەرستەی خــواردنی بۆبهێنیتــەوە بــاوابیر نەکاتەوە کــەوەك خزمەت کارێك ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات و هیچی ترنا.

تۆ_ خوشکی ئازیز هەردەم ماڵت پاك و ئامادە بووە ؟یان خــۆت خــەریك دەکــەی بەســەیر کردنــی تەلــەفیزیۆن ودانیــشتنی بــەردەرگاو خــەوتنی ناوەخــت؟ ســەیر دەکەی واخەریکە کات درەنگ دەکات ئینجا کارەکان دەکەیت وخــۆت مــشەوەش

دەکەیت . کاتێك پیاوەکەت بەماندووی گەڕایەوە سەیر دەکات کوڵی جل لەحەمامە نازانی چۆن دەست وچاو بشوات خواردن ئامادەنیە تۆخۆت زۆرناڕێکی . جارێك دووان ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر خواردنی دەرەوە . واتا خۆت فێرت کرد دوای گلەیی نەکەی کەواپیاوەکەت ڕوو لەدەرە . ئەوەی لەدەرەوە سەرنجی پیاوەکەت ڕادەکێشێ چیە تۆش وابکە تادرەنگ نەبووە بالەدەستی نەدەی دوایی دادنادات هیچ شتێ . بشزانە ووتویانە کاری بەوەختی پاشای سەرتەختی .

تۆ_ خوشکی ئازیز تۆ کاتێك پیاوەکەت گەڕایەوە کەی پێشوازیت لێکردوە بەڕوێکی خۆش وە ئەگەرشتێکی بۆماڵ هێنابێتەوە بۆڕوون کردنەوەی زیاتر بلێین (دووکیلۆ تەماتە دووکیلۆ سێو) هەرشتێکی تر تاچەند دەست خۆشیت لێی کردوە ئایا زوو نەت ووتوە ئەوە بەکەڵك نایەت . تۆنازانی شت بکڕی تۆواو .تۆوا. هەتاکۆتایی .

ئێوە_ ئایاکاتێك تووشی گرفتێك دێن چەند هەوڵتان داوە وەك دووهاوڕێ بەیەکەوە دانیشن چارەسەری بۆبدۆزنەوە بێ ئەوەی دەنگتان بەرزبێتەوە وحادزی بکەوێتە بەینتان . بزانن لەسەرەتای ژیانی هاوسەری گرفتی زۆر ڕوولە خێزانەکان دەکات بەڵام بەتێپەڕ بوونی کات کەم دەبنەوە چونکە زیاتر یەکتری دەناسن . ئەگەر بتوانن لەکاتە ناسکەکان ولەسەرەتاکان ئاگاداری هەڵسوو کەوتتان بن،ئەگەر یەکێکتان بتوانی خۆڕاگربێت ودەنگ نەکات ئەویتر ناچاردەبێت دوای ماوەیەك ئەویش بێدەنگ بێ بەڵام یەکێکتان نەبن بەئاگر ئەوەیتر بەنزین ئەوکات دەبێتە هۆی دڵ ڕەنجان وحادزبوون. تاتواناتان ببێ مەیەڵن بگاتە ئەو ڕادەیە .چونکە چەپڵە بەدەستێك لێی نادرێت بزانە. بۆکەس نیە خۆی لەگرفتی خێزانی ئێوە بدات زوو لەیەکتر ببورن بەهێمنی چارەسەری خەمەکان وگرفتەکانتان بکەن . کەسانێك بکەن بەمامۆستاو فێرکارتان پرسیان پێی بکەن ئەگەر وای ویست ئەگەرناچاویان لێبکەن بزانن چۆن سەرکەوتوون

پرس بەکەسێك مەکەن کەچارەسەری لانەبێ هەرچەند بەتەمەنیش بێت یان نزیکیش بێت.

ئێوە_ کامەتان نهێنی ئەوی ترتان دادەپۆشن؟ گوێ بیست بوینە زۆرجار دەڵێن ئافرەت زیاتر نهێنی ماڵی دەباتە دەرەوە . منیش دەڵێم لەسەدا ۸۰ی ئەم وتەیە ڕاستە بەڵام وەك دەڵێن ژن هەیە ژنۆکەش هەیە هەرووەها پیاویش بەهەمان شێوە هەڵە دەکات. چۆن ؟ ئافرەتێ ناسیوە هەردەم لەخۆشی و نازوو نیعمەت دابووە پیاوەکەی فەرمانبەربووە دوای دەوامیش دووکانی دانابوو کاری لە سەر دەکرد چەند ڕۆژێك ئەم پیاوە نەخۆش کەوت کارەکەی دوای دەوامی پێنەدەکرا کەخەڵك دەچوون بۆسەردانی ئەم پیاوە دەیان گووت چۆنی لەجیاتی پیاوەکە ژنەکەی وەڵامی دەدایەوە دەیگووت چۆن بین واحاڵمان دەبینن چەند ڕۆژە ئەودەکانە داخراوە ئەویش نەخۆشە پێویستی بەدکتۆرو دەرمان هەیە ئەوەی هەمانبوو هەموویمان سەرفکردو تەواوبوو .

ئازیزانم ئەمە!نموونەی ئینسانی لەخوداغافڵە کەبەهیچ جۆری سوپاس گوزاری نیعمەتی خودا نیە بەچەند ڕۆژێك دونیای لێ دەبێتە ئاخر زەمان . چۆن بەراورد دەکرێ بەوئافرەتەی دواتر.

ئافرەتێکی ترلەخێزانێکی هەژار لەساڵەکانی گرانی لەگەڵ دوو خێزانیتر لەخانویەك دەژیان بەکرێ . ئەوان حاڵیان باشبوو خواردنی خۆشیان ئامادە دەکرد وجلی جوانیان لەبەردەکرد بەڵام خێزانی ئەم ئافرەتە حاڵیان باش نەبوو جاری وابوو هەفتەیەك خواردنیان لەماڵ نەبوو کەچی وای نەدەکرد ئەوانەی لەگەڵیاندان بزانن ڕاستە نەبوونی عەیب نیە بەڵام دەیگووت خوا تاقیمان دەکاتەوە ئەگەر باسیش بکەم تەنها ناشوکری خۆم دەردەبڕم . زۆرجار هەندێ ئاوی لەمەنجەڵ دەکردوو لەسەر سۆپاکە دایدەنا تانەزانن هیچیان نیە نەوەك بپرسن بۆ هیچت لێنەناوە.

ئێمەچۆن دەتوانین بەیەك چاو سەیری ئەم دووانە بکەین.

ئێوە_ چاو لەسەر یەکتر دامەنێن . واتا دایکت مەکە چاودێر لەسەر خێزانت مندالت مەکەچاودێر ، مەلێ پەوەندیت بەکوێ کردوە ئەمڕۆ. مەلێ بۆخەمبار دیاری کەسێك هاتوە کەمن لەمال نەبووم. تۆش مەلێ لەدەرەوە کوێت دیت. لەگەر فلانە کچ لەدەوام قسەنەکەی.زۆر نارێك وناشایستەیە تەنها دل ئەزێت دانە . ئەوبۆچونانەی کەتۆ هەیتت لەناخت کەهیچ بونیان نیە وادەکات بونیان هەبێ کەزۆر دوپات کرانەوە . هەول مەدە خەیال بکەیتە ڕاستی،
خانوو ئەگەر بناغەی پتەوو قایم بێ بەهیچ تۆزوو باو گەردەلول و زریان و لافاو دەرزی لێ پەیدا نابێت. خێزانێك بن لەسەرەتای ژیانتان هیچ هەنگاوێك مەنێن بێ ڕەزامەندی هەردوولاتان وەك بناغەی خانوو باپتەوبێ بناغەی ژیانی هاوسەریتان، بەهیوام ئەم کێشانەی ئێستالەدادگاکان زۆرن کەم بێتەوە بەلکوو هەرنەمێنێ (انشاالله)

(نهێنی پاراستن)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَا تَكۡتُمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَۚ وَمَن يَكۡتُمۡهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٞ قَلۡبُهُۥۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ﴿٢٨٣﴾ صدق الله العظيم ﴿البقرة﴾

واتا: {نەکەن شایەتی بشارنەوە، ئەوەی شایەتی بشارێتەوە ئەوە دڵی ژەنگاوی وناپوختە، خوایش بە هەموو کردەوەکان زانایە}ت،ئا.

_ئافرەتێك مرد کەتەمەنی نزیکەی ٦٠ساڵ دەبوو بەڵام هیچ منداڵی نەبوو لە پرسەکەی هەرکۆمەڵە ئافرەتێك چرپە چرپیان دەکرد خۆزگە کورێك یان کچێکی هەبوایە باشتر بوو ئەو لەولاو ئەویتر لەولاهەریەك بەجۆرێك قسەی دەکرد.خوشکی مردوەکەش لەگۆشەیەك دانیشتبوو هەر سەیری دەکردن و گوێی بۆڕاگرتبوون. تاکاتێك (دشی)خوشکەکەی واتا (خوشکە مێردی مردوەکە)ووتی ئاخ براکەم خواڵێت خۆشبێ زۆرمان پێ گووتی بۆخۆت ژن بێنەوە کەچەند ساڵێکی پێچوو هەر منداڵی نەبوو بەڵام بەگوێی ئێمەی نەکرد . زۆری باسکرد هەرتەواونەبوو (جام پڕبێت لەسەری دەڕژێت)خوشکی مردوەکەخۆی بۆڕانەگیرا ووتی:بەسە تاکەی بێدەنگ نابی خوشکم مردیش تۆهەر وازی لێناهێنی بەدەم گریانەوە ووتی کەس وەك خوشکەکەی من زوڵم لێکراوو فەقیر داماو نەبوو خوایە ئەم زوڵمە هەڵنەگری کە ماڵی خەزورانی لێیان کرد .

(دشی)خوشکەکەی ووتی:ئێمە چیمان لێی کردبوو بەس نیە براکەم بێ دڵی خۆی کرد لەهەمووژیانی وەك خەڵکانی تر منداڵێکی هەبێ بەنائومێدی سەری نایەوە دڵی نەهات ژنێکی تر بێنێ بەسەر خوشکەکەت خۆی بێبەش کرد لەووشەی باوکە هەرلەبەر نەزۆکیەکی خوشکت نەبوو بۆ ڕاستی ناڵێی ؟.

خوشکی مردوەکە گووتی زیاتر بەرگە ناگرم نازانم خوشکم چۆن توانی ئەوەندە ساڵە بەرگەی قسە ناشیرین ونابەجێیەکانتان بگرێت تۆبەویستی خۆت دەڵی ڕاستی بڵێم نەوەك من ٤٠ساڵە بەڵێنم بەخوشکم داوە کەقسە نەکەم سوێندم بۆی خوارد بەڵام تۆ هیچ شتێکت تیادا نەهێشتەوە لەبەر چاوی ئەو هەموو خەڵکە ئەوەی هاتە بەر دەمت نەتگێڕایەوە .

گوێبگرن هەمووتان ئەوەی لێرەدانیشتوە بزانن خوشکی من چ ئافرەتێك بوو کەبەهەمووتان تەحەمولی ئەوەتان نەدەکرد تەنها مانگێك لەئەوەی ئەو بەرگەی گرت لەژیانی .بۆ ڕاستی ودروستی قسەکەشم من خۆم کەتەنها نەمتوانی ئەوسێ ڕۆژەی پرسەکە تەواو دەبێت خۆڕاگربم. ئێمەش گەنج بووینە دەزانین گەنجیاتی چۆنە ماناى وایە هیواو ئاواتی زۆرمان هەبووە خوشکەکەی منیش خوالێخۆشبێت هەمان ئاواتی هەبوو کەببێ بەخاوەن خێزان ومناڵ بەڵام!بۆئەو بووبەخەون چونکە زوو زانی کەپیاوەکەی (.) بەڵێ مندالی نابێ لەسەرەتای ژیانی هاوسەری ئەوەی بۆڕوون بۆوە. من لەبەر قسەی ئێوە واتە (ماڵی خەزورانی)ڕۆژێك بەزۆری گووتم دەبێ بڕۆین بۆلای دکتۆر ئەویش چاری نەماهەمووی بۆباس کردم پێم گووت باشە بۆ ڕازی بەم ژیانە پیاوت وابێ خزمەکانیشی هەر لۆمەی تۆبکەن ئەوە چۆن ژیانیکە گوتی خوشکەگیان ژن ومێردایەتی تەنها جێگەی خەوتن نیە من ڕازیم بەبەشم خۆی زۆرجار داوای لێکردووم کەجیابینەوە ئەویش زۆربێزار ببوو لەقسەی خەڵك گووتی من ڕازیبووم ژن بێنم تەنها تاخەڵك بە کەمووکوڕیم نەزانێ گووتبووی من بڕیارم دابوو دوای ماوەیەك بڵێم نەگونجاین بۆیە جیا بوینەوە خوشکیشم تاناوی ناشیرن نەبێ بڵێن (تەڵاق) دراوە ئەوەی قەبوڵ نەکرد . دڵیشی نەهات براکەت بشکێنێتەوە لەبەرچاوی ئێوە. هەموو ئازارەکانی هەڵگرتت کەئەوەتانگووت منداڵت نابێ تۆ وای تۆ وای. دوای ٤٠ ساڵ ژیانی هاوسەری خوشکی من هێشتا کچێکی پاکە من زۆرم پێدەگووت ژیان ئاوا ناچێتە سەر چۆن ئەم هەموو

قسە ناخۆشانەی ئەوان دەبیستی ودەنگ ناکەی چۆن؟ دەیگووت خودای گەورە ئـارامیم پێدەبەخـشیٚ . ئەگـەر دەتانـەوێت زیـاتر ڕاسـتیەکان بـزانن زۆر بەڵگەوتاقیگەی دکتۆرم لای خۆم داناوە کاتێك پێش دووساڵ براکەت مرد من بەنهێنی هەڵم گرتن بیٚ ئەوەی خوشکەکەشم بزانیٚ . دیارە خـوا لـەدڵی نـام هەڵیگرم بۆڕۆژێکی وەك ئەوڕۆ. دیسان بەدشی خوشکەمردوەکەی ووت هیـچت ماوە تابیلێـت ؟خـوای گـەورە لـەگوناهم خۆشـبیٚ وەخـوا تـۆ بگـریٚ کەبویتـە سەبەبی ئاشکراکردنی ئەم نهێنیە.داوای لێبوردنیش لەخوشکی بەوەفاو دڵ گەورەم دەکەم.

(ناحـــەق)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ ﴿١٥٥﴾ صدق الله العظيم ﴿البقرة﴾

واتا: {بێگومان ئێمە، ئێوە تاقی دەکەینەوە بەهەندێك ،ترس وبیم وبرسیەتی وکەم بوونی ماڵ وسامان ومردنی کەس وکارو تیاچوونی بەروبوم، وەموژدە بدە بەو کەسانەی کەخۆڕاگرو ئارام گرن.}ت،ئا،

ڕۆژێکیان سەردانی ماڵی ناسیارێکمان کرد، دانیشتبوین لەژوورەوە هەموومان خەریکی چا خواردنەوە بوین لەناکاو دەنگی هاتووهاوار لەکۆڵان هەموومانی بردە دەرەوە تابزانین چیە! کەچوین سەیرمانکرد بینیمان ئەم دەنگە دەنگ وهاوارە تەنهائێمەی نەبردۆتە دەرەوە بەڵکو هەموو هاوسێکان هاتبوونە دەرەوە . لەیەکێك لە ماڵی هاوسێکان بوو. ئافرەتێك هاواری دەکردو دەیووت خوالێتان قبول ناکات. حەقی من هەر دەکات. ئەوەی ئێوە دەییکەن کافریش نایکات ئەی بێ بڕواینە.

ناسیارەکەمان زۆر لای سەیربوو ووتی ئەم ژنە بۆوادەکات چەند ساڵێکە ئێمە هاوسێ و جیرانین هیچ شتێکی وامان لێی نەبینیوە . لەئافرەتەکە چوە پێش و دەستی ڕاکێشاو ووتی با دەنگتان نەیەت عەیبە بەزۆرهێنای بۆژوورەوە .

ئەوکات ئافرەتەکە هەردەگریاو دوعای دەکردمنیش لەناسیاوەکەمانم پرسی چیەتی بۆوادەکات؟

ووتی ئێستا نازانم چیەتی بەلأم ئەوەی من دەیزانم بەر لەئێستایە ئەم ئافرەتە ناوی (ن) پێش شەش یان حەوت ساڵ دەبێ کەشووی کردبەکاك (ش)ئەو هەتابڵێ ی پیاوێکی غەریب بوو فەقیرحاڵ بوو ماڵی باوکی (ش) وەك بڵێی

لەکۆڵ خۆیانی بکەنەوە ئاوابوو بۆیە کە(ن) یان بۆخواست دایك وباوکی نەمابوو لەگەڵ برای و ژن براکەی دەژیا بۆیە ڕازیبوو هەرچەند دەیزانی کەئەو هیچی نیە وحەمباڵی دەکات من ناڵێم کارێکی باش نیە بەڵکوو باس لەژیانی دەکەم وەك خۆی . خانوێکیان لەکۆڵانەکەی ئێمە بەکرێ گرت لەناوی دانیشتن ماڵی باوکی(ش) ڕازینەبوون بەهیچ جۆرێك لەگەڵیان بژین چوونکە وەك دەڵێن(دەست وپێ سپیبوو)بەمانای هیچ کارێکی پێ تەواو نەدەکرا. حاڵ وگوزەرانیان تابڵی خراپ بوو . هەناسەیەکی هەڵکێشاو گووتی خۆی دانیشتووە گوێ لێیە ئەگەر هاوسێکان یارمەتیەکیان نەدابوونایە کرێشیان بۆنەدەدرا بەڵام ئافرەتێکی جیران ڕۆژێك بردی بۆماڵی خۆیان ووتی من جل دەدوورم ئەگەر بتوانی یارمەتیم بدەی زۆرباشە (ن)زۆر زیرەکانە فێری کارەکە بوو تا وای لێهات ئامێرێکی دورمانی بۆکڕی گووتی بۆخۆت لەماڵ ئیشی لەسەربکە ئیتر بۆخۆت فێر بووی پێویستت بەمن نەماوە . ئەویش زۆر سوپاس گوزاربوو بۆئەم کارەی کە ئەم ئافرەتە لەگەڵی کرد . جلی بۆخەڵك دەدوری کارەکانی تابڵێی جوان بوو لەلایەن خۆی بەردەوام ئەوانەی کەفێرببوو هەمووی فێری (ش)دەکرد بەماوەی ساڵێك دووان هەردووکیان بوون بە باشترین خەیات .

(ش)دوکانێکی دانا لەناو بازاڕ بۆ دوورینی جل وبەرگی ئافرەتان . خوای گەورە دەرگایەکی بەخێری بۆکردنەوە ماوەی ساڵێك دەبێ ئەم خانوەیان کڕیەوە کەلەناوی دانیشتبوون بەکرێ . لەوماوەیە دووکوڕو کچێکی زۆرجوانیان بوو هەردوکیان هەوڵیان دەدا بۆژیانێکی پڕخۆشی وشادی .ماوەی سێ مانگ بەرلەئێستا (ش)سەیارەیەکی کڕی لەبرادەرێك نیوەی پارەکەی پێدا پێك هاتن نیوەکەی تری بەمانگانە بدات زۆرشادوومان بوون ئێمەش خەڵکی کۆڵانەکە بەهەمان شێوە چونکە زۆر نارحەتی و ئازاریان چەشت .

بەلأم دوای کرینی سەیارەکەی بەچەند رۆژێك توشی کارەساتێکی دلّ تەزێن بوو ! بوەهۆی گیان لەدەست دانی . بەلأم شتێك هەیە کەمن تێناگەم مالّی خەزوورانی (ن)کەسالّی جارێك نەدەهاتن بۆسەردانیان ئێستا زوو زوو دێن نازانم بۆ ؟ رووی لە(ن)کرد گووتی چەند مانگێکە هەر دەلّێم پرسیاری لێدەکەم بەلأم دەلّێم من عیلاقەم چیە باشە ئەم هەرایە چیە ئەوان بۆ دیسان هاتبوون دەتوانی وەلأمم بدەیتەوە؟

(ن) ووتی تۆ باش دەزانی ئەوان نەدەهاتن بۆسەردانمان خەزوورم ئەگەر منداڵەکانمی دیبا لەشوێنێکی تر نەیدەناسین تائێستا یەکێکیان منداڵێکی منیان نەگرتۆتە باوەش وماچیان بکەن پاش مردنی باوکیان زوو زوودێن هەر وەك خۆت گووتت. چەند هەفتەیەك دوای مردنی(ش) گووتیان دەبیّ تۆ شوو بەیەکێك لەشوبراکانت بکەیتەوە گووتم خواهەلّناگریّ من لەبەر منداڵەکان مالّێکی تر تێك بدەم شوبراکانم هەموویان خاوەن خێزانن پاشان کات زۆر زووە باس لەو شتانە بکەین ئەگەر لەبەرمنداڵەکانتانە مام وباوك هیچ فەرقی نیە لەئێستاوە ئێوە هەمووکەسی ئەوانن. ئەوکات رۆیشتن .دوای چەند رۆژێك دووبارە هاتنەوە هەمان قسەیان کرد. منیش گووتم وازم لیّ بێنن من شوو ناکەمەوە هەرخۆشم منداڵەکانم بەخێودەکەم هیچم لەئێوە ناوێت . تادێت موشکیلەکە گەورەتر دەبێت دەزانم ئەو هەرایەی ئەمرۆش هەر لەبەر ئەوەبوو من دەزانم نەلەبەر منە نەلەبەر منداڵەکانە !

گووتمان چۆن ئەی بۆ وادەکەن؟ گووتی لەبەر خانوەکەیە لەبەر دوکانەکەی بازارە. دەزانن هەمووی بەناوی(ش)دەزانن من رازی نابم کەشویان پێبکەم باش دەیان ناسم چۆن ئادەمیزادێکن دەگریاو دەیگووت بۆ وازم لێناهێنن . لەوکاتە منداڵێکی بچووکی پێنج سالأن رایکردە ژوورەوەو خۆی بەباوەشی دادا گووتی دایکە وەرە بابچینەوە( ) و( ) هەر وادەگرێن .ئەویش گووتی باپیرەو مامە رۆشتن ؟ منداڵەکە ووتی ئا رۆشتن. ئەویش دەستی منداڵەکەی گرتوو چۆوە

بۆمـالْ . ئێمـەش گەڕاینـەوە بۆمـالْ تاماوەیـەکی زۆر ئـەم ناسـیاوەم نەبینیـەوە ڕۆژێك بینیم زوو لەهـەوالّی (ن)م پرسـی پێم بلّـی چـی لێهات وچیدەکات لەگەلْ منداڵـەکانی ؟ ئـەویش گـووتی ئـەوەی بەسـەر ئـەوهات بەسـەر کـەس نـیْ ئەوئاژاوەیـە نەبڕایـەوە هـەموو ڕۆژێـك شـەڕوهەرابوو هـەتاڕۆژێکیان خـەزوری ڕایکیشا بۆناو کۆڵانەکە گووتی ئەو خانوەی داگیرت کردوە هـی تۆنیـە تاکـەی تێدەگەیت هی منداڵەکانی کوڕەکەمە تۆش بڕۆ بۆماڵی برات ئەوجێگایـەی تـۆ مـان لێهێنـاو تۆمـان کـردە ئـەو جـۆرە ژنـە کەشـایەنی هـیچ نـەبووی بـەلاّم خواخێرمان بنووسی کەچەند عەیامێکە ژیانی پاشایان دەژی . هەرچەند ئەو خەڵکە هاتە تکا ورجاو پاڕانەوە فایدەی نەبوو ؟

(ن)لەبەر دەرگای ماڵی خۆی کـەوتبوو دەگریـا دەیگووت هـەموی بۆخـۆتـان بێـت تـەنها منداڵـەکانم بدەنـەوە دەڕۆم جـارێکی تـر نامبیننـەوە وەداوای هیـچتان لێناکەم .

دەیان گووت ئێمـەش دونیامـان دیـوە دەزانـین منداڵـەکانت بدەینیْ هـەموو بۆتـۆ دەبیْ، بڕۆ لێرە مەوەستە.

گریـانی (ن) لـەکۆڵان گریـانی منداڵـەکانی لـەماڵ هـەموو خـەڵکی گەڕەکەکـەی هێنابوە گریان

(ن)دەیگـوت مـن هـەر بەلایـەك لێمنـە قـەوماوە بێکەسـم بـیْ دایـك وبـاوك .ئەگـەر (ش)خانوەکەی بەناوی من بکردایە ئێستا وام لیْ نەدەهات من ئێـستا نـەخاوەن کەسـم نـەخاوەن مـالّم نـەخاوەن منـدالّم ئـەی هـاوار چـۆن وادەبێـت (ئێـستا (ن)لـەماڵی براکـەی دەژی . نازانین چـی ڕوو دەدات ئایا کەسـی خـاوەن ویـژدان ئـەوەی پـیْ قبـولْ دەکرێـت ؟ ئەگـەر هـەموو خـەڵك نـەتوانیْ شـتێك بکـات ، ئـەوە خودای گەورە قبوڵی ناکات هەرچەند کاتیشی بەسەر بڕوات خوا بەسەبرە بـەلاّم بەزەبرە)

(دڵ ڕەقــــی)

﴿ بسم الله الرحمن الرحیم ﴾

وَٱصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١١٥﴾ صدق الله العظیم ﴿هود﴾.

واتا: {خۆت بگرە بەئارام بە، بێگومان خوای گەورە پاداشتی چاكە خوازان ویارمەتی دەرانی خەڵكی نافەوتێنێ}ت،ئا.

باجی(.)ژنێكی زۆردڵ ڕەق وتووڕە بوو سێ كوڕو ودووكچی هەبوو هەردەم هاتوو هاواری بوو بەسەر منداڵەكانی بەهیچ جۆرێك نەرموو نیانی نەدەنواند.

نەیدەتوانی خۆی خۆشەویست بكات لەلای هیچ كەس هەتا خاووخێزانی .

كچەكانی گەورەتربوون لەكوڕەكان بۆیە هەردووكیانی بەشوو دابوو. ڕۆژێك لەگەڵ پیاوەكەی دانیشتبوو گووتی : خەمێك لەكوڕەكانت بخۆ تاكەی هەموو كاری ماڵ لەسەرشانم بێت توانام نەما!هیلاك بوم!ژنیان بۆبێنە بەڵكو هەندێ دەحەسێمەوە؟ ئەویش گووتی منیش پێم خۆشە بەلام بەخۆت دەزانی كێ بۆیان دەگونجێ و لەگەڵ تۆش .(باش شارەزای خێزانەكەی خۆی بوو دەیزانی لەگەڵ كەس ئیدارە ناكات وەكەسیش ئەوەی پێ قبوڵ ناكرێت كەمنداڵەكانی خۆی قبوڵی دەكەن) ئەوەی ناسیاوو خزم بوو داخوازی كچەكانیان كرد بەلام كەس ڕازی نەبوو كچی خۆی بدات بە كوڕی(باجی)بۆیە داوای بێگانەیەكیان كرد. خواكردیە قسمەت سەیری كوڕەكەیان كرد پێیان دا،(پرسیارێك؟ئایە لەناو ئێمەی موسڵمان چەند كەس داخوازی كچەكەی هاتووە پرسیاری لەنوێژو ئیمان وباوەڕی كوڕەكە كردوە،تەنها پرسیار دەكەن دەربارەی ماڵی كاری خانووی سەیارەكەی چ جۆرە،؟ تاكاتی (مەلا)مارەی دەكات خواخێری بنوسی،دەڵێی كوڕم نوێژ دەكەی؟،ئەوكات یان ڕاستی دەڵێ یان درۆ دەكات (زانیتان بۆ ئێمە میللەتێكی دواكەتووین، چونكە كاتیەكەمان پێ باشترە)

ژنیان بۆکوڕەکە گواستەوە . باجی بوو بەخاوەن بووکێکی زۆر ژیرو جوان . هەر بەزویی شارەزای خەسوی بوو چونکە نەیتوانی هیچ گۆرانکاریەك لە ڕەوشتی باش بکات لەهەفتەی یەکەم ڕووە تورەو ناڕێك و ناشیرینەکەی پێ نیشاندا . دەیووت بۆتا ئێستا خەوتووی؟ بۆقاپەکان نەشوراون؟ چێشتەکە بۆئامادەنەبوە ؟ بۆو بۆی(باجی). کۆتایی نەدەهات .

بووکەکەی هەرچەندە تەمەنی ١٧ ساڵ بووهێشتا منداڵ بوو بەڵام دڵێکی زۆر گەورەی هەبوو تووڕە نەدەبوو ئەوەندە کارەی پێی کرابابوایە دەیکرد ئەوەیشی نەیتوانیبا ئەنجامی بدات وازی لێدەهێنا . هەرچەند هاواری بکردایە گوێ پێنەدەدا.

زۆرجار لەلای کوڕەکەی دەیگووت ژنەکەت بەگوێم ناکات واناکات . ئەویش دەیزانی دایکی چۆنە دەیگووت : دایکە هێشتا منداڵە نازانی خەم مەخۆ لەتۆفێر دەبێت تۆش بە سەبریە لەگەڵیدا.

لەلای ژنەکەی دەیووت دڵت گەورەبێ بەرامبەر دایکم . خۆی وایە نازانی خۆی خۆشەویست بکات لەوکاتەی بەبیرم دێت ئەو هەروایە؟

ئەویش دەیووت من وادادەنێم دایکمە . کەست دیووە لەدایکی تورەبێ من گوێ پێنادەم تۆخەم مەخۆ کەس بەکاری ماڵ هیچی لێ دێت ئەوەی لەلای من گرنگە تۆی. پیاوێکی باش ونەرمونیانی وەك دایکت نیی. تۆ کردارو ڕەفتارت بەباوکت دەچیت ئەویش زۆر دڵ گەورەیە زۆر بەبەزەییە ئەگەر وەك دایکت بوایە قەت بەیەکەوە نەدەگونجان هەردوکیان .

بەڵام ئەوخۆشیە بۆباجی تاسەر نەبوو کەچوارساڵ بوو بوکەکەی لێ قبوڵ دەکرد جوێنوو قسە ناشیرینەکانی . دوای ئەوەی کوڕەکەی تری ژنی هێنا بووەخاوەن دوو بووك.مانگێکی پێ نەچوو بووکی بچوکی چۆوە ماڵی باوکی بەزیزبوون . پاش چەند ڕۆژێك خزموو جیران چوون هێنایانەوە . هەر فایدەی نەبوو هەموو ڕۆژێك هەرایان بوو دەنگیان بەرز دەبۆوە . تا دوای سێ مانگ

گواستنەوەی پەتی تەحەمولی بووکە بچوکەکە پچڕا ئاگری لەخۆی بەردا و زۆربەخراپی سووتا دوو ڕۆژمایەوە لە نەخۆشخانەو پاشان مرد . کوڕی باجی(گیرا)چونکە مالی خەزوری تاوان باریان کرد بەکوشتنی کچەکەیان . دوای تکا کردن وهاتوو چونێکی زۆر ڕێك کەوتن لەگەڵیان کەپارەیەکی زۆریان بدەنی لە جیاتی خوێنی کچەکە . هەرچی هەیان بوو فرۆشتیان و زۆریشیان قەرد کرد تا بتوانن پارەکە بدەن وکوڕەکە دەرکەن لەبەندینخانە .

بەیانی ئەوڕۆژەیە کەڕێك کەوتن لەسەری کەپارەکەیان پێبدەن . شەو درەنگ بو هاواری کرد بەسەر بووکە گەورەکەیداو ووتی : بەیانی زووهەستە تەندورەکە پێکەو نان ئامادەبکە دەبێ زوو بڕۆین کاری گرینگمان هەیە. هەمویان خەویان لێکەوتبوو، کاتێك چرپەیەك لەحەوشەکە هات باجی زۆر ترسا : ووتی دزنەبێت بۆپارەکەهاتبێ ! لەپەنجەرەکە سەیرێکی دەرەوەی کرد هیچی نەبینی دڵی خەتەرەی کرد ووتی باشتروایە لەشوێنێکی باش ئەم پارە هەڵگرم . چەند جێگای پێکرد هەردوودڵ بووتادوایی بیری لەناوتەنورەکە کردەوە . بەپەلە پارەکەی هەڵگرتوو خستیە ناو تەنوورەکە، بەهەندێ چیلکە دار وپووش سەر داپۆشی گووتی ئێرە باشترین شوێنە کەس نای دۆزێتەوەو بیریشی بۆناچێ.

چۆوە سەر جێگاکەو خەوێکی قوڵی لێکەوت . بەیانی زوو بوکەکەی هەستا لەخەو هەویرەکەی هەڵگرت و چووبۆ لای تەنورەکە سەیری کرد دارو چیلکەی تێدایە و

ووتی زۆر سەیرە چۆن خەسوم تەنورەکەی وابۆم ئامادە کردوە. قەت شتی وای نەکردووە کەمێك نەوتی پێداکردو ئاگری تێبەرداو. تا دەچم نوێژ دەکەم بۆخۆی جوان دادەگیرسێت .

بۆنەخۆشەکەی نانی تەنوور باجی بەخەبەر هێنا بەلام تازە هیچ نەما زۆردرەنگ خەبەری بۆوە پارەکە هەمووی بوو بەخۆڵەمێش ،کەوای دی کەوتەسەر زەوی و ئاگای لە دونیا نەما . ئەم کارەساتە وای کرد لاڵ بێ لەزمان

بکەوێت پاش ئەوەی باجی لەم کارەساتە زمانی لەدەست دا وهەمووکات سەیری بووکە گەورەکەی دەکردوو دەگریابیری لێدەکردەوە چی لێدەکرد چۆن ئازاری دەدا، تەنها بۆجاریکیش ئەو وەلامی نەدەدایەوە وقسەی ڕەق و نابەجێی نەکرد ،هەرچەند دەیتوانی وەلامی بداتەوە بەلام دڵ گەورە بوو بەچاوی دایك تەماشای دەکردوقسەکانی کەپێی دەگوت قبوڵی دەکرد، وەچی لەپیاوەکەی و منداڵەکانی دەکرد . کەهیچ کات قسەی شیرینی بەدەمدا نەدەهات((بۆیە ئەم زمانە ئەگەر بۆ وەستان نەبێت بەکەڵك هیچی تر نایێ)).

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ أَوْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۖ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَـٰرُ وَلَـٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾ صدق الله العظيم ﴿الحج﴾

واتا: {ئایا ئەوانەبەسەر زەویدا نەڕۆیشتوون وە بەدڵ ودەرونێکی هۆشیارەوە بیریان نەکردۆتەوە ولێکیان نەداوەتەوە..(کوان خەڵکانی ڕابردوو؟ ئەوشارانە بۆ کاولکران؟ کێ ئێمەی دروستکردووە؟ ئامانج لەژیان چیە؟)یاخارەنی گوێ ودەزگای بیستن نەبوون،کەگوێ بۆڕاستی بگرن ولێکی بدەنەوە، جا وەنەبێ دەزگای بینایی کوێر بووبێت، بەڵکو ئەو دڵانە کوێردەبن کەوا لەسینەکاندان(چونکە هەر ڕواڵەت دەبینن و ناوەڕۆك لێك نادەنەوە.}ت.ئا،

(کەم تەرخەمی)

بەیانیەك زووکاك(م) بۆسەرکار دەچوو لەماڵ ،چووە دەر دوای کەمێك گەڕایەوە بەخێزانەکەی (ش)ی گووت ئەمڕۆ زۆر دڵم توندە خەونێکی ناخۆشم بینی ئەم شەو! ئاگادرای منداڵەکان بە نەچنەکۆڵاْن . نەچنەسەربان . بەڕێ کەوت لەلای دەرگا دیسان دووبارەی کردەوە قسەکانی. (ش)سەری خۆی باداو ووتی تۆئەمڕۆ چیت بەسەر هاتووە بڕۆ!

٣منالیان هەبوو(شەوبۆ\٦ساڵان،شەیدا\٤ساڵان،شەماڵ\١ساڵ بوو) (م) هەرگەیشتە شوێنی کارکردنی تەلەفۆنی کرد بۆماڵەوە ووتی : ئەمڕۆ ئیزن بخوازم بگەڕێمەوە نازانم بۆئەوەندە دڵتەنگم منداڵەکان چۆنن تۆ خەریکی چی؟

(ش)ووتی، ئیزن مەخوازە هیچ نیە تەنها وەسوەسەی شەیتانە بەنەفرەتیکە بۆوا لەخۆت دەکەی منالەکان وایاری دەکەن منیش خەریکی کاری مالم هیچ دوودڵ مەبە لەسەر کاری خۆت بەردەوام بە .

دوای ماوەیەك دیسان زەنگی تەلەفۆن لێیدا .

(ش)لەدڵی ووتی،دووبارە(م)تەلەفۆنی کردەوە ئەمڕۆ نازانم چی بەسەرهاتووە ؟ بەلاْم ئەونەبوو خوشکی خۆی بوو،

خوشکەکەی: چۆنی چیدەکەی ؟

(ش)باشم بەڵێ لەماڵم دیارە دێیت بۆسەردانم!

خوشکەکەی: من ناتوانم بێم دایکم لێرەیە . گووتم بەڵکو تۆ بێیت،

(ش)دایکم لەگەڵ کێ هاتووە ؟ ناتوانێت کەمێك بێتە لام ؟ من خەریکم چێشت ئامادە دەکەم بۆنیوەڕۆ . خۆت دەزانی (م) زوو دەگەڕێتەوە لەدەوام .

خوشکەکەی: چۆن دایکم دەگاتە ماڵی ئێوە باش دەزانی لەبەر ئازاری قاچی ناتوانێ بڕوات . برامان(.)هێنای دوای نیوەڕۆ دێیت بەدوایدا دەیباتەوە. تۆ وەرە کارەکانت تەواو بکەو کەمێك وەرە . ماڵتان ئەوەندە دوورنیە یەك کۆڵاْنمان بەینە باشە ؟

(ش)سەلام لەدایکم بکە نەوەك نەیبینم نەتوانم بێم . هەوڵ دەدەم ئەگەر ڕێکەوت بێیم، خوات لەگەڵ.

دڵی کەوتە تەتەرە بچم نەچم چیبکەم. بەزوویی کارەکانی تەواو کرد سەیری کرد سعات١١ی نیوەڕۆیە . لەدڵی ووتی کات ماویەتی بۆنیوەڕۆ بۆماوەیەکی کەم دەچم بۆماڵی خوشکەکەم ودایکیشم دەبینم . قسەو ئامۆژگاری و دڵە ڕاوکیی (م)ی لەبیر کرد بیَ ئەوەی تەلەفۆنیکی بۆ بکات وئاگاداری بکاتەوە بڕیاری خۆی دا. بەشەوبۆ وشەیدای گووت براکەتان خەوتوە لەناوبێشکە دەنگەدەنگ وهەرا نەکەن لەژوورەوە بۆخۆتان یاری بکەن بە(میکانۆو بوکەڵەکانتان)دەرگاکان هەمووی دادەخەم تانەچنە دەرەوە . زۆرم پیَ ناچێت دەچم بۆماڵی پورتان زوو دەگەڕێمەوە پێش ئەوەی باوکتان بگەڕێتەوە؟!

دەرگاکانی هەمووداخست . تا دەرگای بەیتونەو هۆڵیش . نەوەك لەسەربان بکەون یان لەبەر دەرگا سەیارە لێیان بدات. ئەوکات دەرگای دەرەوەشی لەدوای خۆی قایم کرد ڕۆیشت.!

منداڵەکان بۆخۆیان یاری دەکەن بەڵام بێزار دەبن . لەچێشیخانەکە چەرخ دەدۆزنەوە هەندیَ لایلۆن دێنن بۆیاری کردن ئاگری پێدەکەنەوە . بەڵام یاری ئاگری زیاد دەکات وجێگاکان وردە وردە ئاگر دەیان گرێتەوە ئەم منداڵە بچوکانە سەریان لێدەشێویَ نازانن چیبکەن هاوار دەکەن کەس گوێی لێان نیە (شەوبۆ وشەیدا) ڕادەکەن بۆحەمامەکە دەرگاکە قایم دەکەن لەسەر خۆیان . وایان زانی لەحەمامەکە هیچیان بەسەر نایەت .

دراوسیَ ژخەڵکەکە بۆنی ئاگرو دوکەڵ دەکەن ئەودەڵی ئەم بۆنەچیە ئەویتر هەروا چاویان دەگێڕا . دوکەڵیان بینی لەماڵی کاك(م) بڵند دەبێت لەدەرگایان دا هیچ دەنگ نەبوو پەیوەندیان کرد بەئاگر کوژێنەوە . خەڵکەکە دەرگایان پاڵدەنا بیکەنەوە لەوکات (م) هاتەوە ئەوەچیە ئەوئاگرە لەماڵەکەی منە؟ منداڵەکانم خێزانەکەم؟ دەرگایان شکاند چونە حەوشەکە (م)هەرهاواری

دەکردوبانگی دەکردن بەلاَم هیچ وەلاَم دانەوەیەك نەبوو.لەبەر گڕە بەتینەکەی ئاگرەکە کەس نەیدەتوانی نزیك بێتەوە.

(ش)گەیشتە سەری کۆلاَنەکە کاتێك سەیارەی ئاگر کوژێنەوەکەش دەسوڕایەوە بۆکۆلاَنەکە ووتی ئەمەبۆکوێ دەچێت؟ لەخەڵکەکەی دەپرسی کەهەموولەماڵ هاتبوونە دەر سەیری ماڵی ئەوانیان دەکرد بەڕاکردن ڕۆیشت تاگەیشتەماڵ چی بینی ماڵەکەی ئەوانە ئاگری گرتووە. (م)کەئەوی بینی ووتی الحمدلله ئێوە لەماڵ نەبوون .ئەویش نەیتوانی هیچ بڵێ دەگریاو هاواری دەکرد(م)ووتی مەگریێ بۆماڵی دونیا،ئێوە سەلامەتبن هیچ گرنگ نیە. یەکێك لەئاگر کوژێنەوەکان هاتەدەرەوە وهەندێ وردەداری سوتای بەدەستەوە بوو گووتی ؟ ئایا هەر ئەومنداڵەی ناوبێشکە لێرەبوو ؟ م.ڕوی لە خێزانەکەی کردوو گووتی تۆ شەماڵت لەماڵ جێهێشتبوو قسەبکە بۆدەنگ ناکەی ؟ ئەویش بەدەم گریانەوە هاواری کردوو بەهەردوو دەستی لەسەری خۆی دەدا تەنها شەماڵ نا بەڵکوو ئەوانی تریش لەژوورن .

(م) ڕایکردە ژوورەوە بەشپڕزەیی هەمووی گەڕا. ڕایکرد بۆسەربان بەلاَم هیچی نەدۆزیەوە بێتاقەت بوو کەوتەسەر زەوی ودەگریا لەکێن بۆدیارنین؟ بانگیان کرد وەرە ئەوان لێرەن دەرگایان داخستووە لەحەمامەکە. کەدەرگایان کردەوە چیان بینی شەوبۆ وشەیدا دەستیان لەملی یەك کردووە وبەقایم یەکتریان گرتووە نەسوتاون !بەلاَم بەداخەوە خنکاون لەبەر دووکەڵەکە (م)کەئەوانی بەم شێوە بینی وەك شێتی لێهات ڕایکردە لای(ش)ئەی من نەمگووت ئاگاداربە ئەمڕۆ هەست بەدڵ تووندی دەکەم تۆ چۆن جێت هێشتن بۆ واتکرد بژماڵی منت کاوڵکرد .

ئەویش هەر دەیگووت منیش نازانم چۆن ئەوە ڕوویدا.

زۆری لێدا هەرچەند دەیانگرت بەلاّم ئەوهەر پەلاماری دەدا لەم راکیش راکێشو ئەوهەرایە (م)پالێکی نا بەخێزانەکەی ئەویش سەری خراپ بەزەوی کەوت . تابردیان بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا،

لەیەك تێنەگەیشتنێك وکەم تەرخەمیەك بوە هۆی لەناوچوونی خێزانێك.

ئێستا(م)لەبەندیخانە ژیان دەباتە سەر بەهۆی کوشتنی خێزانەکەی کەبەبێ ویستی خۆی بوو .

دەڵێ مالّم مندالّم خێزانم هەمووی بەچاوتروکانێ لەناوچوو . شەوکەدەخەوم دەڵێم بەیانی هەڵدەستم لەم خەوەناخۆشە بەلاّم خەون نیە(ئاخ خۆزگە خەون بوایە) ﴿ بسم اللەالرحمن الرحيم ﴾وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ۝ صدق الله العظيم ﴿المنافقون﴾ واتا {(ئەو داخوازیە بەجێ نیە،چونکە)ڕۆژی هەرکەسێك تەواو بوو، کاتی مەرگی هەرکەسێك هات ،هەرگیز خوا دوای ناخات ومۆڵەتی بۆتازە ناکاتەوە، خوایش زۆرئاگادارە بەهەموو ئەوکارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن و(هەرگیز لێی وون نابێت،)}ت. ئا.

چۆن ؟وەلەچ کاتی؟ دۆست دەبێ بەدوژمن!

کاك(م)پێش حەوت ساڵ چوو بۆ هەندەران وەك خەڵکی کوردستان وگەنجەکانی کەماوەیەك بوو هەموو دەچوون بۆدەرەوەی ووڵات ببوو بە چاولێکەری! ئەولەرقی ئەو ، ئەویش لەحەسودی ئەویتر، بەهەرحاڵ ئیمە باسی بنەماڵەیەك دەکەین لەبەر ماڵی دونیا دوومندالْ! کەکورێك وکچێك ودایکیانی بەجێهێشت بوو رویی لەدەرەوە کردبوو. بەخێزانەکەی گووتبوو هەرکە جێگیربووم راتان دەکێشم بۆلای خۆم. دیارە کاتەکەی هات و بە(د)هاوسەری گووت خانووەکە بفرۆشە وخۆتان ئامادەبکەن لەوماوەیە یەکێك دەنێرم بەدواتان.
(د)پەیوەندی بەماڵی خەزورانی کرد ئەگەر پارمەتی بدەن خانووەکەی بۆ بفرۆشن ؟ ئەوان زۆر بەبێ بەزەییانە وەلآمیان دایەوە ئێمە غولامی تۆنیین کارت بۆجێبەجێ بکەین کەیفی خۆتە چۆن دەیفرۆشی بیفرۆشە. (د)گووتی ئێوە لەسەرەتاوە پشتتان لەئێمە کرد لەو رۆژەی کە(م)رۆیشت ئێستا چاوەروانی چی لەئێوە بکەم . ناچار چوو بۆماڵی باوکی داوای کرد خانووەکەی بۆبفرۆشن بەزوترین کات . دوای دوورۆژ باوکی لەگەڵ براکەی کریارێکیان هێنا (د)ووتی من خانووەکە بەهەموو کەلوپەلەکانیەوە دەفرۆشم تەنها جلوبەرگی خۆمان دەبەین. کریارەکە سعرێکی پێدا(د)ووتی هەرچەند زۆر لە حەقی خۆی کەمترە بەلآم ناچارم رازیبم، نیوەی پارەکەی وەرگرت ونیوەکەی تری مایەوە تا بەناوی دەکات. پاش هەفتەیەك خانوەکەی بەناوی خاوەنەکەی کرد. باوکی منداڵەکان پەیوەندی کرد کەدوای چوار رۆژی تر وەرن بۆفلآن شوێن لەوێ کەسێك چاوەرێتان دەکات ودەتانگەیەنێ بەلای من، باوك وبراکەی (د)لەگەڵ خاوەن خانوەکەهاتن بۆئەوەی پارەکەی کەماوە پێی بدەن. ئەویش بەباوکی ووت : دووای چەند رۆژێکی تر دەرۆم نازانم تاچەندی تر نایەمەوە ویەکتر نابینین. بۆیە داوات لێدەکەم دایکم وخوشکم بێنیی بۆلام چەند رۆژێك؟ باوکی گووتی ئەمرۆهەندێ کارم هەیە بەیانی دەیانهێنم بۆلات . دوایی رووی لەبراکەی کرد گووتی وەرە لەگەڵم . بردی بۆسەر جانتا پارەکە هەندێکی لێ دەرکرد نزیکەی (٣٠)وەرەقەیەك دەبوو گووتی بیگرە بۆخۆت ماڵەکەتی پێ ئاوەدان بکەوە ژنێك بێنە کەی پارەی تریشت ویست تەلەفۆنم بۆبکە بۆتی رەوان دەکەمەوە خەمی

هـیچ شـتێکت نـەبێ .ئـەویش گـووتی زۆرعەیبـە خوشـکم ئاوادەکـەی واتـا مـن یارمـەتی بـاوکم دا تاخانوەکەت بفرۆشـین حەقەکـەم دەوێـت جارێکی تـر قسـەی وابکـەی لێـت حـادز دەبم . هەرچـەند هـەولی دا (د)لەگـەڵی بـەلام ئەوهـەر قبـوڵی نەکرد. خواحافیزیان کرد و ڕۆیشتن.
شەو درەنگ بوو کاتێك چرپەیەك هات (د)سەیری حەوشی کرد بینی دووکـەس لەسەر دیواری حەوشن خەریکن دێنەخوار ، ئەویش بەزوویی تەلەفونی کـرد بـۆ پـۆلیس، دوای چـوو دەمانـچەکەی هێنـا کەئـەوکات پیاوەکـەی ڕۆیـشت بـۆی کڕیبوو تاپاسەوانی خۆی پێبکات بەلام کەس نەیدەزانی. دزەکان گەیـشتنە لای دەرگـای ژوور هــەوڵیان دەدا دەرگاکــە بکەنــەوە(د)زۆرترســا هــاواری کــرد بگەڕێنەوە نەوەك دەتان کووژم ، دووبارەی کردەوە بەلام ئەوان گوێیان پێنـەدا ، گولەیـەکی تێگرتن یـەکێکیان کەوتەسـەر زەوی . ئـەوەی تریـان شڵەژاو ویـستی ڕابکـات لـەناکاو پـۆلیس دەوریماڵیـان گـرت نـەیتوانی ڕابکـات. پۆلیـسەکان دەسبەسەریان کرد چوون بۆلای ئەوی تر کەگولەکەی بەقاچـی کـەوتبوو بـانگی (د)کرد وەرە دەرەوە بزانە ئەم دووکەسە دەناسی ئەویش هاتەنزیك سەیری کرد ئەوەی بریندار کردوە براکـەیتی ئـەویتریش مـامی.لـەجێگای خـۆی دانیشت و دەسـتی کردەگریـان ویەخـەی براکـەی گـرت ، کەسـیش نـاتۆ بـرام هـاتووی دزی لەخوشکت بکەی بۆچی واتکرد پێت گوتبـام چەندت پێویـستە پێـتم دەدا بـەلام وات نـەکردبا .مـن چیبکەم ئێـستا چـۆن وەلامـی خـەڵك بدەمـەوە چـۆن ولامـی (م)بدەمەوە لەگەڵ ماڵی باوکی بۆڕوو ڕەشت کردم ،
ڕاستە ئەوەی ڕویدا زۆر سەیر بوو بڕواکردنیشی سەختە بەلام ئـەوە ڕاسـتیەکە بـوو .هـیچ کـات قـسەی پێـشینان هـەروا بـەخۆڕایی نـەوتراوە . کـە دەڵـێن پـارە دۆست دەکا بەدوژمن . دوژمنیش دەکابەدۆست.

(بابەتی حەوتەم)

(ڕازیبوون بە دانانی خودا)

(ارض بما قسمه الله)

کارو کردەوەی خودای گەورە هەمووی ڕێکە وەبۆ بەرژەوەندی ئادەمیزادە .
بەلاّم ئادەمیزاد بەهیچ جۆرێك ڕازیی نیە بەوبەشەی کەبۆیی دیاری کراوە:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٤﴾ صدق الله العظيم ﴿ النحل ﴾

واتا: {ئادەمیزادیشی لە نوتفە بەدیهێناوە،(کەچی دوای ماوەیەك کەخۆی بینیوەتەوە)کوتوپڕ بووە بەدوژمنێکی ئاشکرا}ت.ئا،

ئەگەر ئادەمیزاد ڕازیی بوو بەئەوەی هەیەتی وخوای گەورە بەقسمەتی کردوە {لەماڵ_لەمنداڵ_لەتەندروستی_هتد.}وەتاکو{جوانیت لە، لەش ولارت لەدەموو چاوت لەبەژن و بالآت.هتد.}بڕوابکە تۆباشترین کەس وجوانترین کەسی بەلاّم تۆ هەست بەخۆت ناکەیت لەبەر کەم قەناعەتیت ،زۆرجار جوانی وڕێك وپێکی مرۆڤ لەڕەوشت و کرداریتی ئەوەی بەرامبەرەکەی دەیبینی خۆی نایبینی،هەروەها بەپێچەوانەوەش زۆر جار ڕەوشتی ناڕێکی ناشیرینی دەکات هەرچەند دەوڵەمەند وجوان وڕێك بێت (ظاهیری)واتا لەدەرەوە بەلاّم چواردەوری خۆشیان ناوێت ئەویش هەستی پێناکات، چونکە(باطني)باش وجوان نیە،بۆیە دەڵێم هەردەم سەیری لەخۆت بەرەو ژوورتر بکە ، سەیری لەخۆت بڵندترو گەورەتر مەکە، ئەوکات هەست دەکەی چ نیعمەتێکە تۆ تێایدای، ڕازینەبوونێکی تر باس بکەین کەزۆرن وە دەمەوێ هەندێکیان بخەمە ڕوو؟بۆچی زۆر هەن کەوا کوڕ زاڵ دەکات بەسەر کچ ئەگەرچی کچەکەی بەتەمەن گەورەتریش بێت لەکوڕەکەی . خۆشی دونیا و باشی وهەبوونی

بەهەموو جۆرەکانی بۆکوڕەکەی دەوێت . هەردەم پاڵپشتی ئەودەکات وخەم بۆداهاتووی هەڵدەگرێت . تائیستاش لەلای هەندێ خەڵکی نەزان کچان بێبەشن لەفێربوون وچونە قوتابخانە . دەڵێن کچ هیچ مافێکی نیە.تائێستاش لەزۆرشوێن ئافرەت بەشوونادەن لەبەر خزمەتکردنی ماڵ ومالآت.تائەوکاتەی ماوەی شوکردنی بەسەردەچێت. ئەگەر لەگەڵ ئەم جۆرە باوك ودایکانە دەدوێ ی خۆیان پێ زاناترین کەسە .تەنها ئەوەندە بەسە بۆکەسی تێنەگەیشتوو (خودای گەورە مافوو رێزی داوەتە ئافرەت سورەتێکی بەناوی ئافرەت دابەزاندوە) بزانن ئافرەت؟دایکە.خێزانە.خوشکە.کچە.پوورە..هتد _ئافرەت نیوەی کۆمەڵە.من لەگەڵ ئەوەدانیم کەواسەربەخۆیی تەواو بەئافرەت بدرێت .چونکە جیاوازی زۆرهەیە لەبەینی پەنجەکانی ئادەمیزاد نەوەك ڕەوشت وهەڵوێستی مرۆڤەکان .بەڵام ئەویش خاوەن بیروبۆ چوونە. زۆرجار ڕای ئەو و بۆچوونی ئەوباشترە لەهەموو ئەوانەی لەماڵن پەیوەندی بەبیر کردنەوەوبۆچوون هەیە نەوەك بەڕەگەز. شتێکی تریش هەیە گرنگە!من خەڵکانێك دەناسم لۆمەی کوڕەکانیان دەکەن وپێیان دەڵێن ؟ بەڕاستی ئێوە هیچ نازانن! سەیری مێردی خوشکەکەتان کردوە چی دەکات : ئەوەندە زیرەك و ئازایە پارە لەژێر زەوی دەردەکات چاوکراوەیە وایە..وایە.. وادەزانی کچەکەی بێگانەیە واباسی ئەو دەکات کەئەنەما ماڵی منداڵەکانی ئەوی زەوت کردوە، وادەزانی هیچی ترنەم کچە منداڵی ئەونیە وهیچی ئەونیە بوو بەبێگانە وەخێرو خۆشی ئەو هیچ گرنگ نیە چونکە لەماڵێکی ترە،هەرچەند کوڕەکەی ژنێکی بێگانە بخوازێ هەر کوڕی ئەوە.!

هەروەها هەن ئەوانەی موژدەی کچیان پێدەدرێت وادەزانن هەواڵی مەرگیان پێدراوە زۆربەداخم بۆئەوانە (الله یعلم وانتم لاتعلمون)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِى تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ جَزَآءُ ٱلضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا۟ وَهُمْ فِى ٱلْغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ﴿٣٧﴾ صدق الله العظيم {سبا}

واتا {(لەڕاستیدا)نەماڵتان نە نەوەتان شتێك نین کەببنە هۆی نزیکبوونەوەتان لەئێمە،(یا رازیبوونی ئێمە لێتان)بەڵکو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن(ئەوانەنزیکن لەئیمەوەو ڕێزیان لای ئێمە هەیە)ئائەوانە پاداشتیان چەند بەرامبەرە بەهۆی کردەوەی چاکیانەوە، هەرئەوانەش لەکۆشك و تەلارەکانی(بەهەشت)بەئاسودەیی وئارامی وخۆشی ، ژیان دەبەنە سەر} ت.ئا.

ڕازیبن بەدانان و ئەوبەشەی خودابۆی داناون، بەهەبونی منداڵ وهەبونی سامان ولەش ساغی وکوڕوکچ هتد،بەنەبوونیش هەروەها لەماڵ ومنداڵ وتەندروستی هتد.

بەداخم بۆهەندێ کەس نەوەك تەنها بەینی کوڕو کچ بەڵکو بەینی کچەکانی دەکات یا بەینی کوڕەکانی ! _باسی دایکێکتان بۆ دەکەم کەوا دایك نمونەی وەفاداری ودڵ گەورەییە . ئەگەر ورتمان دایك یان باوك مانای وانیە ئەوان بەتەمەنن وەدونیا دیتەن هیچ هەڵە ناکەن .هەموو کەس هەڵە دەکات بەڵام ئەوەی هەڵەبکات وپەشیمان بێتەوە باشترە لەوەی کە پەشیمان نابێتەوە. جارێك دایکێك دەچێت بۆسەردانی کوڕەکەی . کەخێزانداره خانوێکی بەکرێ گرتووە،ئەم دایکە کەبەبێ خەبەرێك سەردانیان دەکات کاتەکەش نزیك نیوەڕۆیە دەبینێ (بووکەکەی)ژنی کوڕەکەی (ساوارە سورەی)لێناوە خەریکە زەلاتە دەکات. کاتێ کوڕەکەی دەگەڕێتەوە پێی دەڵی کوڕم بۆخۆت لەبازاڕ

نانێكی باش بخۆ تۆماندووی بەوجۆرە خواردنانە تاقەتت نابێ، كوڕەكەی دەڵێ دایە من چۆن دەتوانم لەدەرەوە خواردن بخۆم ئەی ئەم دوو منداڵەم ئەی دایكیان كـردی بەپێكـەنین گـووتی بەحیـساب ئـەوان دووكەسـن (حـەملی هـەبوو ژنەكـەی)پاشـان ئێمـە كرێـچین تۆباش دەزانـی كارەكـەم وانیـە كـەبتوانین ڕۆژانـە خـواردنی دەوڵەمەنـدان بخـۆین بـەلام لەخوابـەزیادبێ ئێمـە لـەزۆر خێزانـی تـر باشترین، دایكەكە لـەكاتی ڕۆیشتن ووتـی ڕۆژی هـەینی وەرە بۆماڵمـان بەینێكـە نـەهاتووی براكانـت بیرت دەكـەن ، ئـەویش ووتـی تـەنها من بێم یـان هـەموومان ئەگـەر ئـەوان نـەهێنم نایـەم؟ ئـەویش ووتـی هـەمووتان وەرن، بەخێزانەكـەی دەگـوت وادیارە دڵـی بەحاڵمان سـوتا بۆیە حـەزی كـرد هـەینیی بچین بـۆ ئـەوێ براكانم حاڵیان لەئێمە باشترە .خواردنێكی خۆش ئامادە دەكـەن ، ڕۆژی هـەینی چوون بۆ ئـەوێ ! بـەلام كـاتێ كە سفرە ڕاخـرا چیان بۆدانـان ئەگـەر بڕوادەكـەن (نیـسك)كوڕەكـەی لـەدڵی خۆیـداووتی دایكـم وادەزانـی درۆی لەگەڵدادەكـەم كـەدەڵێم نیمـە.بەسـاوارەكە ڕازی نـەبوو كەچیی ئـەمڕۆ نیـسكی دانـاوە بۆمـان ، براكانی كاتێ ئەوەیان بینی ووتیان ئـەوە چیە بۆ خواردنێكی خۆشـتان ئامادە نـەكردوە؟ دایكیـان گـووتی ئێمـە كرێـچین خـواردنی بـاش وخـۆش پـارەی زۆری دەوێ بـۆ ئەمـە هـیچ عـەیبێكی هەیـە؟ كـات بـەرەو عەسـر بـوو كوڕەكـەی بـە منداڵـەكانی گـووت خۆتـان ئامـادە بكـەن كـەمێكی تـر دەڕۆیـن. دایكەكـە بـانگی كچەكەی كرد پێی ووت بڕۆ لەسەلاجەكە گۆشتێكی جوانی تێدایە ببخـەرە سـەر ئـاگر هەنـدێ بـرنجیش بـشۆرەوە تەماتـەو بامیـەشمان هەیـە بیكـە بەمەرەگـە ، كوڕەكە ووتی دایە ئێمە دەڕۆین پێویست ناكا خۆتـان مانـدوو كـەن ،خۆشیـەكی ئێوەمان دەوێ بۆ خـواردن نـەهاتووین. ئـەویش گـووتی دەزانم لێرە نـابن ئەمـەم بۆئێـوە نیـە بـۆ(براژنەكەتـە)حـەملی هەیـە پاشـان ئـەو زۆر حـەزی بەگۆشـتە لێراهـاتوە چـاكە ئێـوە لێرانـەهاتوون ئەگـەر بیخـۆن خراپـە بۆتـان لـەدوێنێوە بەسـەردان چـۆتەوە مـاڵی بـاوكی پـاش كـەمێكی تـر براكـەت دەیهێنێتـەوە .!

ئەڵێم؟پرسیارێك لەئێوە بکەم ؟ بۆچی ئەم ئافرەتە وای کرد؟ باشە ئەگەر ئەم خواردنەی بۆئەوان ئامادە کردبوایە باشترنەبوو؟ باشە هەردوو بووکوکەی حەملیان نەبوو؟ بۆچی یەکێکیانی لەئەویتریانی زیاتربەرزکردەوە؟ دەیزانی ئەوان خۆیان ئامادە دەکرد بۆرۆیشتن نەیدەتوانی باس نەکات تائەوان دەڕۆیشتن؟ کوڕەکەی تاوانی هەیە کەنەبونە؟ ئەگەرکوڕەکە ڕازی نەبێ بەکرداری دایکی چیبکات باشە؟ ئەگەردایکێك وا جیاوازی بنێتە بەینی کوڕەکان یان بە ڕۆنتر بەینی بووکەکانی چی بکەن باشە؟ چۆن هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵی چ پلەوپایەیەکی دەبێت لەدڵیان ئەم ئافرەتە؟ئەم دایکە ؟ ئەم خەسووە؟

(ڕێگرو باڵندە)

ڕازی بوون بەهەموو دانان و کارێکی خودا ئارامی بەدڵ وهەستی مرۆڤ دەبەخشێ ڕازیبوون بەهەبوونی بەنەبوونی بەنەخۆشی بەئازارەکان وکارەساتەکان ونەهامەتیەکانی ژیان.

(القناعه كنز لايفنى)ڕازیبوون گەوهەرێکی بێ کۆتاییە.

لەسەردەمێکی زۆر پێش ئێستا ڕێگرێك هەبوو، هەر کاروانێك وڕێبوارێك بەم ڕێگایە ڕەت بوایە کەئەوی لێبوو پەلاماری دەدان وشتوومەکی زۆری لێدەستاندن بەزەبری شمشێروترساندن. زۆرلێی دەپاڕانەوە ئەوکارە نەکا پارەو ماڵیان زەوت نەکات بەڵام فایدەی نەبوو.کاروانێ لەوێوە ڕەت بوو ئەویش زۆر خواردن وشتی گێڕایەوە لێیان دەیگووت ئەگەر وانەکەم لەبرسان دەمرم لەسەرمای زستان ڕەق دەبمەوە چوو پاڵی دایەوە ماڵ و دارایەکی زۆری کۆکردەوە بەماوەیەکی کەم وماندووبونێکی کەم ووتی: تاماوەیەکی باش بێخەم دەبم خوادای هەرپاڵکەوە(خوای گەورە دەدات ڕاستە بەڵام بەکاروو‌کردەوەی جوان نەوەك بەڕێگری وتالآن کردن ودەست بەسەر داگرتن). لەگەڵ خواردنەکانی کە گێڕابویەوە خورمای تێدابوو لەناکاوسەیری کرد باڵندەیەك هات و لەدەوری شتوومەکەکە دەسوڕایەوە دوای دەنکە خورمایەکی بەدەنووك هەڵگرت ڕهەڵفڕی وڕۆیشت. پاش کەمێك دووبارە هاتەوە دەنکەخورمایەکی تری هەڵگرت و فڕی پیاوەکە.ووتی دیارە تۆش زۆرت برسیە بەدەنکێك تێر نەبووی دەنکێکی تریشت برد. بەڵام ئەمجارەش دووبارەو سێ بارەش هاتەوە وخورمای تریشی برد، ئەویش زۆرسەری سوڕما لەکردەوەی باڵندەکە گووتی ئەوجارە بگەڕێتەوە دەچم بەشوێنی بزانم ئەم هەموو خورمایەی بۆچیە؟ بۆکوێی دەبات. دیسان هاتەوە ، ئەویش دوای کەوت تاگەیشتە دارێکی بەرز سەیری کرد چووە ناو کونێك کەلەقەدی دارەکە بوو. بەهەر شێوەیەك بێت خۆی گەیاندە سەردارەکەو سەیری ناو کونەکەی کرد سەری سوڕما وزۆری نەمابوو

بکەوێتە خوارەوە ، چوونکە ئەوی کەبینی باوەڕنەدەکرا ،مارێکی گەورە لەوێ بوو ترسا بەڵام کەبەجوانی دیقەتی دا بینی مارەکە کوێر بوو! ئەوباڵندەیە ئەم خورمایانەی دەهێنا دەیدا بەومارە کوێرە. لەسەر دارەکە هاتە خوارەوە. گریا ولۆمەی خۆی دەکرد ودەپاڕایەوە و دەیگووت : خەسارەت مەند خۆمم ئەگەر خوا مارێکی کوێری ناو قەدی دار لەبیر نەکات من چۆن لەبیر ددکات . من زۆرنەزانم دەمگووت ئەگەر ڕێگری نەکەم لەبرسان دەمرم من هیچ کارێك نازانم تابیکەم وخۆمی پێ بژێینم هەروام دەزانی ڕزق و ڕۆزی بەهێزوو بازوو دەستدەکەوێت، دەگریاو هەروای دەگووت . سوپاسی خوای کرد کەبەم باڵندەیە چاوی کردەوە بۆ بەدواداچونەوەیەك لەژیانی،

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إِنَّهَا لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ ﴿٣٥﴾ نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ ﴿٣٦﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ ﴿٣٧﴾ صدق الله العظيم {مدثر}

واتا: {ئەودۆزەخە شتێکی زۆر سامناك وگەورەو ترسناکە} {بۆبێدارکردنەوەی سەرجەم خەڵکانە} {جائیتر ئەوەی دەیەوێت بابەرەو پێش بچێت(پێش برکی بکات لەچاکە کاریدا)یان خۆی دوا بخات(لەو بوارەدا)}ت.ئا،

(سێبوری)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

لِّلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾ صدق الله العظيم ﴿الشورى﴾

واتا: {هەموو ئاسمانەکان و زەویش خوا خاوەنیەتی، هەرچی بوێت دروستی دەکات،بەهەرکەس کەبیەوێت تەنها کچ دەبەخشێت، وەبەهەرکەس کەبیەوێت کوڕ دەبەخشێت.} {یاخود لەهەردووجۆر لەکوڕوکچ (هەیشە ویستی خوایە)لەهیچی نەدانێ ونەزۆك بێت، بەڕاستی ئەوزاتە زۆر زاناو بەدەسەلاتە،} ت.ئا.

_(ف)و(ك)١٢سالٚ بوو ژیانی هاوسەریان پێکهێنابوو زۆربەختەوەربوون یەکتریان زۆر خۆشدەویست . لەماڵ وسامان وخۆشی دونیا لەهیچیان کەم نەبوو .تەنها ئەوەنەبێ کەمنداڵیان نەبوو! هەرجێگایەك بیان گوتایە باشە زوو دەچوون وەهیچ دکتۆرێك نەما ئەوان نەچن بۆلای بەلاّم فایدەی نەبوو. ڕۆژێك (ف)بەخێزانەکەی گووت بەنیازم ژن بێنم؟

(ك)گووتی دەمزانی ڕۆژێکی وادێت تۆ ئەو کارە بکەی.

(ف)تۆباش دەزانی دکتۆرەکان گووتیان من هیچ عەیبێکم نیە؟

(ك)بەلاّم دکتۆرەکان نەیان گووت من عەیبم هەیە.ئەگەر خودای گەورە منداڵمان پێ نادات بۆچی یەکتر خەتاباربکەین .من پێم ناخۆش نیە ژن بێنی بەلاّم جێم مەیەڵە لێم دوورمەکەوە ماڵێکی تر بنیاد مەنێ هەر لەگەڵ مندا بژین.

(ف)ئەی ئەگەرئەو ژنەی من بەتەمام بیهێنم ڕازی نەبوو؟

(ك)دەستی بەگریان کردوو گووتی بۆنالْێی کەدۆزیوەتەوەو منیش دواین کەسم کەپێم دەلْیی .من ئاوا زوو بومە بێگانە؟

(ف)ڕاستیەکەی دایکم کچێکی ناسیاوی خۆمانی دەست نیشان کردوە بەلاْم تائێستا قسەمان لەگەلْیان نەکردوە . نازانین ڕازی دەبن یان نا. حەزم کرد پێش ئەوەی لەگەلْ ئەوان قسەبکەین تۆبزانی ؟ تۆچی دەلْیی؟

(ف)من ڕازیم چونکە خۆشی تۆم دەوێت تەنها لێم دوور مەکەوە لەبەر ئەو من لەیاد مەکە تکات لێدەکەم.

مانگێکی پێچوو (ف)ژنی گواستەوە . هەرسێکیان بەیەکەوە لەخانوێك دەژیان (ك)زۆری خۆشدەویست . بۆهەموو شوێنێك بەیەکەوە دەڕۆیشتن . بۆماوەیەکی کەمیش بەبێ یەکتر نەیاندەتوانی . بەلاْم سێ سالْ تێپەڕی ژنەبچوکەکەش هەر منداڵی نەبوو. (ك)نەخۆش کەوت چوون بۆلای دکتۆر دوای پشکنین دەرکەوت کەوا سگی هەیە پاش تێپەڕبوونی١٥سالْ هاوسەرگیری هەوالْێکی چاوەڕوان نەکراوبوو موژدەیەکی خۆشبوو. کەباوەڕکردنی سەخت بوو بەلاْم ڕاستیەکی دلْڕفێن بوو،بەهەردوکیان خزمەتیان دەکرد(ف)بەخێزانە بچوکەکەی دەووت تەنها ئاگاداربیە هەرچی داوابکەی بەچاوان بۆتی دەهێنم بۆتی دەکرم ئەگەر لەدەرەوەی وولاْتیش بێت. ئەویش زۆربە چاکی ئاگاداری بوو .نۆمانگی چاوەڕوانی ببوو بە نۆسالْ. کچێکی زۆر جوانی بوو ناویان نا(سێبوری)زۆریان خۆش دەویست . باوکی وهەردوو دایکی خزمەتیان دەکرد. بەناز گەورە بوومندالْێکی زۆر خۆێن شیرین بوو هەرکەسێك بۆیەك جار چاوی پێکەوتایە خۆشی دەویست (مندالْی ئاسایی خۆشەویستە ئەی ئەومندالْەی دوودایکی هەبێ ودوای ١٥سالْ چاوەڕوانی بێتەدونیاوە ئێوەبلْێن دەبێ چۆن بێ؟وەچۆن خزمەت بکرێت)بەلاْم ئەوەی ڕویدا زۆر دلْتەزێن بوو . کاتێك تەمەنی گەیشتە سێ سالْ. ڕۆژێکیان باوکی بۆسەرکار دەڕۆیشت .سێبوری کەوتە دوای بەگریان چونکە زۆربەنازبوو داوای دەکرد لەگەلْ خۆی بیبات . باوکی پارەی

داپیرێ ووتی برۆ بۆخۆت شت بکڕە (دوکانێکیان لەتەنیشت ماڵ بوو بۆ ئەوێ ڕەوانی کرد)بەدایکی سێبوری گووت وەرە دەرگام بۆبکەوە تاسێبوری نەگەڕاوەتەوە سەیارەکە دەرکەم و بڕۆم نەوەك دووبارە دەکاتەوە گریان داوادەکات لەگەڵ خۆمی ببەم.ئەویش دەرگای بۆکردەوە سەیارەکەی بردە دەرەوە لەوکاتە تەلەفۆنێکی بۆهات. وەڵامی دایەوە .بانگی کرد(ك)ئەوە براکەمە سڵاوی هەیە بۆتان . لەم سەین وبەینە ئاگایان لەسێبوری نەما ئەویش لەم کاتە بسکیتی کڕیبوو سەیارەکەش وەستابوو لەبەر دەرگا چووبو لەدواوە دانیشتبوو .

(ف)سێبوری هاتەوە؟

(ك) ئاگادارنیم . سەیری ژوورەوەی کرد دیارنەبوو وتی دەزانم تائێستا لەدوکانەکەیە هەموو جار وادەکات نازانی چیهەڵگرێ .دەچم سەیرێکی دەکەم .

(ف)گووتی باشە برۆ بیهێنەوە منیش دەڕۆم تانەگەڕاوەتەوە. بۆدواوە ڕۆیشت هەستی بەشتێك کرد لەژێر تایەیی سەیارەکە. هاوسێکان هاواریان کرد بوەستە بوەستە ئەوە تۆ چی دەکەی .لەسەیارەکە دابەزی بەخێرایی چی ببینی ! ئەوەسێبوریە لەژێر سەیارەکەیە کەهەڵیان گرت گیانی لەبەر دانەمابوو بسکیتەکەی کەوا کڕیبوی هەندێکی لەدەمدابوو پارچەکەی تریشی لەدەستبوو. دایکی بەڕاکردن لەلای دوکانەکە هاتەوە ووتی سێبوری لەوێ نەبوو نازانم چووە بۆکوێ ئەم قەڵەباڵغیە چیە سێبوری لەکوێیە.(ف)لەسەری خۆیدەدا ودەیگووت بۆی مەگەڕێ ئەوەتە سێبوریەکەی من وتۆ .ئەوەتەگیانی لەبەردانەماوە من کوشتم من کوشتم. (ك)کەسێبوری بینی بەوجۆرە بورایەوە کەوتە سەر زەوی(تاماوەیەکی زۆر لەنەخۆشخانە مایەوە بۆ چارەسەرکردن).(ف)لەلای دکتۆرێکی (نەفسی)تا دووساڵ چارەسەردەکرا، هەردەم دەیگووت من کوشتم!

ڕازیبوون بەهەموو نەهامەتیەکی ژیان

(ت)پیاوێکی تەمەن چل ساڵی بوو کاسب کاربوو بەڵام ئەوەی بەدەستی دەکەوت کەم بوو قەناعەتی پێ نەدەهات ، بەلاّم هەر ئەوەی دەزانی کەبیکات ئەویش کاری سەرپێی بوو، ڕۆژێك زۆر ڕاوەستا لەبازار شتێ بکڕێ بەڵکو قازانجێك بکات ئەگەر کەمیش بێ تەنها بتوانێ دڵی منداڵەکانی خۆش بکات. زۆر وەستا دوایی بێزاربوو لەوەستان . کات نزیکی کرد بەرەو نیوەڕۆ ئەویش وردە وردە بەرەو مزگەوت کەوتە ڕێ ، چوو دەسنوێژی هەڵگرت و لەسوچێکی مزگەوت دانیشت چاوەڕیی بانگ بوو ، بەلاّم خەیاڵی بەرەو دوور ڕۆیی، لەدڵی خۆی دەیووت باشە چیدەبوو ئەگەر خوای گەورە منی دەوڵەمەند کردبوایە. خوا دەوڵەمەندە هیچ لەخەزینەی کەم نەدەبوو ئەگەر ماڵ وسەروەتێکی زۆری پێ بدابومایە، باشە بۆ هەن لەبەر زۆری ماڵ نازانن چی بخۆن وچی لەبەرکەن وسەفەرو سەیران وخۆشی و ڕابواردن لەهیچیان کەم نیە. نوێژیش ناکەن وە ناشزانن ئیمان وباوەڕ چیە کەچی خوالەبیریان ناکات وهەر بەسەریان دادەبارێنی ، منیش ئەوەندە پیاوێکی باشم وە نوێژەکەم هەردەم نانی ڕۆژێ بەڕۆژیم بەحاڵ دەست دەکەوێت، (خەریك بوو دڵی خەتەرەی دەکرد)لەناکاو بینی پیاوێکی پیری بەساڵاچوو هاتە ناو مزگەوت قاچێکوو دەستێکی نەبوو منداڵێکی تەمەن دە ساڵان دەستی گرتبوو بەپشتێنی پیاوە پیرەکە، سەرەتا وای زانی منداڵەکە خۆی بەئەو گرتووە دوای سەرنجی دا بینی بەڵکوو پیاوەکە نابینایە لەبەر ئەوە منداڵەکە پشتێنی گرتووە بۆئەوەی بیگەیەنی بەمزگەوت (ت)زۆر سەیری پێهات لەدڵی خۆیدا گووتی ئەم هەموو نوقصانیە وبەوحاڵەش هاتۆتە مزگەوت بۆنوێژ سەیرە! بینی پیرەمێردەکە دوورکات نوێژی(تحیە المسجد)ی کرد دوایی دەستی بەرز کردەوە دەپاڕایەوە (ت)لەبەر خۆی دەیگووت ئاخ تۆش لەمن بێزارتری لەژیان ، بەلاّم لەبەر چی دەپاڕێتەوە داوای چی دەکات هیچی تیاماوە بۆی بپاڕێتەوە چاوە هەرنیەتی، قاچە هەرنیەتی ،

دەست هەروا، تەمەنی پیریش لەولاوە ؟ باشە ئەمەچۆن دەژی چۆن ڕۆژگارەکان بەڕێ دەکات ، گوێی شل کرد بۆی تابزانی چ دوعایەك دەکات ، ئەویش دەپاڕایەوە دەیووت خوایە زۆر شەرمەزاری تۆم ،تۆ ئەم هەموونیعمەتەت بەمن داوە ئەم هەمووچاکەیەت لەگەڵم کردووە ئەگەر تۆ ئەوەندە بەبەزەیی نەبوای ئێمەی ئادەمیزاد چیمان دەکرد ! (ت)نەیتوانی زیاتر گوێ ڕابگرێ ووتی بەڕاستی تۆ هەر نوقصان نی بەڵکو شێتیشی چ نیعمەتێکە چ چاکەیەکە ئەوەی تۆ باسی دەکەی پێم بڵێ تۆهیچت ماوە کەمرۆڤی ئاسایی هەیبی تۆ باسی چی دەکەی؟ مامەپیرەکەش گووتی کوڕم تۆ چۆن لەژیان گەیشتووی تۆ وادەزانی ئێمە تەنها بۆڕابواردن و خواردن وخەوتن دەژین ، نیعمەتەکانی خوای گەورە بەمنی داوە زۆرە من ناتوانم بیان ژمێرم وادەزانی تەنها دەست وقاچ وچاو لەمرۆڤ بەکەڵکن، ئەگەر هۆشم نەبوایە بیر بکەمەوە .ئەگەر زبانم نەبوایە وەڵامت بدەمەوە. ئەگەر گوێم لەقسەکانت نەبوایە ئەگەر دەستەکەی ترو قاچەکەی تریشم نەبوایە هیچم پێدەکرا لەگەڵ خوای خۆم ، کوڕم قاچێك بەرەو شوێنی خراپت ببات چۆن قاچێکە زبانێك توشی قسەی ناحەقت بکات چی، یان چاوێك توشی نەزەرت بکات ،ئەی نیعمەتی ڕزق و ڕۆزیم، من ناڵێم ئەگەر ئەوانەم هەبێ خراپە.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ ۚ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٦٤﴾ صدق الله العظيم ﴿العنكبوت﴾

واتا {بێگومان ژیانی ئەم دونیایەجگە لەگەمەو گاڵتە ویاری شتێکی تر نیە(واتە بێ نرخەو ئەوەناژی کەئاوا پەلاماری دەدەن وستەم لەپیناویدا دەکەن)چونکە بەڕاستیماڵی قیامەت وژیانی ناو بەهەشت ژیان

وزیندەگییەو(شایستەی ئەوەنیە کەئادەمیزاد هەوڵ وکۆششی بۆ بدات، ئەگەر (ئەوخەڵکە)بزانن وتێبگەن.}ت.ئا. بەڵام زۆرن ئەوانەی حەقی ئەوئەندامانەی نادات، ڕۆڵە کەسانێك هەن ئەگەر تەنها نەخۆشیەکی کاتی توشی دێت نوێژ ناکات منەت دەکات لەسەر خوا،یان ئەندامێکی بچوکی لەدەست دەدات ناشوکری دەکات ، ئەم هەموو نیعەتانە لەبەر یەکێان لەبیر دەکات

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾ صدق الله العظيم نحل

واتا { خۆ ئەگەر بتانەوێ نازو نیعمەتەکانی خوا بژمێرن ، بۆتان نازمێردرێت(لەئەندامەکانی دەرەوەو ناوەوەی خۆتان وئەو رزق وڕۆزیانەی کە دەیخۆن وئەوپۆشاك ورایەخ وناوماڵەی کەبەکاری دەهێنن..هتسەرەڕای هەزاران هەزار دروستکراوانی تری دیارو نادیار لەجیهانی مادە وڕووەك وگیاندارو..هتد)سەرەڕای کەم سوپاسی و ناسوپاسیتان لەهەموو نازو نیعمەتەبێژماری)خوای پەروەردگارهەر لیخۆشبوو میهرەبانە}ت.ئا.}

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ كَانَ يَـُٔوسًا ﴿٨٣﴾ صدق الله العظيم {اسرا}

واتا:{هەرکاتی نازو نیعمەت دەبەخشین بەئینسانی (بێ دین)ڕوو وەردەگێری وفیزدەکات وهەر خەمخۆری خۆیەتی . کاتێکیش تووشی ناخۆشیەك وتەنگانەهات نائومێدو پەست وغەمگینە}ت.ئا،

ووتی: کوڕم دەوڵەمەندی ماڵ وسامان بۆی هەیە بەڕێزوو بەرزت بکات لەناو خەڵك. بەڵام کاتیە! بەڵام ناسینی خوداوئاشنابوون بەدانان وکردەوەکانی .

ڕازیی بوون بەهەموو پێ دان وپێنەدانی لەهەموو شتێ (خۆشی،ناخۆشی، هەبوون ونەبوون، هتد.)دەتگەیەنی بەژیانێکی بێ کۆتایی ئەم ژیانەی تیایدایی زوو کۆتایی دێت لەچاوو دونیاکەی تر کەنەبڕاوەیە، مامە پیرەی شوکر وقانع زۆر ڕازیبوو بەدانانی خودا زۆری بۆ باسکرد،(ت)لەگەڵ قسەوباسەکانی زۆر دڵی کرایەوە، ووتی : ڕاستە من بەهەڵە لەژیان گەیشتبووم هەوڵم هەموو بۆژیانی دونیابوو من لەبەر پەیاکردنی پارەونان دونیاکەی ترم پشت گوێ خستووە کەتەنها ئەویش سەرمایەیە، وام دەزانی ئیمان ئەوەیە نوێژبکەی و بڵێی باوەڕدارم.

(باوکی کچەکان)

پیاوێکی ئاقڵ وژیر لەگەڵ منداڵەکانی وخێزانەکەی لەیەکێك لەگەڕەکەکانی شاری هەولێر دەژیا (٧)کچی جوانی هەبوو.ماڵ وسامانێکی زۆری هەبوو .خاوەن دڵێکی گەورە بوو زۆریارمەتی هەژاروو نەداری دەدا . کچەکانی زۆرخۆش دەویست هەردەم دەیگووت ئەم هەموو نیعمەتەی خودا پێی داوم لەبەر کچەکانمە. هەرچەند برای نەبوو بەڵام دووخوشکی هەبوو .زۆرجار خوشکە گەورەکەی پێی دەگووت : برام ژنێکی تر بێنە تۆکوڕت نیە وادیارە ئەم ژنەت هەر کچی دەبێت هەتا گەنجی خەمێك لەخۆت بخۆ ئەوماڵ و سامانەت بۆکێ بەجێدەهێڵی پاش عومرێکی درێژ. ئەویش دەیووت خوشکم ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە کوڕی دەدامی وەك چۆن کچی داوە پێم،تۆ بۆ واز ناهێنی هەرکە من دەبینی ئەوقسانە دووبارە دەکەیتەوە . منیش هەر دەڵێم نا ژن ناهێنم .

دیسان خێزانەکەی سکی بوو زۆر دەپاڕایەوە بەڵکو ئەمجارە کوڕی ببی . دەیگووت ئەمجارە کوڕم نەبێ خوشکەکەی بەزۆر ژنی بۆدەهێنێ . مانگەکان تێپەڕین ئەوڕۆژە هات کەچاوەڕوانیان دەکرد.خێزانەکەی نەخۆش۔ تەلەفۆنی کرد بۆخوشکەکانی هاتن، بەڵام هەرلەدەرگاوە خوشکەگەورەکەی گوتی ئەوە دواین جارە ئەگەر کوڕی نەبێ ڕازی نابم بەم وەزعە بزانە؟ نەیتوانی زیاتر گوێ بۆقسەکانی ڕابگرێت گووتی دەچمە دەرەوە ئەگەر شتێ ڕویدا پێم ڕاگەیەنن. دوای چەند کاتژمێرێك خوشکەکەی تەلەفۆنی بۆکرد ووتی :ئەوە بۆڕاتکرد دەتزانی کچە وانیە . ئەویش گوتی جارێ تۆ بڵێ خوالێت نەستێنێ تەمەن درێژبێ .

گووتی واناڵێم تەنها دەڵێم بەتەمای چی؟ ئەویش بەپێکەنینەوە گووتی بەڵێ وایە باشبوو بەبیرت هێنامەوە بەتەمام بچم گایەك بکرم وبیکەم بەخێر بۆکچەکەم ودایکی. نەگەڕایەوە بۆماڵ تاخێرەکەی کرد.

کەگەڕایەوە ماڵ سەیری ژنەکەی کرد دەگریا ، چووبۆلای و گووتی من وامزانی تەنها من دڵخۆشم نەمزانی تۆلەمن دڵخۆشتری لەخۆشیان دەگری.خێزانەکەی ووتی من دڵخۆش نیم بەڵکو زۆریش دڵتەنگم حەزم دەکرد کوڕێکت بۆبێنم بەڵام

چیبکەم دیسان کچ بوو. باوکی کچەکان گوتی استغفرالله تۆناتوانی کوڕم بۆبێنی .من هیچ کات دڵتەنگ نیم بەکچەکانم. خێزانەکەی ووتی بەلاّم خوشکەکەت هەردەم ئەوە دەخاتە ملی منەوە . ئەوکات ووتی کەی وەختی ئەم قسە بێ مانایانەیە تۆجارێ ئەم گوڵەم بدەرێ بزانم وەك تۆجوانە یان لەباوکە ناشیرینەکەی دەچێت. لەباوەشی گرت وماچی کرد سێ جار لەبن گوێچکەی بانگیدا چەند صورەتێکی لەسەر خوێند ووتی ناوی دەنێم (فریشتە) چونکە زۆر جوانە شێوەی لەفریشتە دەچێ .!

خوشکی ئەم پیاوە کوڕێکی گەورەی هەبوو ڕۆژێك ناردی بەدوای براکەی گووتی ژن بۆکوڕەکەم مارە دەکەین. ئەویش دڵخۆش بوو هەموو مصروفی مارەبڕینەکەی خستەسەر ئەستۆی خۆی . هەروەها بۆگواستنەوەوشایی زۆر یارمەتی دان ئەوەی لەتوانای دابوایە بۆ خوشکەکانی دەیکرد وکەمتەرخەمی نەدەکرد. بەلاّم خوشکەکەی قسەکانی هەردەم دووبارە دەکردەوە . ڕۆژیکیان گوتی براکەم ئێستا بووکەکەم حەملی هەیە دەزانی ئەگەر کوڕی ببێ چەند خەم دەخۆم بۆتۆ. کوڕەکەم ببێ بەخاوەن کوڕ تۆش تەنها خاڵی ئەوی کوڕت نیە تەنها ٨کچ نەبێ . ئەویش زۆرپەست دەبوو بەم قسانە دەیگووت ئەگەر نەڵێن پیاوێکی خراپە وپشتی لەخوشکی کردووە لەژیانمدا قسەم لەگەڵ نەدەکردی خوا هیدایەتت بدات خوای گەورە دەرست بدات .

بووکی خوشکەکەی مندالّی بوو خۆزگە نەیبوایە . ڕاستەکوڕێکی بوو بەلاّم چۆن مندالّێك بوو (دووسەری هەبوو لەگەڵ سێ قاچ وچوار دەست)مندالّێکی ئاسایی بوو لەخواردن وخەوتن وگریان پشکنینی زۆریان بۆی کرد تابزانن ئەگەری مانەوەی لەژیاندا چەندە. نەیانزانی. دوای سێ مانگ مندالّەکە مرد پاش ئەوەی ماندوبونێکی زۆرو خەم وخەفەت ومصروفێکی زۆر. براکەی وبراژنەکەی هاتن بۆلایان دلّیان بدەنەوە . براکەی گووتی هەر کارێك خودا بیکات دەبێ ئادەمیزاد پێی شوکربێت چونکە ئێمەی بێدەسەلاّت هیچمان لەدەست نایەت ئەگەر خوا ویستی لەسەر نەبێ چیت ووت خوشکی گەورەم؟ ئەویش وەلاّمی دایەوە بەگریانەوە بەڵێ وایە . من زۆر شەرمەزارم بەرانبەر ئێوە داواتان لێدەکەم لێم خۆشبن دڵتان گەورەیە توخا بم بەخشن! براکەی ووتی :

داوای لێخۆشبوون لەخودا بکە خوشکە گیان من ڕازییم بەبەشم من هەشت کچم هەیە وادەزانم کەلەماڵەکەم هەشت پەپولە دەسوڕێتەوە هیچ کات دڵم تەنگ نەبوە بەوان من شوکری خودا دەکەم چونکە نازانم چی باشە بۆم هەردەم داوادەکەم لەخودا ئەوەی باشە بیکاتە نسیبم دیارە ئەوە باشە بۆم من ڕازیم.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ﴿٢٠﴾ صدق الله العظيم {حديد}

واتا {چاك بزانن کەژیانی دنیا تەنها بریتیە لەیاری وگەمەو ڕازاندنەوەو خۆهەڵکیشان لەنێوانتاندا هەروەها زۆرکردنی سامان وماڵ ومنداڵ (جائەوانەی هەرهەموی)وەك بارانێکی بەپیت وایە کەببێتە هۆی بەرهەمێکی زۆر،کشتکارەکان پێی سەرسام ببن، لەوەودا وشك ببێ وزەرد هەڵدەگەڕێت، پاشان وردوخاش ببێت وبکەوێت،بێگومان لەقیامەتیشدا سزای زۆرسەخت بۆدونیا پەرستان ئامادەیە، (لەولاوەش) لێخۆشبوون وڕەزامەندی لەلایەن خواوە (ئیماندارانی چاکەخوازی لێ بەهرەوەر دەکرێت)،ژیانی دنیاش(دوورلەخواناسی ودینداریی)جگە لەوەی کەبریتیە لە ڕابواردنێکی کەم وزۆر کەسی پێی غەڕاو دەستخەڕۆ دەبێت، شتێکی تر نیە،}ت.ئا

(بابەتی هەشتەم)

(ئامۆژگاریە گرینگەكان)

{نصائح مهمة}

ئادەمیزاد خۆی خولقەتێكی جوانی هەیە بەلاّم زۆر بەپەرۆشەوە دەڵێم خۆزگە ئەخلاقیشی جوان بوایە . هەندێ ڕەوشتی ئادەمیزاد هەیە چواردەوری دڵ شكاوو ناهومێد دەكات. هەندێكیان باس دەكەین بەڵكوو بتوانین ببین بەئاوینەیەك بۆ ئەوەی بتوانن هەڵەكانتان بدۆزنەوە . پێش ئەوەی كەس ڕای خۆی بەرامبەرت بڵێ كەتۆ چۆن كەسێكی خۆت هەڵسەنگێنە .هەڵەكانت چاك بكەوە ئەگەر زانیت تۆش هەڵەت هەیە پێویستت بەگۆڕانكاریەك هەیە لە ژیانت؟.

_دڵ شكاندن

_خۆبەزل زانیین

_تاوان باركردن بەناحەق

_سوێندخواردن

_چاوپۆشین لەهەڵە

_دوو ڕوویی ودووزمانی

_چاوبڕین بۆماڵی خەڵك

_بەدەر خستنی نهێنی

_بەسۆزەوە سەیركردنی بچووك وڕێزدانان بۆگەورە

_پاراستنی ئابروو ناموسی خەڵك

_ڕاستی وڕاست گۆیی

_چاكە وخراپە

_کێ شایستەیە کەلێی بترسی

_نیەتی باش ونیەتی خراپ

_ڕەوشت جوانی

_ڕژدبوون لەسەر قسەوباس

_بێ ئومید بوون لە ڕەحمەتی خوا

_گوڵ بریتیە لەچیی؟

_زۆربوون مایەی دڵە ڕاوکێ یە

_گوێ پێ نەدان

ئێستا باسی ئەوخاڵانە دەکەین بەکورتی کەلەسەرەوە باسمان کرد .بزانین هەڵەکانمان چیە بەووردی.

ئایا ؟ تۆئەم جۆرە ئادەمیزادانە دەناسی.

ئایا؟ تاچ ڕادەیەك تۆ لەخۆت ڕازیت.

ئایا؟ تۆجۆرێك نیت لەوان. تاچەند لەهەڵەی بەرامبەرەکانمان دەرس وئامۆژگاری فێربوین و هەڵەکانی خۆمان پێی چاك کردۆتەوە؟ تاچەند هەوڵمان داوە بەرامبەرەکەمان چاك بکەین.؟

دڵ شکاندن

زۆرجار دڵی خەڵکانیکمان شکاندوە وەهەستیشمان پێی نەکردوە . تەنها ئەوکات نەبێ کەبەسەرخۆمان هاتووە. هەوڵ بدە لەئازاری بەرامبەرەکەت تێبگەی بۆئەوەی لەکاتی گفتوگۆدا دڵشکاوی نەکەی(هەردەم ببە بەگوڵێکی بۆن خۆش و سودبەخش مەبە بەدرگ ئازاردەروو زیان بەخش)سەرنج بدە بزانە کەس لەژیانیدا لەدڵ شکانی خەڵك هیچ قازانجی کردوە تەنها ناشیرین وخەسارەت مەندبووە .جارێك دووکەس بەیەك دەگەن کەناسیاوو خزمی یەکن .یەکێکیان تۆزی غریبەوهەندێکیش شرە لەجلووبەرگدا .ئەوەی تریش هەرچەندەلایەنی ماددی هەر وەك ئەوبوو بەلاّم گورج وگۆڵە.غەریبەکە زۆرتەکلیف دەکات بچینەوە بۆماڵمان خزمەتت دەکەم بەچاوان زۆرهەوڵدەدات بەلاّم بیٚ فایدەیە ئەوهەر ڕازی نابێت بچێت لەگەڵیدا. تائێرە باسەکە ئیعتیادیە بەلاّم ئەوەی سەیرە .ئەم پیاوە کەڕازیش نابێت لەگەڵی بچێتەوە کەچی زۆر بێ شەرمانە دەڵێ توخدا تۆبەخۆت ئاوا شڕیی دەبێ ماڵەکەت چۆنبێ من چۆن دەتوانم شتی تۆ بخۆم کەناتوانم سەیرت بکەم ، چۆن دڵ شکانێکە ئەوەی کەکردی؟

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾ صدق الله العظيم {النساء}

واتا: {هەرکاتێ سەلام وچاك وچۆنیەکتان لەگەڵدا کرا ئەوە بەجوانترین شێوە وەلاّم بدەنەوە یاخود(هیچ نەبێت)وەك خۆی، بێگومان خوا لەهەموو شتێك دەپرسێتەوە}ت.ئا.جۆرەکانی دڵشکاندن زۆرە کەباس کردنیان کاتی زۆری دەوێ، بەکورتی باسێکی تر دەکەین. ماوەی چەند ساڵێك بەر لەئێستا ئافرەتێك

نەخۆش کەوت پیاوەکەی بەماوەی مانگێك بردی بۆلای شەش_حەوت دکتۆر. باشتر نەبوو ڕۆژ لەڕۆژ هەستی بەئازاری زیاتر دەکرد. هەردکتۆرێك جۆرێك عیلاجی بۆدادەنا . تاخودای گەورە شیفای نارد و باش بوو. بەلأم جاری واهەیە ئازاری دەروونی سەخت ترە لە ئازاری جەستەیی ! ئەم پیاوە ڕۆژانە دڵی هاوسەرەکەی دەشکاندوئازاری دەدا،(٤٠٠٠) دینـاری سویسری. کەدەکاتە(٦٠٠٠٠٠)هەزاری ئێستا.هەردەم دەیگووت ئەم هەموپارەم دایە دکتۆرو دەرمان وسونار بەبەلاش دوای ماوەیەك باشدەبووی .ئەوهەموو ئازارە کەهاوسەرەکەی دەیکێشا چونکە لەجەستەی ئەونەبوو هەستی پێنەدەکرد .ئەوەی گرنگ بوو لای ئەو پارەکەبوو . چەند ساڵێك بەسەر ئەوە تێپەڕی بەلأم ناوە بەناوە بە هاوسەرەکەی دەگووت بەبیرت دێت کە نەخۆش بووی ئەم هەموو پارەیەم بۆت سەرف کرد. هەندێ جار وەلأمی دەدایەوە دەیگووت تاکەی ئەوە لەبیرناکەی ئەگەر نەخۆشیەکی وام بوایە پێویستی بەچارەسەر بوایە لەدەرەوەی وولأت چیت دەکرد خەڵکانێك بۆچارەسەری خێزان ومنداڵیان خانوو دەفرۆشن ماڵ دەفرۆشن بۆسەلامەتیان. تاکەی ئەوەبەچاوی من دادەدەیتەوە! خوای گەورە وای کرد دوای ماوەیەك زەرەر لەدوای زەرەر ڕوویی تێبکات. خانووی نەما ماڵی نەما زۆریش قەرزار بوو . بێ ئەوەی دەستی کەسی تێدابێت تەنها بەویستی خودا،! خەڵك چاکە لەگەڵ یەکتری دەکەن بەڕووی یەکتری دانادەنەوە . ئەی چۆن توانی ئەوەندە ئازاری هەستی هاوسەری بدات کەلەخۆشی وناخۆشی لەگەڵی دایە.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ صدق اللـة العظيم {الشورى}

واتا {هەروەها ئەوانەی دەست درێژیان کرایە سەر(وەك قسەو هتد)دەسەوەسان ناوەستن وبەرگریی لەخۆیان دەکەن} {جاتۆڵەی هەرتاوانێك بەئەندازەی تاوانەکەیە (بێ زیادوکەم) خۆئەگەر کەسێك لێخۆشبونی هەبێ وچاوپۆشی بکات ئەوە پاداشتی لای خوایە،بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت،}ت،ئا.

خۆبەزل زانینە

ئەبو هورەیرە لەپێغەمبەرەوە درودی خوای لەسەربۆمان دەگێڕیتەوە دەفەرموێ (دەوڵەمەندی بەشتی زۆر نیە بەڵکو دەوڵەمەندی ئەوەیە کەدڵ ودەروون دەوڵەمەند بێت) تەکەبورو خۆبەزل زانین بەنەخۆشیەکی کوشندەلێك دەدەمەوە. وادامەنی تۆزۆرجوانی مەزانە تۆلەهەمووکەس زیرەکتری مەڵی من ١٠دەوڵەمەندم مەڵی من بەتوانام !دەسەلآت ودەوڵەمەندی وزیرەکی وجوانی و..هتد، هیچیان هەتا سەرنین، تەمەنی ئادەمیزاد بەسەر دەچێت وکۆتایی پێی دێت کەچی تۆش بیرلەشتی کاتی دەکەیتەوەو خۆتی پێی سەرقاڵ دەکەیت وفیز و تەکەبور لیدەدەی بەشتێك کەسایستەنیە کەواخۆتی بۆبکوژی ئەویش (خۆبەزل زانینە)، لەپێغەمبەرەوە درودی خوای لەسەر بۆمان دەگێڕنەوە دەفەرموێ(ئادەمیزاد پیردەبێ کەچی دووشت تییایدا هەرگەنجە!پەرۆشی بۆماڵ وسامان! پەرۆشی تەمەن درێژی) لوقمانی حکیم بەکوڕەکەی ووت کە لەقورئان بۆمان ڕوون دەکاتەوە خودای گەورە دەفەرموێ (لەسورە لقمان ایە١٨)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾ صدق الله العظيم (لقمان)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾ صدق الله العظيم { قصص}

واتا: {(جائیتر باخەڵکی دڵنیابن)، کەئەو ماڵی قیامەتە و(بەهەشتی بەرینەمان) ئامـــادەکردووە بـــۆ ئەوکەســـانەی کەنەبـــەرزیی وگـــەورەییان دەوێـــت لەزەویدا،نەفەســـادو گونـــاه وخراپـــە، ســـەرئەنجام و(ســـەرفرازیش) هـــەربۆ پارێزگاران وخواناسانە.}ت،ئا.

تاوان بارکردنە بەناحەق

ئەوەی باسی دەکەم بەسەرخۆم هاتووە (جارێك لەلای خزمێکی نزیك باسێك کرایەوە کەپەیوەندی بەکەسێ هەبوو کەواهەردووکمان دەمان ناسی بەڵکوو زۆر نزیکیش بوولێمان،منیش بۆئەوەی باسەکە بگۆرم یان ناخۆشی پەیدانەبێت مەدحی ئەوکەسەم کرد کەوا باسمان دەکرد، ڕاستە؟ئەولەوێ نەبوو بەلام خودای گەورە لەهەموو جێگاو شوێنێکە.بڕوابکەن چەند جارێك ئەوەدووبارە دەبویەوە وەچەندساڵیش تێپەڕی تەنها بۆجارێکیش گوێبیستی قسەکانی خۆم نەبومەوە کەبەچاکە وتبوم. بەلام بۆتاقیکردنەوە جارێکی ترلەلای هەمان کەس زەمی ئەوکەسەم کردکەوا چەندجاری پێشوومەدحم دەکرد. بڕوابکەن دوو ڕۆژی نەخایەند هەموو قسەکانی پێ گەیشتەوە تەنها ئەوەندەش نا بەڵکو سێ ئەوەندەشی لەلایەن خۆی بۆزیاد کردبوو . بۆماوەیەکی زۆر دڵمان لەیەکتر ڕەنجا، چاك دەزانن ئادەمیزاد چۆن دروست کراوە کەدەتوانی ئەم هەموو(پیسایيە) لەناوسکی هەڵبگرێت ناتوانی چەندقسەیەك هەڵگرێت. دەگەڕێتەوە بۆ لەخوا نەترسی وبێباکی لەتێکدانی خزمایەتی، ئەوەش بەمرۆڤی (خراپ دەکرێت). تاوان بارکردن جۆری هەیە !ناسیاوێکمان پەیوەندی دەکات بەماڵی برایەکی دەڵی ئەگەر لەماڵ بن ڕۆژی هەینی دێین بۆسەردانتان بەینێکە یەکتریمان نەبینیوە بیرتان دەکەین؟براکەی دەڵێ بەڵێ لەماڵین نیازی هیچ شوێنیکمان نیە لەئێستاوە بەخێر بێن. هەینی بوو کات ژمێر ١١چوین بۆلایان لەکاتی دانیشتن ونانخواردن هاوسەری خاوەن ماڵ بە مێوانەکەی ووت بڕوابکە لەو ڕۆژەی تەلەفۆنتان کردووە ئیسراحەتمان لێ هەڵگیراوە ماڵ پاك کردنەوە و

نان کردن وچوون بۆبازاڕ ئێمە سێ ڕۆژە ڕاکە ڕاکەمانە هیلاك بوین نەدەبوایە زووتر پەیوەندیتان کردبا (ئێستا ئێوە بڵێن ئەم تاوان بارکردنە ناحەق نەبوو. ئەگەر ئەم ئافرەتە کاری ڕۆژەکانی بەڕێکی ئەنجام دابوایە هەموو کارەکانی لەسەر یەك کۆمەڵ دەبوو ؟ دەڵێن کاری بەوەخت ، پاشای سەرتەخت)ئێمە زۆرکات بەخۆمان تاوان بارین بەلآم ڕاستی ناڵین وبەحەق نادوێین

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ ﴿٦﴾ صدق الله العظيم {الحجرات}

واتا {ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی متمانە پێنەکراو هەواڵێکی بۆ هێنان(خێرا بڕوای پێ مەکە)،بەڵکو سەرنج بدەن،لێی بکۆڵنەوە (تابۆتان روون دەبێتەوە)،نەوەکو ئازار وناخۆشیی و گێروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی ، دوایی پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کەپێی هەستاون}ت،ئا.

سوێند خواردن

ڕاستی و درۆ لەسوێند خواردندا.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ صدق اللة العظيم

واتــا: {بەقــسەی ئەوانــە مەکــە چــوونکە زۆر ســوێند دەخۆن،بەحــەق و بەناحەق،هەروەها زۆر سوك وڕسوان}

سوێند خواردن لەلایەن ئادەمیزادی ئەمڕۆ بۆتە ئاوخواردنەوە بۆوامان لێهات؟ چوونکە دڵەکان کەم ئیمانی دایگرتووە .درۆیەکان دڵەکانیان ڕەش کردووە . بۆشـتی گەورەوبـچووك هانـا دەبەینـە بـەر سـوێند خـواردن .هەنـدێك دەڵـێن بەئیمانم. بەسـەری فـلان. بەقەبری فلان. بەوئاگرە .استغفرلله. باوەڕتـان هـەبێ ئەوخەڵکە لەسـەر شـتی بـێ نـرخ سـوێند دەخـۆن کـەوا دڵـی بـاوەڕ دار دێنێتـە خرۆش،پێغەمبەر ﷺ، لەسەر فەرمویەتی (هەرکەس سوێندی خوارد باسوێند نـەخوات تـەنها بـەخوا نـەبێت، هـۆزی قورەیـشی، سـوێندیان بـە بـاوو باپیرانیـان دەخوارد)،هاوەڵ بۆ خوا بڕیار مەدەن چوونکە تەنها خۆیەتی خاوەن دەسەڵات

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِهِۦ ۗ قُلْ تَمَتَّعُوا۟ فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٣٠﴾ صدق اللة العظيم {ابراهيم}

واتا: {(خوانەناسەکان)هاوەڵ وشەریك بۆ خوا بڕیار دەدەن(بەهـەموو شێوەیەك دەیانەوێ)،خەڵك وێڵ بکەن لەبەرنامەو ئاین وڕێبازی خوا، پێیـان بڵـێ:رابوێرن

و ژیان بەرنەسەر،سەرئەنجامتان بەرەو دۆزەخە.}ت،ئا. (هەمووشتێا، کەلەبازار دەیکڕیت دەبێ نرخەکەی بدەیت)سوێندەی ناوێت،ڕاستی شتومەکەکە بڵێ عەیبەکانی دیاری بکە،

زۆرن ئەوانەی سوێند دەخۆن بۆماڵ ئەگەر وابکەیت بزانە بەوکردارەت بەرەکەت لەپارەو ماڵەکەت هەڵدەگری هەرچەند زۆربێت هەر بەزیاد نابێ، بۆیە ئاگاداری زمان بە هەموو کات سوێند مەخۆ.پێشینان ووتویانە، زمان بەلای سەرە.

چاوپۆشین لەهەڵەکان

ئەگەر چاوپۆشین لەهەڵە پێویست بوو بەواتایەکی ڕوونتر گەربتوانی هەندێ هەڵەی وورد هەیە پشت گوێیان بخەی هەندێ کات باشە، تاپێتان دەکرێ وردەکان کەبەزووترین کات وکەمترین ماندووبوون چارەسەر دەکرێت پێی هەڵسە.دووهاورێت بەلەیەك نەگەیشتنێك بەینیان نەماوە تۆ ئەگەر دەتوانی ئاشتیان بکەیتەوە کەم تەرخەمی مەکە.بەلام هەندی هەڵەی تر هەیە کەبەهیچ جۆرێك نابێت چاوپۆشی لێبکرێت . هەندێك لەم هەلانە زۆر بچوکە کەچی بەتێپەڕبوونی کات گەورە دەبێت لەدوایی پەشیمان بوونەوە داد نادات (ڕۆژێك منداڵێکی تەمەن١٢ساڵی دەسگیر کرا لەلایەن پۆلیس ؟ لێیان پرسی تۆ منداڵی بۆدزی دەکەی چیی وایکردوە تۆئەم کارە نارێکە ئەنجام بدەی؟ ووتی کاتێك تەمەنم ٧ساڵان بوو ڕۆژێك لەکۆلان یاریم دەکرد هەندێ پارەم دۆزیەوە هێنامەوە بۆلای دایکم گووتم لەکۆلان دۆزیمەوە! ئەویش بەدڵێکی شادو پێکەنینەوە لەمنی وەرگرت پێی نەگووتم بڕۆ بیگەڕێنەوە جێگای خۆی یان بەدوای خاوەنەکەی بگەڕێ . منیش هەستم بەخۆشی کرد کەسەیری دایکم کرد دڵی خۆشبوو. تاوای لێهات لەقوتابخانە شتم لەهاوڕێکانم دەبرد وەك قەڵەم وپارەو شتی تر. تاگەیشتم بەم ڕۆژە ،من تاوانبار نیم دایکم تاوانبارە ئەوسزابدەن !

ئەومنداڵە ڕاستی ووت ! بەڵێ گەورەکان بەرپرسن لەهەڵەی منداڵەکان چوونکە ئەوجیهانەی سەرەتا چاوی تیادا هەڵدەهێنی ماڵەوەیە ئەوەکەسانەی کە لێیانەوە فێردەبێت ئەندامەکانی ئەم خێزانەن_هەرکەچاوی کردەوە چی ببینی وەچیش ببیستی ئەوە فێر دەبێت. بۆنمونە ئەگەر منداڵیکت بینی لەکۆلان لەکاتی یاری کردندا زۆر شەڕیی نایەوە هەردەم دەم بەجوێن وهەڕەشەبوو بزانە کەلەماڵەوە ئەمە ڕەفتاریانە دەڵێن(گەورە ئاو دەڕژێنێ بچوکیش خۆی پێی تەڕدەکات) وەك ئەو منداڵەی باسمان کرد کەوا لەخۆی گەورەتر تووشی ڕێگای

چەوتی کرد(دەسەلأت دارانی ئێمەش ئەم هەلأنە دەکەن)ئێستا لەکوردستانی خۆمان چەندەها بار کراوەتەوە کەوا بە جوانی وئاشکرای نوسراوە (جێگای خواردنەوە)دوور مەبینن زۆری پێی ناچی ئەگەر وابڕوات بەچاوی خۆتان و لەرێکلامەکان گوێ بیست دەبن لە کوردستانە شیرینەکەمان شوێن ئەکرێتەوە بەناوی(مەلها) ،ئەوچاکەو خراپەی باسی دەکەین کێ زیاتربەرپرسیارە بێگومان ئەوەی لەتوانای دایەو لەدەستی دایە بیگۆڕی وڕێگری لێبکات. بەلأم ئەگەر ئەوەنەکات کەلەسەری واجبە بیکات ئاگاداربن ڕۆژێك دێت و تاوانی ئەم هەموو خەڵکە دەکەوێتە ئەستۆی(ابو هریرە)لەپێغەمبەر ﷺ.بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێ {لەڕاستیدا پێشەوا قەڵغانە وخەڵك لەدوایەوە دەجەنگن وخۆیانی پێ دەپارێزن،جا ئەگەر فەرمانیدا بەترسان لەخوای گەورە ودادپەروەر بوو ئەوە پاداشتی خۆی هەیە. ئەگەر فەرمانی بدات بەخراپە تاوانی دەکەوێتە سەر}لەقورئانی پیرۆزیش بومان باس دەکات و دەفەرمووێ :

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴾

مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾ صدق الله العظيم {قصص}

واتا:{ئەوەی کارو کردەوەی چاك ئەنجام بدات، ئەوە چاکتر دێتە ڕێ، ئەوەی گوناە و هەڵە بکات ، پاداشتی ئەوانەی کە گوناە و هەڵە دەکەن بە گوێرەی کارو کردەوەکانیانە}ت،ئا

دووڕوویی ودووزمانی

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

{ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ } ﴿١٠﴾ صدق اللة العظيم {المطففين}

نیشانەی (دووڕوو)سێ شتە کاتی قسەی کرد درۆدەکات.کاتی بەڵێنیدا نایباتەسەر. کاتی سپاردەی لادانـدرا خیانـەتی تیادابکـات. لەفەرمودەکانی پێغەمبەرمانـە درودی خـوای لەسـەر. درۆ ودوورویـی ودوزمـانی. زۆرجارلـە لەسیفەتی یەك کەس کۆدەبنەوە. سیفەتی ناشیرن وناپێك ئاگاداربە! بەم جۆرە ئادەمیزادانـە هـەڵ نەخەڵـەتییْ .ئەمانـە تـەنها بۆئـاژاوە نانـەوە ئـازان بـەڵام چارەسەریان لانیە.ئەوکەسەی کەلەگەڵت دادەنیشێت پێت هەڵدەڵیت ومدحت دەکات هەرئەو کەسەشە کەتۆی لێدیارنەبێت زەمت دەکات. (لایدخل الجنە قتات)پێغەمبەرمان درودی خودای لێبیْ فەرمویەتی :ئەوکەسەی کەگویْ بۆ قسەی خەڵك هەڵدەخا وقسە دەچنی ناچێتە بەهەشت.

ئاگاداربە! زۆرن ئەوانەی لەخودا ناترسن . درۆ دەکەن دووزمانی دەکەن قسە هەڵدەقۆزنەوە لەدانیشتن و میوانداری پاشان دەیگێرنەوە خۆزگە بەڕاستیش بەخاوەنەکەیان بگووتایە نەوەك ئەوەندە نیە دووئەوەندەیشی بۆزیاد دەکەن. چەند ماڵ تووشی ئاژاوەو ناخۆشی بووچەند برا وخوشك دڵییان لەیەك حادز بوو چەند منداڵ پەرگەندە بوون چەند هاوڕی بەینیان تێکچوو چەند ماۆستاوقوتابی توشی حادزی بوون چەند پیاووئافرەت لەیەك بێشەرم بوون.

خودا بۆمان باسدەکات دەفەرمویْ:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ صدق الله العظيم القلم

واتـا: {بەقـسەی ئەوانـە مەکـە چـونکە زۆرسـوێند دەخۆن،بەحـەق وناحـەق ، هـەروەها زۆر سـوك ورسـوان} {ئەوانـەی کـە بەشـوێن عـەیب و عـاردا دەگـەڕێن ودووزمانی دەکەن وفیتنە دەگێڕن وحەزیان لە ئاشووبە}ت،ئا.

پێغەمبـەر درودی خـودای لەسـەر دەفـەرموێ(ڕۆژی دووای کەسـانیك دیـارن لەناوخـەڵك کەلـەدونیا دووروییـان کـردووە وەقـسەیان چـنیوە چـونکە بەدووڕوویـەوە حەشـر دەکـرین ڕوویـەکیان لەپێـشەوەیە و ڕوەکـیش لـەدواوە) راستی فەرمووە پێغەمبەرمان.

درۆ چەند ڕووێکی هەیە.درۆکردن لەگەڵ ماڵ ومنـداڵ. درۆکردن لەگەڵ دۆست وبرادەر. تادەگاتە درۆکردن لەگەڵ نەفسی خۆی.زۆرن ئەوانەی درۆدەکەن،یەکی کـەخاوەن خـانووە_یـان سـەیارەیە_یـان ڕیـزە دوکانـە_یـان شـوقەو خـانوی زیادهتـد..ئـەوەی کـە لەهیـچی کـەم نیـە بـەلام هـەردەم دەلـێ قـەرزارم لەگـەڵ نزیکترین کەس وخزموو دۆستی،!برای ئازیز لەبەر ماڵی دونیا خۆت ڕووڕەش مەکە لـەلای خـواو عەبد.چونکە ئاشـکرا دیـارە کـەوا هـەبوونی !.خـوای گـەورە پێتی داوە بەکەس لێت ناستێندرێ وەئەگـەر خوای گەورەش بیباتـەوە بەکـەس ڕەت نابێتەوە، ئەوەی تۆ دەیکەی هەڵەیەکی گەورەیە کەدەڵێی نیمە یان قەرزارم دلـێ ئازیزانـت ئـەزێت دەدەی؟دەزانـی!خـوای بالادەسـتیش لـەخۆت دەڕەنجێنی،ئەوکات چی وەلامی خوا دەدەیتەوە،

چاوبڕین بۆماڵی خەڵك

هەناسەی سارد هەڵمەکیشە کەسەیری ماڵی خەڵك دەکەیت . ئەوە تەنها ئازاردان وخەم بۆدڵت دێنی . چونکە ئەوخالقەی تۆی دروست کردوە ئەویشی دروست کردوە. ئەگەر ماڵی دابەئەو نەیدا بەتۆ مانای وانیە کەئەوی لەتۆ خۆشتر دەوێت . بەڵکو هیچ شتێك لەم جیهانە بەبێ هۆ دروست نەکراوە . بۆیی هەیە ئەو شایستەی ئەوماڵەبێ زیاتر لەتۆ چونکە ئەوەی لەتۆ دیار نیە خودا پێی دەزانێ ؟ هەرکاتێك برای موسڵمان دوعای باش و خێر بکات بۆ برای بۆهاوڕێ بۆهاوسێی بۆخزمی خودا دەفەرموێ (بۆتۆش وەك ئەو)وەهەر کاتیکیش حەسودی و وەسوەسەی شەیتان دڵی گرتی شەیتان بەنەعلەت بکە چونکە نەخێری بۆتۆ دەبێ نەئەوکەسەش خێر لەماڵەکەی دەبینێ . هیچ کات خۆت مەخەرە ناونەوچوارچێوەی کەوا بۆ؟یان بۆچی؟ ئەو هەیەتی من نیمە مەڵی من لەو زیاتر هەوڵدەدەم من لەئەو ماندووترم. ئەگەر خودای گەورە بەندەی خۆشبوێ لەم دونیا کاتیە پێی نادات هەموو خۆشیەکانی بۆهەڵدەگرێت بۆ ژیانە نەبڕاوەکەی کەدوای مردن دێت.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ ﴿٨﴾

صدق الله العظيم {حج}

واتا {هەندێك لە خەڵکی هەن کەموجادەلە دەکەن دەربارەی زاتی خواو(سیفەتە پیرۆزەکانی) دوورلە هەموو زانیاری وبۆچوون وکتێب وسەرچاوەیەکی ڕوون وئاشکرا} ت،ئا.

زۆر بەداخم بۆ ئەو خەڵکانەی کەبیر لەشت دەکەنەوە لەبەر دەستیاندا نیە خاوەنی نین، هیچ کاتێکیش سوپاسی خوا ناکەن بۆ ئەوەی پێیداون وهەیانە

خۆیان خاوەنین، هەردەم سەیری دونیا دەکەن بەڕوویەکی تاریک، سەیری ناکەن بەڕوویەکی گەشبین، ئاخ وئۆف بۆ ناخۆشی هەڵدەکێشن،هەستیش بەخۆشیەکان ناکەن بۆئەوەی لە دەستیدایە تا ئەوکاتەی لەدەستی دەدات، {اعوذُ بللهٌ من نفسٍ لا تشبع} پەنادەگرم بەخوا لە نەفسێکی برسی کە تێر نابێ، هەردەم داوای زیاتر دەکات هەرچەندە زۆریشی هەبێت داوای زیاتر دەکات،

بەدەرخستنی نهێنی

رێك دەكەوێت كاتێك لەمیوانداریێك شتێكت بەرچاودەكەوێت . یان دەچی بۆماڵی ناسیاوێكت كەمووكورییەكت ببینی یان هاورییەكت نهێنیەكت لاباس دەكات. تۆ ئەوكەسەبە كەوا پشتی پێی قایم دەكرێت؟ نهێنی پارێزبە ! ئاگاداربە. ئەگەر ئەمرۆ تۆباسی ئەوت نەكرد ئەویش ناتوانی رۆژێكی تر باست بكات چونكە دوور مەبینە تۆش نهێنیت دەبیٚ وپێویستت بەشاردنەوە دەبیٚ (هیچ ئادەمیزاد نیەهەڵەی نەبێت یان نهێنیٚ نەبیٚ).ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە.ﷺ بۆمان دەگێریتەوە دەفەرموێ (هەر بەندەیەك كەم وكوری بەندەیەكی تر داپۆشێت لەدونیادا خودای گەورە لەقیامەتدا كەموو كوریەكی دادەپۆشێت)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿٥٣﴾ صدق اللة العظيم الاسرا

واتا {(ئەی پێغەمبەر.ﷺ)بەبەندەكانم بڵێ چاكترین گوفتار بڵێن وجوانترین گوفتار(بنوسن)چونكە شەیتان بەراستی دەیەوێ نێوانیان تێك بدات(هەمیشە هانیان دەدات بۆ ووتنی گوفتاری هەڵەوخراپ)،بەراستی شەیتان دوژمنی ئاشكرای ئینسانەو(دەبیٚ وریابێت ئەودوژمنە تووشی هەڵەی نەكات)}ت،ئا.

ئەگەر دەتەویٚ دڵت ئارام بێت وبیروهۆشت مورتاح بێت ، چۆن حەز دەكەی نهێنیت پارێزراو بیٚ تۆش نهێنی پارێزبە؟ گوفتارت شیرین ورێك بیٚ،ئەوكات خوای گەورە دڵت خۆش دەكات بەدڵنیایەوە.

ئەنەس.ڕ.خ لەسەر لەپێغەمبەر .ﷺ، دەفەرمووێ(کاتی خوای گەورە دیمەنی ئادەمی کێشا لەبەهەشت. وازی لێ هێنا ئەوەندەی کە خوای گەورە ویستی،ئیبلیس بەدەوریدا دەگەڕا وسەیری دەکرد هەتا بزانێت چی یە؟کاتێك بینی ناوسکی بۆشە، زانی بەشێوەیەك دروست کراوە کە خۆی ناگرێت)

گەورە بەسۆز سەیری بچوك بکات .بچوکیش بەڕێز گەورە ببینێ

هەوڵبدە لەمنداڵەکەت بگەیت هەوڵبدە نزیکبی لەئەو وەك هاوڕێی بە لەگەڵی . پێش گەورەبونی گەورەی مەکە ئەرکی قورسی مەخەرە سەرشان . یەکێکیان لەئەویتریان زیاترنزیك مەکەرەوە لەخۆت. برای بچووك زاڵمەکە بەسەر برا گەورەکەی تەنها لەبەر ئەوەی زیاتر خۆشت دەوێت . دەسخۆشی لەکچێکت مەکە ئەویتریان پشت گوێ بخەی لەبەرئەوەی عینادی دەکات یان ڕەفتاریت بەدڵ نیە. بۆی هەیە هەڵەی تۆبێ وادەکات . هەرلەمنداڵی ناری زیادوو خۆشەویستی زیاد منداڵ دەگۆڕێ بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ. زۆر جار گەورەکان هەڵەکان دروست دەکەن . وەکاتێك منداڵەکان گەورەبوون ئەوکات دەیانەوێ هەڵەکان چارەسەربکەن کەواکاتی بەسەر تێپەڕیوە چارەی زەحمەت بووە ئەوکات پەنا دەبەنە بەرلێدان وحادزیی وبێ ڕێزی. ئەگەر بەسۆزنەبی لەگەڵ منداڵەکەت باوەڕبکە بێ ڕێز دەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان بەرامبەرت. مەیەڵن بگاتە ئەوڕادەیە کەنەتوانی لەگەڵ منداڵەکەت بدوێی کەچاوی کرایەوەو تووشی هاوڕێ خراپ هات دورکەوێتەوە لەماڵ ! یان بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە کەلەودواییانە زۆر گوێ بیستی کارەساتی دڵ تەزێن دەبین. وەدەیان هەنگاوی تری هەڵەکەدەبێتە مایەی نیگەرانی وشەرمەزاری . ئەوکاتانە ئاگاداریی بە کەمنداڵە. کەناتوانێ نهێنیت لێ بشاریتەوە وەك هاوڕێ وباوەڕپێکراوسەیرت بکات. وەك مامۆستایەکی تورەی بێ ویژدان مەبە نەتوانی هیچت بۆ باس بکات لەترسی ئەوەی زوو هەڵبچیت و تووڕەبیت .دوایش گلەیی لێمەکە کەنەیتوانی هەموو وردەکاریەکت بۆباس بکات کەتووشی دێت چونکە تۆدەناسێ کەئەوکەسەنیت پشییت فراوان بێ ودڵت گەورەبێت کەبتوانی دڵی بۆ بکەیتەوە ئەویش بتوانی نهێنیەکانی باس بکات بۆت. دڵنیابێ کەوا تۆ ئەوکەسەی کە خەمەکانی لەگەڵ هەڵدەگری وچارەسەری بۆدەدۆزیەوە و هەردەم جێگای

متمانەی(بۆلەبازار لە شەقام لە کۆڕو کۆبونەوەکان لە خوێندنگا لەماڵی هاوڕێ وناسیاو ڕێز لەیەکتری دەگرن .بە بەڵێ .بەفەرموو. بەدەست خۆشی هتد..قسە لەگەڵ خەڵك دەکەن چونکە دەزانن کارێك و ڕەوشتێکی جوانە. ئەی بۆ لەناو خێزاندا ئەم جۆرە ڕەفتارانە بەکار ناهێنن بۆ؟لەبەرچی؟)دووبارە دەڵێم وداوادەکەم بەڵکوتکا دەکەم بەسۆزبن . تا هەردەم بەهێزبن وەبەڕێزبن لەلای منداڵەکانت کەنەوەی دواڕۆژن.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿٢١﴾ صدق اللة العظيم {الانفال}

واتا {هەرگیز وەك ئەوکەسانە مەبن کە(بەدەم دەڵێن)،تێ گەیشتین، گوێ ڕایەڵین، (کەچی هەروەك)ئەوەی کەنەبیستن وتێ نەگەن وایە}ت،ئا.

پاراستنی ئابروو ناموسی خەڵك

ئەم رەفتارە ناشیرینە لەلای ئیمەی کوردی موسڵمان نەبوو . سەیر کردن وتێڕوانین وتەئمین نەبون دڵنیانەبووە لەماڵ ومنداڵ .هەمووی بەدیاری بۆمان هات لەدەرەوە. لەلایەن تەلەفزیۆن وسەتەلایت وئەنتەرنێت وخارجیەکان . لەیادمانە کەباپیرانمان دەیانگوت هاوسێت ناموستە بیپارێزە پارێزراوی دونیاو قیامەت دەبی لەگەڵ دۆست وبرادەرو خزم وهتد..؟باوك بەکوڕی دەگوت:کوڕم بەرد مەهاوێژە بۆماڵی خەڵك چونکە ماڵی تۆش پەنجەرەی تیدایە ؟کوڕم کەس عەیب دار مەکە بەسەیر کردن وقسەکردن چونکە دورنیە تۆش رۆژێك بەسەرت بێت.

ئازیزم؟هاوڕێی خوێندنت بپارێزە ئاگاداریبە ئەوکات هەست بەئارامی دەکەی چونکە دڵنیا دەبیٚ کەخودای گەورە چۆن تۆی والێکردوە ئاگاداری ئەوبی یەکێکی تردەنێرێت تائاگای لە خوشکی تۆبیٚ . دڵت پاك بکەوە لەهەموو نیەتێکی خراپ بڕوات هەبیٚ کەس ناتوانیٚ خراپە بکات بەرامبەرت. ببە بەنمونەیەکی سەرنج ڕاکیش بۆچواردەورت تۆ ئەوکەسەبە کە دەست پێشخەری دەکەی لەکاری باش وچاك. پێغەمبەرمان درودی خودای لەسەر فەرمویەتی(هەرکەسی لەناموسی برایەکی پشتگیری بکات .خودا لەڕۆژی دوایی ئاگر لەڕووی دووردەخاتەوە)ئیمامی ترمزی وحسن.ریوایەتیان کردووە.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَٱلَّذِينَ كَسَبُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ جَزَآءُ سَيِّئَةِۭ بِمِثۡلِهَا وَتَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ مَّا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۖ كَأَنَّمَآ أُغۡشِيَتۡ وُجُوهُهُمۡ قِطَعٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مُظۡلِمًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧﴾ صدق الله العظيم { يونس}

واتا {ئەوانەش کەگوناهو تاوانیان ئەنجام داوە(هەرچەندە)پاداشتی هەر گوناه و تاوانێك بەقەد خۆی دەدرێتەوە(بەڵام هەندێك ئەوەندە تاوانبارن)خەجاڵەتیی وسەرشۆڕی وڕووڕەشی ماندووی کردوون،کەس نیەپەنایان بدات(لەخەشم وقینی) خوا، ئەوەندە رووڕەشن هەردەڵێی پارچەیەك لە شەوی تاریك ڕوخساری داپۆشیون، ئائەوانە نیشتەجێی ناوئاگری دۆزەخن وەبۆهەمیشە ژیان لەناویدا دەبەنەسەر}ت،ئا.

ئەبوهوڕێرە ڕ.خ لەسەر ، لەپێغەمبەر.ﷺ،لەسەربێت بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێ (حەسودی بەیەکتر مەبەن. زەم بەسەر یەکترمەکەن، ڕقتان لەیەکتر نەبێتەوە، پشت لەیەکتری مەکەن، بەندەیەکی ڕاست ودروستی خوابن ، وەك برابن،موسڵمان برای موسڵمانە ستەمی لێناکات، پشتی بەرنادات، بەسووك سەیری ناکات، لەخوا ترسان لێرەدایە، پێغەمبەر ﷺ،سێ جار ئاماژەی کرد بۆسینگی(بەسە بۆخراپ بوونی مرۆڤێك، کە بەسووك سەیری برا موسڵمانەکەی بکات، هەموو شتێکی موسڵمان لەسەر موسڵمان حەرام وقەدەغەیە، خوێنی ومالی وناموسی))

ڕاستی و ڕاست گۆیی.

لەم سەردەمەی ئێستامان ڕاستی وڕاست گۆیی كەم بووە. زۆران هەن تەنها بۆئەوەی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ دەوروبەر پەنادەبەنە بەر درۆكردن . زۆر بەپەرۆشەوە دەڵێم؟ ڕازی دەبی ئەگەر یەكێك بۆئەوەی خۆی لەلات خۆشەویست بكا درۆت لەگەڵدابكا. هەردەم قسەی ڕاست وكرداری دروستت هەبێ . چونكە درۆ نەخۆشیە ! هەركەسێك تووش بێ زۆر بەزەحمەت ڕزگاری دەبێ.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴿٢﴾ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴿٣﴾ صدق الله العظيم { الصف }

واتا{ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێك دەڵێن وئەنجامی نادەن؟بۆچی گوفتارتان دژی كردارتانە} {گوناهێكی گەورە وهەڵەیەكی مەزنە لای خوا ئەگەر شتێك بڵێن وجۆرێكی تر ڕەفتار بكەن}ت،ئا.

ڕۆژێك پیاوێك دەچێ بۆ سەردانی مامۆستایەكی ئایینی . دوای دانیشتن چاو دەگێڕی لەژوورەكە دەڵێ : مامۆستا چۆنە ژوورەكەی جەنابت تەلەفزیۆنی تیانیە؟ ئەویش دەڵێ حەزی پێ ناكەم وەنامەوێت بیهێنم بۆماڵەكەم . باهەردەم ماڵەكەم پڕلەمەلایكەت بێ بەهەبوونی قورئان و زیكر كردن . من چۆن شەیتان دێنم بەدەستی خۆم لەماڵەكەم دایدەنێم كاكەگیان تەلەفزیۆن شەیتانە. پیاوەكە وتی مامۆستا تەلەفزیۆن باشە بۆهەواڵ زانیین ودەنگ وباسی جیهان . مامۆستاكە وتی پێویستم پێی نیە لە ڕادیوو گوێ بیستی هەواڵەكان دەبم. ئەویش گووتی بەخوا منیش حەزی پێناكەم بەڵام هەر وەك دیكۆر لەماڵەكەم دامناوە تەنها نەڵێن بۆتەلەفزیۆنتان نیە نەوەك سەیری ناكەین منیش وەك تۆ

بەحەرامی دەزانم هەرنامەویَ لەماڵبیَ بەڵام جار جار منداڵەکان سەیری (ئەفلام کارتۆن دەکەن)دوای ماوەیەك دانیشتن خواحافیزی کردوو ڕۆیشت

لەڕێگا تووشی هاوڕێیەکی بوو. دوای سلاّووسەلام زۆر تەکلیفی کرد .هەردەبیَ بچین بۆماڵمان زۆرنزیکە لێرەوە . هەرچۆنێك بیَ لەگەڵ خۆیدا بردیەوە. ئەوپیاوە کەوا ماوەیەك پێش ئێستا لەماڵی مامۆستا ئاینیەکەبوو خۆی لەشوێنێکی ترو ماڵێکی تر دۆزیەوە . سەیری کرد هاوڕیَ یەکەی کۆنترۆلی سەتەلایتی بەدەست گرتووەو کەناڵە ئەورووپیوو ئەجنەبیەکان دەگۆڕیَ. لەوکاتە گووتی ؟ ئەم سەتەلایتە کەناڵی زۆردەگوازێتەوە چ مارکەیەکە؟ لەکویَ کڕیوتە؟ من تائێستا نەمکڕیوە لەجۆرێکی باش دەگەڕێم بۆئەوەی هەر جارەو بابەتێکی تر دێت ئەوەی پێشوو پشت گویَ دەخریَ . هاوڕێیەکەی گووتی: تۆ لەکویَ دەژیی ئەوە چۆن قسەیەکە دەیکەی ئێستا هیچ ماڵێك ماوە سەتەلایتی نەبیَ دیارە تۆ زۆر کۆنەپەرستی. ووتی کۆنە پەرستی چی ؟ ئێستا لەماڵی یەکێك بووم کەمێك دەمناسی ئەوکۆنەپەرست بوو تەنها تەلەفزیۆنیشی لەماڵ دانەنابوو دەیگووت گوناهە . توخوا ئەم قسانەباویان ماوە . ئەگەر من تائێستا سەتەلایتم نەکڕیوە لەبەر ئەوەبوە کاتم نەبووە نەوەك زۆرلەمێژەوە کڕیبووم .

سەیرکەن دونیا چەند سەیرە مرۆڤی نەزان تەنها خۆی دەگونجێنی هەرچۆنێك بیَ گرنگ نیە ئەگەر درۆش بکات تەنها خۆی دیارخات.ئەی ئەوەی درۆ لەگەڵ خواش دەکات،ئێمەی ئادەمیزاد چی ببینین باوەڕی پێدەکەین ، چۆن مرۆڤ شەرم ناکات لەگەڵ خودادرۆ دەکات ئەوەی ئەوجۆرە ڕەفتارانەی هەبیَ لەگەڵ تۆ دەبیَ چۆنبیَ، کەیەکێك دەچی بۆماڵی یان دێت بۆماڵت سەیر دەکەی لەبەر شەرمی تۆ دەچیَ دەسنوێژ هەڵدەگریَ گوایە نوێژ دەکات کەتۆ باشیش دەزانی نوێژ ناکات یان مانگی ڕەمەزانە کەتۆ دەبینیَ دەڵی بەڕۆژووم ئەوانە چۆن

وەلأمـی خۆیـان دەدەنــەوە لەبەرامبــەر خالقیـان کەدروسـتی کـردوون ودەزانـی چۆنن وەچیانکردوە لەژیانیان.

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾ صدق اللة العظيم {البقرة}

واتـا:{ئەوانـەی لـە دڵ ودەرونیانـدا دەردوو نەخۆشـی(حەسـودی و,کینـە ورِق لەموسـڵمانان) هەیـە،خوایش(بەسەرخـستنی حـەق وئیمانـداران)ئەوەنـدەی تـر دەردیان کاریگـەر دەکات وسـزایەکی سـەختیش (لـەدنیا وقیامەتـدا)چاوەڕییانە بەهۆی درۆکردن و(دژایەتیان بۆ ئیسلام)}ت،ئا.

چاکە وخراپە

هەندێ جار چاکە کردن لەگەڵ هاورێ وناسیاو .هتد_بەخراپە لەسەرت دەوەستێ . زۆرجار وامان لێدێت کەچاکە نەکەین . زۆرکەس مانای چاکە نازانی وەك قازانجێك ومصلەحەتێك سەیری دەکات . ئەگەر هەریەکەو لەلای خۆی گووتی من عیلاقەم چیە ئایا کارەکە باش دەبێ؟ برایەك هەستا چاکەیەکی کرد لەگەڵ برا بچوکەکەی ، ژنێکی بۆ دەست نیشان کرد کەگوایە بنەماڵیەکی باشن ، هەردوو بنەماڵە یەکتریان بینی هەروەها کورەکەوکچەکەش، رایان لەیەکتر بوو ، بەخۆشی هەردوولا ئاهەنگیان گێرا بووك وزاوا بەیەك شادبوون ، ماوەیەکی پێچوو بووبە هەراو ناکۆکی لەهەردوو لاوە لۆمەی ئەودیان دەکرد کەبەیەکی گەیاندن، ماوەیەکی تری پێدەچوو بەینیان باشدەبوو شەروهەرایان نەدەما تەنها جارێك نەیان دەگووت خوا خێرت بنوسی کارێکی باشت کرد، ئەوە بوو حاڵیان هەردەم ئەگەر موشکیلەیان هەبوایە ئەوکەسەیان بەبیر دەهاتەوە ،ئەگەر لەخۆشیش دابونایە بەخەیاڵیشیان دانەدەهات، چەند ماڵی باوکی کچە خراپیەکەیان دەداپاڵی دوورئەوەندەش ماڵی باوکی خۆی دەیانگووت ئەوە چۆن ژنێك بوو بۆ براکەت دۆزیتەوە، تاوای لێهاتبوو لەهەمویان بێزاربیوو دەیگووت ئەگەر حاڵ وابروات هیچ رێگای ترم بەدەستەوە نیە تەنها جیابونەوەیان لەیەکتری ،هەرچەند ببوون بەخاوەن منداڵ وماڵی سەربەخۆ بەلام بەردەوام بوون لەسەر ناکۆکی، منیش دەڵێم ئەقل بۆمرۆڤ باشترین سەرمایەیە کەبەپارە ناکرێ:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ أَعۡمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ أَعۡمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلٗا ﴿٧٢﴾

صدق الله العظيم { اسرا }

واتا {جائەوەی لەم دونیایە (دڵ ودەروون وبیرو هۆشی)کوێربێ، لەقیامەتدا (چاویشی) کوێرە، وەزۆر سەرگەردانترو سەرلێشیواوترە}ت،ئا.

کێ شایستەیە زیاتر لێی بترسیی

دزیەك كرا لەماڵێك :هاوسێ یەكیان هاتەلای ماڵ دزراوەكەو گووتی من گوناهم دەگات ئەگەر ئەوەی دەیزانم پێتی نەڵێم، ووتی من دیتم فلاّن كەس لەفلاّن كات لەدەرگای بەیتونەكەی ماڵتان چووە خوارەوە من هەرئەوەندەم دیت بەلاّم شایەدی نادەم كەئەو دزیەكەی كردوە ، ئەویش خەبەری لێدا،دوای گرتن و لێدان هیچ دانی پێدانەنا كەدزیەكەی كردوە تاگەیشتە سوێند خواردن، سوێندی خوارد كەئەونەچۆتە ماڵیان ودزی نەكردوە، هیچی لەسەر ئیسپات نەبوو بۆیە بەریان دا . ماڵدزراو هەر شكی لێبوو بەلاّم نەیدەزانی چیبكات تا رۆژێك هاوڕیەكی گووتی لەگەڵم وەرە دەچین بۆلای (..)كەسێكی دیاروو كاربەدەست بوو . چوونە لای ئەویش گووتی ئەوە هەر موشكیلە نیە من چارەی دەكەم خەمتان نەبێ، رۆژێكی پێچوو لەدەرگا درا ئەویش دەرگای كردەوە چێدەبینی؟ ئەوكەسەیە كەشكی هەبوو دزیەكەی لێكردوە ، هاتوە دەڵی من بووم دزیەكەم لەماڵی ئێوە كرد بمبورە ئەوەش پارەكەتانە بۆم هێنایتەوە زوو بتگووتایە من فلاّن كەس دەناسم ئەوها ڕووی نەدەدا، بەیانیش ماڵم باردەكەم لەم گەڕەكە دەڕۆم ،

لەخودا. لەقورئان. لەویژدانی. نەترسا لەمرۆڤێكی دەسەلاّت دار ترسا ، ئایە كامەیان باشتربوو لێی بترسایە .(دوای چەند مانگێك لەسوێند خواردنی بەدرۆ

ئەو دەستەی كەلەسەر قورئان دایانبوو بڕایەوە بەهۆی كارەساتێك)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ صدق الله العظيم {زومر}

واتــا {(ئەوانـــە)قـــەدری ڕێـــزی خوایـــان وەك پێویـــست نـــەگرت، ڕێزیـــان بۆدانەنا،بەمـەرجێك هـەر هـەموو گـۆی زەوی پـڕ مێـشکی ئـەو زاتەیـەو لـەڕۆژی قیامەتــدا(لەژێردەســـەلاّتی ئەودایـــە) ئاسمانەکانیـــشی لـــەژێربالّی قودرەتیـــدا پێـچراوەتەوە (ئاماژەیـە بۆنیـشانەی دەسـەلاّتی بـێ سـنووری ئەوزاتـە) پـاکیی وبێگەردیی وبلّنـدیی بۆئـەو پـەروەردگارە مەزنـەی شایـستەی ئـەوە نیـە نـەفامان هاوەلّی بۆ بڕیار بدەن و(قەدری نەزانن).}ت،ئا.

ئەبو زەری غەفاری، لەپێغەمبەر دەگێڕێتەوە د،خ لەسـەر دەلّـێ ئامۆژگـاری کـردم وفەرمووی،هەرکاتێك شۆربایەکت لێناو زیاتری تێبکە،پاشان ورد بەرەوە لـە مالّەکانی دراوسێت بەشیان بنێرە بەچاکە،

خۆشەویستمان فـەرموی بەشـیان بدەن لەخواردنەکـەی دەیخۆن، نـەوەك تـەئمین نـەبن نـەتوانن مالّیـان چـۆلّ بکـەن دزیـان لێبکرێـت،(وایـە جیرانـەتی)وەك خۆشەویستمان فەرموویەتی.

نیەتی باش ونیەتی خراپ

پیاوێك لەگەڵ خێزانەکەی چوون بۆبازاڕ بۆشت کڕین وپیاسە. تەمەنیان لە٢٧_تا٣٢ ساڵی دەبوو ، دەڕۆیشتن لەبازاڕ کاتێك کچێکی زۆرجوان بەرامبەریان دەهات پیاوەکە سەیری کردو زەردەخەنەیەکی لەسەر لێوان بۆدروست بوو، کەمێکی تر ڕۆیشتن ئەوجارە کوڕێکی گەنجی بالآ بەرزی ڕێك بەرامبەریان هات، ئەمجارە خێزانی پیاوەکە سەیرێکی کردوو قسەیەکی کرد کە پیاوەکەی گوێ لێنەبوو تەنها زانی دەنگی هات. زۆر بەتوڕەیی بەژنەکەی گووت بابچینەوە بۆماڵ؟ ئەویش گووتی شت ماوە بیکڕین چۆن بچینەوە . پیاوەکە ووتی : کوڕەکەمان لای دایکم جێهێشتوە نەوەك بگرێی دوایی بەئەو گیرنابێتەوە.

کەچوونەوە هەر توڕە دیار بوو قسەی لەگەڵ نەدەکرا. خێزانەکەی پرسی تۆچیتە بۆئاوا بەجارێك هەڵسوکەوتت تێکچوو خوانەخواستە نەخۆش نیت؟ بەژنەکەی گووت پرسیارێکت لێدەکەم سوێندت دەدەم بەڕاستی وەڵامم بدەیتەوە. ئەویش سوێندی بۆخوارد کە بەڕاست ودروستی وەڵامی بداتەوە وەگووتی من لەژیانم درۆم نەکردوە، پیاوەکەی گووتی کەلەبازار بووین کاتێك ئەوگەنجە بەرامبەرمان هات دەتناسی ؟ قسەیەکیشت کرد چیت ووت؟ خێزانەکەی پێکەنی ووتی ئەم گەنجە ناناسم بەڵام لەناخەوەم دیت زۆر دڵ گەورەو باش دیاربوو ئاکاریشی زۆر ڕێك وجوان بوو بۆیە دوعام کرد کەخودای گەورە کوڕەکەمان وەك ئەوگەنجە ئاکارورەوشت جوان بکات وەدوعاشم بۆگەنجەکە کرد کەخودا چۆن خولقەتێکی جوانی پێبەخشیوە ئەخلاقی جوانتری پێببەخشێ. بۆچیبووە؟ ئەویش داوای لێبوردنی کرد چونکە بەجۆرێکی تر لەڕوداوەکە گەیشتبوو . بەخێزانەکەی گووت تۆ باشترو چاکترو ئاقلتری لەمن . ئەویش ووتی بۆ وادەڵێی ؟ گووتی بامنیش پێت بڵێم ئەوکاتەی لەبازاڕ بووین کەکچە جوانەکە بەرامبەرمان هات من بۆ پێکەنیم. لەدڵم گووتم

ئەمە چەندەجوانە ئەی بۆ ژنێکم نەهێنا وەك ئەمە جوانبێ . من شەرمەزارم نەمزانی جوانی تەنها جوانی دڵ ورەوشت ونیەتی مرۆڤە !جوانی روخسار هیچ مانایەکی نیە بەرامبەر دەروون ودڵ

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ ۖ هُوَ ٱلرَّحْمَـٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ صدق الله العظيم {حشر}

واتا: {خوا ئەوزاتەیە کەجگە لەو خوایەکی تر نیە زانای نهێنی و ئاشکرایە ئەو خوایە بەخشندەو میهرەبان ودلۆڤانە(کانگای رەحم وبەزەییە)ت،ئا.

پرسیاریك ئازیزم؟تۆ چۆن نیەتێکت هەیە بەرامبەر پەروەردگارت، تاچەند خۆشت دەوێت؟ تاچەند دەترسی؟ تاچەند بە ووتەو باسی ناحەق بەرامبەر بەئەو بەجوابی؟ ڕۆژێك لەبازار دووکەس بوو بە دەمەقاڵیان لەسەر شتێکی بچووك، یەکیکیان جوێنیدا گووتی: دایکت واو خوشکت وا، ئەرەی تریان خوێن بەری چاوی گرت کەوتەسەر کابرا زۆری لێدا و بەوەش نەوەستا هەزار جوێنی ناشیرینی پێداوە، لەو بەسەرهاتە پرسیارێکم بۆدروست بوو؟ ئەگەر ڕۆژێك هەرئەوکەسەتووشی قسەیەکی ناشایستەهات بەرامبەربەخوای گەورە کوفری کرا(نعوذبلله)چ هەڵوێستێکی دەبوو چۆن وەڵامی دەدایەوەو چی لەگەڵ دەکرد؟ ئایا هەر وادەبوو یان زیاتر تورە دەبوو یان ڕووی خۆی وەردەگێڕاو دەیگووت چ عیلاقەم هەیە ئەوە بەمن چاك نابێ! ئایا دایك وخوشکی یان خێزان و کچی نزیکترن بۆی لەخوای گەورە؟

ونحن اقرب اليه من حبل الوريد

خوای گەورە ئەوەندە ئادەمیزادی لەلا گرنگە و خۆشەویستە، کەچی ئەویش ئاوایە بەرامبەری!

ڕەوشت جوانی

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَإِذَا سَمِعُواْ ٱللَّغْوَ أَعْرَضُواْ عَنْهُ وَقَالُواْ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِى ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٥٥﴾ صدق الله العظيم {قصص}

واتا {ئەوانە کاتێ کەقسەو گوفتاری نابەجێ دەبیستن پشتی تێ دەکەن ودەڵێن (بەنەفامان)کارو کردەوەی خۆمان بۆخۆمان، سڵاوتان لێبێت (ئێمە شەڕخوازین)ئێمە بەتەمانین کە لەگەڵ نەفاماندا(دانیشین).} ت،ئا.

ڕەوشتی جوان بۆئادەمیزاد باشترین سەرمایە.کەناتوانی ئادەمیزاد بەدەستی بهێنێ بەهەوڵدان وتیکۆشان. ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە لەپێغەمبەری خۆشەویست درودی خوای لەسەر دەفەرمووێ (ئەگەرخوای گەورە بەندەیەکی خۆشویست ئەوا بانگی جبرائیل دەکات وپێی دەفەرموێ.من فلان کەسم خۆشدەوێت ،تۆش خۆشت بوێت،ئەوکات جبرائیل خۆشی دەوێت،پاشان لەئاسمانەکان جاردەدەن خودای گەورە فلان کەسی خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بوێت.ئەوەی لەئاسمانەکانە هەموویان خۆشیان دەوێت.دوای ئەوە لەزەویشدا پەسند دەکرێت) واتە لەناو خەڵکدا خۆشە ویست دەبێ. ئەوەش لەخۆیەوە ڕونادات . بەڵکو ڕەوشت و کرداری ئەو مرۆڤە وا دەکات ئەو پلەییەی پێ بدرێت.

لەحەدیسێکی تر دەفەرموی(خودای گەورە نەرمو نیانە. نەرمونیانیشی خۆش دەوێ)صحیح مسلم.

لەحەدیسێکی تر دەفەرموێ(پاڵەوان کێیە لەناو ئێوەدا؟ هاوەڵان فەرمویان ئەوکەسەیە کەنەتوانن بیدەن بەزەویدا،

فەرمووی، پاڵەوان ئەوە نیە . بەڵکو ئەوکەسەیە کەلەکاتی تورەییدا خۆی دەگرێت) . ئەو باسانە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەئادەمیزادی ڕەوشت جوان چۆنە وکێیە.

ڕژدبوونە لەسەر قسەوباس

هەروامەزانــە کەتۆهەڵــە ناکــەی،هیچ کــەس نیــە هەڵــەوتاوانی نــەبێ ئێمــە ئادەمیزادین (فریشتە) نین، سورمەبە لەسەر ووتنی ووشەی (من)چونکە هەردەم تۆ ڕاسـت نیـت وبەرامبەرەکـەت هەڵـەبێت، هـەردەم بەرامبەرهەڵـەو تـاوان ببـەوە ؟سورمەبە لەسەر قسەی خۆت دان بەهەڵەکانت دابنێ. شـەرم نیـە یـەکێك هەڵـەی خۆی ڕاست بکاتەوە . شـەرم ئەوەیـە هەڵـە دووبـارە بێتـەوە، ڕق وکین لەکەسێك هەڵمـەگرە ئەگـەر ووتـی ئـەو کـەموو کوڕیـەت هەیـە یـان ئـەو هەڵەیـەت هەیـە. ئەوکەسە دڵسۆزە کەدەت گرێنێت ، نەوەك ئـەوەی وادەکات هـەردەم ددانـەکانت دیاربن چونکە لەشکستی تۆدایە. تۆش ڕژدمەبە هیچ کـات لەسـەر قسـەت تـەنها بۆکـاری چـاکەو خێـر نـەبێ، زۆرسـەیرە ئـادەمیزاد حـەزدەکات خـەڵك چـاکەی لەگەڵـدابکات بـەلاّم خـۆی نایکات،حـەزدەکات قـەرز وەرگرێـت بـەلاّم بـەخۆی نایدات،حەزدەکات منەت لەسەر خەڵك بکات بەلاّم بەخۆی قبوڵی ناکات کەسـێ منـەتی لەسـەر بکـات، هەسـت بکـە بەهەڵـەکانت، تاهەسـت بەخـەڵك بکـەیت،خۆزۆ ویست مەبە،

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَادِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١١١﴾ صدق الله العظيم { النحل}

واتا: {ڕۆژێـك دێـت کەهـەموو کـەس(خـەمی خۆیـەتی)بـەرگری لـەخۆی دەکـات، پاکانە بۆخۆی دەکـات،(گـوێ بەکەسـی تـر نادات،ئـەو ڕۆژە)هـەر کـەس پاداشـتی کردەوەکانی دەدرێتەوە ئەو(خەڵکە)ستەمیان لێ ناکرێت.}ت،ئا.

هـیچ کـات خـوای گـەورەسـتەمی لەبونەوەرودروسـت کـراوی خـۆی نـەکردووە وستەمیـــشی لێناکات،بـــەلاّم ئـــادەمیزاد بـــەخۆی ســـتەم لـــەخۆی دەکـــات

ولەچواردەوریشی هەروا،بەردەوام ڕژد مەبە لەسەر قسەی خۆت کە دەزانی ڕاست نیە ورەوا نیە ئەوەی، (پیاوێك قسەی خۆشی نەدەکرد لەگەڵ خەسوو خەزوری وکەیفی پێیان نەدەهات ، لەبەر ئەوەنەبێ قسەیەکی ناشیرن ونابەجێیان پێگوتبێ ، تەنها لەبەر ئەوە خێزانەکەی حەزی دەکرد زوو زوو سەردانیان بکات کەوا هەردوکیان نەخۆش بوون، لەگەڵی دەچوو تادەیگەیاندە دەرگایماڵیان بەڵام نەدەچوو بۆ ژوور سڵاویان لێبکات وله ئەحواڵیان بپرسی، کاتێکی زۆر وایان دەگوزەراند، خێزانەکەی دەنگی نەدەکرد چونکە حەزی نەدەکرد دڵ حادزی پەیدا بێت لەبەینیان هەرجارەو درۆیەکی بۆ دەدۆزیەوە ، دەیگوت خوایە لێم خۆشبە ناچارم دڵی ئەوان ڕازی بکەم ودرۆی مەصلەحەت بکەم،تاڕۆژێکیان هات بەدوای خێزانەکەی بیباتەوە کەلەماڵی باوکی بوو، لەبەر دەرگا بانگی کرد زووکە بابڕۆین؟ خێزانەکەی گووتی ماڵی خاڵم لێرەن کەمێك وەرە ژوور سەلام بکە تامناڵەکان حازردەکەم ؟ ئەویش گوتی نایەم پاشان من سەلام بکەم ونەیکەم هیچ ناگۆڕی زووکە بابڕۆین! لەم سەین وبەینە دایکی خێزانەکەی هاتە دەرەوە گووتی کوڕم بۆنایەیتە ژوور نان حازرە ،وەرە دانیشە بەینیکە نەمان بینیوی براکەشم لێرەیە وەرە نانەکە بخۆن ئینجا بڕۆن؟ بەڵام ئەو هەر لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بوو، خێزانەکەی لەدڵی خۆیدا دەیگووت بۆچی ئەگەر جارێك بەجوانی قسە لەگەڵ خزمی ئەونەکەم یان بچێت بۆسەردانیان من حەزنەکەم بچم ئەگەر نەخۆشیش بم وەنەتوانم .ئەوردەڵێ کەیفت بەخزم وکەسی من نایەت ؟ئەی بۆچی من هەموو جۆرە دڵ شکان وقسەیەکی لێ قبوڵدەکەم ئەوتەنها چاك وچۆنی لەگەڵ خزم وکەسی من ناکات تائێستاش قسەیەکی ناشیرنیان پێنەگووتوە، باشە ئەگەر وەك خەڵکی تر خزمەتی کردبونایە ئەرکی هەڵبگرتنایە چیی،

لەبەر ئەوە گووتی تۆنەتوانی سەلام بکەی منیش نایەمەوە لەگەڵت. ئەوەبوە هۆی دڵ عادزی هەردوولا، بۆ وای لێهات سەبەب چیبوو تەنها ووەسوەسەی شەیتانە و ڕژدبوونە لەسەر قسە ئەگەر هەڵەش بێت.

بێ ئومێدبوون لەڕەحمەت وبەخشندەی خوا

هیچ کات ناهومێد مەبەئەگەر ئیمانێکی جێگیر ونەگۆڕت هەیە، کەبەهیچ جۆرە تاقی کرانەوەیەك جێگای بەر نادات چوونکە بەڕاستی پتەوە، سەیری ئاسمانت کردوە کاتی هەوری ڕەش رووناکی ڕۆژ بزر دەکات،.سەیرت کردوە کاتی ناخۆشی و نەخۆشیەك ڕوو لەماڵەکەت دەکات، ئەی کاتی بەهۆی زەرەرێك دڵت خەموو خەفەت داگیری دەکات،وادەزانی جارێکی تر ڕووناکی ڕۆژوو خۆشی نابینیتەوە.

ئەی کاتێ ئەومنداڵەی کەخۆت گەورەت کردوە بەبێ شەرمی قسەت لەگەڵ دەکات،

زۆرن ئەوانەی دڵی ئادەمیزاد سەخڵەت دەکات، بەڵام ئەوانە هەمووی کاتیە ڕووت تێدەکات تەنها لەسەرتۆ ئەوە پێویستە لەکاتی نائومێدبوون لەهەر شتێ داوای یارمەتی لەخوای گەورە بکەیت، هەرتەنها ئەوبوو نوحی(علیە سلام) رزگار کردلە تۆفان، ئەوبوو بەهانای نەبی یونس(علیەسلام)هات لەناو زگی نەهەنگ، ئەوبوو یوسفی(علیەسلام) رزگار کرد لەناو بیر کاتێ براکانی فڕێاندا ناوی، هەر خوای گەورەبوو پێغەمبەرمانی (ﷺ)ئاگاداركردەوە لەفێڵی بێباوەڕەکان، هەر ئەویش بوو ئێمەی میللەتی کوردی ڕزگار کرد لەدەستی صدامی زاڵم، تەنها هەر خوای گەورەیە ئاگاداره بەهەموو خراپەیەك کەڕوو لەئادەمیزاد دەکات، هەرخۆشی خاوەن دەسەڵاتە کەنەهامەتیەکان و ناخۆشیەکانی لەسەر لابات؟ ئەوکاتەی نائومێد بووی ودڵت تەنگ بوو کاتێك زەرەرت کرد، کاتێك منداڵەکەت کەوت لەدەرسەکانی، کاتێك کەسێکی ئازیزت لەدەستدا، وەبۆ هەرشتێکی تر کەڕوودەدات ئایا هیچت کرد، تەنها بیر کردنەوەو دڵ سەخڵەتی ونائومێد بوون نەبێ، بەم هەموو بیرکردنەوە هیچت جێ بەجێ کرد ناخۆشیەکانت چارە سەرکرد خەمەکانت ڕەواندەوە بێگومان نەخێر، هەروەك ووتمان چارە تەنها لای خوای گەورەیە، پێت شکستی ودڵ

شکان نیە کەوا دەچیتە بەر دەرگای ناسیاوێکت یان هاوڕێ یەکت داوای یارمەتی دەکەیت وئەگەر دڵیشی بێت ئەوەی داوات کردووە پیت بدات، وەئەگەر یارمەتیشی نەدایت وهاوکاری نەکردی چەندەها عوزرت بۆ دێنێتەوە، تۆش باوەڕ دەکەیت وبەنائومێدی دەگەڕێتەوە، دووبارەوسێ بارەی دەکەیتەوە لەگەڵ خزمی ترت، بەلاَم تەنها جارێك کرنۆش نابەیت و ناپاڕێتەوە لە پەروەردگارت هاوکاریت بکات ؟ئایا کامەیانت پێ باشترە (ئەوەی نهێنیت دەپارێزێ یا ئەوەی لەناو خەڵك ڕسوات دەکات) وهەردەم بەڕووت دادەداتەوە کە داوای یارمەتیت لێی کردوە:

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ لَقُضِىَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ ۖ فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١﴾ صدق الله العظيم {يونس}

واتا {ئەگەر خوا بە پەلە خەڵکی تووشی شەڕو ناخۆشیی بکات(لەسەر داخوازی خۆیان کاتێ کەتەنگە تاودەبن)هەروەك وچۆن بۆ داخوازیی خێر پەلەیانە، هەرهەمووان کۆتایی بەژیانیان دەهات (بەلاَم خوای گەورە واناکات، بەڵکو دەفەرموێت): ئەوانەی کە نایانەوێت ئێمە ببیننەوە وباوەڕیان پێی نیە، ماوەیەك وازیان لێ دێنین تا لە ستەمیاندا ڕووبچن}ت،ئا.

گولْ بریتیە لەچی

بۆی هەیە بلێن ئەوەش بۆتە پرسیار، هەموومان دەزانین پێك هاتەی گولْ(ڕەگ وقەدو گەلاْو گولْە)بەلاْم شتێکمان بیر چوو بلێن قەدو گەلاْی پارێزراوە بە(دڕك)، زۆرجار گویْ بیستی ئەوەدەبین کەوا فلاْن کەس هەرچەند بیْ باوەڕە یان نوێژ ناکات یان تاوان وگوناه ئەنجام دەدات بەلاْم خوای گەورە رزق و ڕۆزی پێدەدات بەلْکو بەفراوانیش، بۆچی؟ لەبەرچی؟ هەندیْ جار لەبەر بیر کردنەوەی قول وشەیتانی توشی غەیبەت وگوناه دێن،

﴿ بسم الله الرحمن الرحیم ﴾

وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِنَ ٱلۡقُرُونِ مِنۢ بَعۡدِ نُوحٖۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا
بَصِيرٗا ﴿١٧﴾ مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعَاجِلَةَ عَجَّلۡنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلۡنَا
لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصۡلَىٰهَا مَذۡمُومٗا مَّدۡحُورٗا ﴿١٨﴾ وَمَنۡ أَرَادَ ٱلۡأٓخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعۡيَهَا وَهُوَ
مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ سَعۡيُهُم مَّشۡكُورٗا ﴿١٩﴾ كُلّٗا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنۡ عَطَآءِ
رَبِّكَۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحۡظُورًا ﴿٢٠﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ
وَلَلۡأٓخِرَةُ أَكۡبَرُ دَرَجَٰتٖ وَأَكۡبَرُ تَفۡضِيلٗا ﴿٢١﴾ صدق الله العظيم {الاسرا }

واتا {چەندەها نەوەمان لەدوای نوح لەناو بردووە، ئەوەندەش بەسە بۆ پەروەردگاری تۆ کە ئاگادارو بینایە بە گوناهو تاوانی بەندەکانی} {ئەوەی مەبەستی(تەنها دنیابیْ)کەبەپەلەو بەخێرایی تێدەپەڕیْ، ئێمە هەرچیمان بویْ بەزوویی، بەویستی خۆمان، وەبەهەرکەس کەبمانەویْ دەبەخشین، پاشان ئەوکەسانە(واتە دنیاپەرستان)دەخەینە دۆزەخەوە، بەسەرزەنشت کراوی ڕاونراویەوە} {بەلاْم ئەوەی مەبەستی بەشی ئەوجیهان بیْ وهەولْ وکۆششی چاکی بۆ بدات، لەهەمان کاتیشدائیمانداربێت،هەولْ وکۆششی ئەم جۆرە

کەسانە جێگەی ڕێزوسوپاسەوسوپاسکراون} {ئێمە هەردوولا(دنیاپەرستان وخواپەرستان) لەبەخششی پەروەردگارت بەهرەوەر دەکەین، بێگومان بەخششی پەروەردگارت سنوردارو قەدەغەکراو نیە(لەدونیادا)} {تەماشاکەو سەرنج بدە چۆن هەندێکیانمان بەسەر هەندێکی تریاندا ڕێزدار کردووە، بێگومان پلەو جیاوازیەکانی ئەو جیهان زۆر گەورەرو زۆر زیاترە}ت،ئا.

بزانە خوا هیچ دروستکراوێکی بیٌ هۆ دروست نەکردوە.

سەیرکە وسەرنج بدە لەماڵێك چەند کەس بەهۆی باوەڕو ئیمان و خواناسی کەسێك نان دەخۆن ودەژین، هەر وەك گوڵەکەی باسمان کرد کاتێك تۆ گوڵ ئاودەدەیت پێش گوڵەکە دڕکەکانی ئاو وەردەگرن، ئایا ئێمە دەتوانین گوڵەکە ئاو بدەین ، وە دڕکەکان ئاو نەدەین، ئێستا چەندەها کەس بەهۆی یەك ئیماندار خوا ڕزقیان دەدات لەناو خێزانێك، نەکەن بۆ تەنها ساتێکیش بیرو خەیاڵی ناشایستە بکەنەوە_ چونکە کاری خوداو ویستی عبد زۆر لێك دوورن.

زۆربوون دەبێتە مایەی دڵە ڕاوکێ و سەرلێشیواوی

زۆربوون لەماڵ لەمنداڵ لەکار هەمووی دەبێتە هۆی شپرزەیی و نارحەتی، هەرچەند ماڵت زۆربێت خەمت زیاد دەکات کاتی خواپەرستی وپشودان وسەردان وسەفەرت کەم دەبێت، ئەوکاتەش کەمنداڵت زۆربێت هەروا خەمت زیاتر دەبێت (خەڵکانێك دەڵێن منداڵ مایەی خۆشی وشادی وئیسراحەتی تەمەنی پیریمە) بەلآم زۆر کات وانیە، چونکە ئەگەر تۆ لە باخچەو شوێنێکی پڕ لەدارو درەخت بیت حەزبکەی تۆزێك ماندویەتیت بسێنیتەوە ناتوانی کەمێك لەژێر دارێك.کەمێکی تر لەژێر سێبەری دارێکی تر ماندویەتیت بسێنیتەوە.لەگەڵ هاتن وچوون ماندوو تر دەبیت، تەنها لەژێر سێبەری یەك دار دەسێیتەوە، منداڵیش بۆ تۆوایە ئەگەر تەنها یەکێك یان دوونت هەبێ مانای وانیە تۆ بێ منداڵ وبێ کەسی،گەورەترین دەسکەوت ئەوەیە منداڵێکی باش پەروەردە بکەیت تابتوانی سودی لێببینی ، لەگەڵ پیربوونت بێزاری دەرنەبڕێت، هەوڵبدە بناغەی پەروەردەکردنی پتەوبێت ڕەگی خۆشەویستی لەناخی دڵیدا دایکوتابێ. بەتۆزووبا، بەزریان، بەگەردەلول،ئەم ڕەگە دەرنەیەت لەناخی (مەبەست ئەوەیە بە نەخۆشبونت یان ناخۆشی وحادزی و هتد).هەر تۆی بوێت .

هەبوونی ماڵ وسامان تووشی دڵە ڕاوکێ ونارەحەتی وشەونخونی وخەمت دەکات، هەتا شتەکانی چواردەورمان زۆر بێت ناکۆکی و غڵغەڵەو فکرو خەیاڵیش زۆر دەبێت، لەبەر ئەوە تابتوانین ئەرکەکان قورس نەکەین بۆئەوەی مورتاحبین، ژیان دەرفەتی زۆری تێدانیە دووبارە بێتەوە تەمەنت بەخەم وخەفەت بەسەر مەبە (نانی بەیانیت هەبێت خواکەریمە بۆ دوزیەی)خەم لە ڕۆژەکانی داهاتوو مەخۆ، ئەوخوایەی ماسی ناودەریا وکرمی ژێرزەوی باڵندەی ئاسمان لەبیرناکات، باشترین وخۆشەویسترین دروستکراوی خۆی چۆن لەبیر دەکات، هەردەم قەناعەت باشترین دەسمایەیە،

گوێ پێ نەدان

هەموو گوێ پێ نەدانێك دەبێتە مایەی ناخۆشی وخراپە، مەڵێ منداڵەکەم هێشتا بچوکە چیەتی ئەگەر جلی کورت وتەسك وتەنکی لەبەر کرد ، مەڵێ دوایی بەخۆی کاتی گەورەبوو ڕاست وچەوت جیا دەکاتەوە،گووتویانە (خوی شیری تاکوپیری)،

کارێکی زۆر نارێك دەکرێت لەمانگی (رەمەزان)ئەوەیە ؟دایکان وباوکان بەڕۆژوون نان ناخۆن نیوەڕۆکەی ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی نائاساییە منداڵەکان بێ بەش مەکەن لەنان خواردن بەبۆنەی کەوا ناتوانن شتێکیان بۆ ئامادە بکەن ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە ئەستۆی دایك،بەکێك ونان وچا رازیان مەکەن. چونکە بەم کارەوادەکەیت منداڵەکەت هەر لەسەرەتای چاوکردنەوەی کەیفی بەم واجبە نەیەت ئەرکی بۆ قورس دەکەی ، من زۆرپرسیارم لەم کەسانە کردوە کەوا تەمەنیان لای داوە لە٣٠ساڵ ووتومە؟ بۆچی بەڕۆژوو نابیت ، لەوڵامدا گووتی کاتێ تەمەنم ٦_٧ساڵان بوو دایکم پارچە نانێکی دەدایە دەستم دەیگووت ئەوە بخۆ ئێوارە خواردن ئامادە دەکەم، یان کاتێ پرسیارێکم بکردایە لەباوکم زۆر بەتوڕەیی وەڵامی دەدامەوە زۆر جاریش هاواری دەکرد دەیگووت (تۆ زۆر بێ ئەقلی نازانی بەڕۆژوم بۆ ماندوم دەکەی واز بینە برۆ)، ؟بۆچی خۆت برسی دەکەیت کاتێك خۆشەویست نەبێ لەلات تەنها وەك واجبێکی ئیجباری سەیری ڕۆژوەکە بکەی. کەنەتوانی بەرگەی پرسیارو وڵامێك بگری.ئەم جۆرە گوێ پێ نەدانە شکستی زۆری لێدەکەوێتەوە، هەڵەکان بچوکن کەچی بە ڕۆیشتنی ڕۆژگار گەورە دەبن ،لەتێکچوونی بنەماڵە دەردەچێت دەکەوێتە ناو کۆمەڵگا، ئەوانەی کەشبهی ڕووتن لەبازاڕەکان لەدائیرەکان لەشوێنەجیا جیاکان دەبینرین هەر ئەومنداڵانەن کەبچووك بوون پێش چەند ساڵێك وەنەیان دەزانی ئێستا گەورە بوونە ، بەڵام ڕەوشتی منداڵیان هەرماوە ونەگۆڕاوە.وەك دەڵێن خووی شیری تاکوو پیری.!

(كۆتایی باسەكانمان)
(ڕوون كردنەوەیەكە دەربارەی ڕۆژی دووایی)
ئەگەر خوای گەورە دەرفەت بدات لە
بەرگی دووەم
بەووردی باسی دەكەین (انشاء الله)

ڕوون کردنەوەیەکە دەربارەی ڕۆژی دووایی

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ ﴿١﴾ صدق اللة العظيم {الانبيا}

واتــــا: {موحاســـــەبەو لێپرســــینەوەی خـــەڵکی نزیـــك بۆتـــەوە، هەرچەندە(زۆربەی)ئەوان بێئاگاوغافڵن وپشتیان کردۆتە(ئاینی خوا)وڕوویان وەرگێڕاوە(لە بەرنامەکەی)ت،ئا.

ئەو ڕۆژە نزیك بۆتەوە ئێمەش ئاگادارنین .تۆبەبکەن بگەڕێنەوە پێش ئەوەی ئەم کاتانەتان لەدەست بچێ سەیرێکی دەوروپشتی خۆت بکە،چەندەها خۆشەویستمان مرد، ناسیاو خزم هاوسێ و هاوڕێ ودۆست ودوژمن وناحەز، هەمویان دونیایان جێهێشت چوونەوە ناو زگی دایك کەئەویش ناخی زەویە،؟ئایا هیچیان لەگەڵ خۆیان برد ، لەوپارەیەی کە شەوڕۆژ بۆیان هەوڵ دەدا هیچیان برد،بینا بەرزەکەی. خانووە جوانەکەی. سەیارە ئاخیر مۆدێلەکەی هتد.. تەنها کارو کردەوەکانی نەبێت هیچیان لەم شوێنە بەکەڵکی نایێن

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ﴿١﴾ يَوۡمَ تَرَوۡنَهَا تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ عَمَّآ أَرۡضَعَتۡ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ ﴿٢﴾

صدق الله العظيم {الحج}

واتا: {ئەی خەڵکینە لە پەروەردگارتان بترسن وخۆتان لەخشمی بپارێزن چونکە بەراستی لەرزەی قیامەت و(کاولبونی دنیا)کارەساتێکی زۆر گەورەیە وشتێکی(سامناکە)} {کارەساتی،ئەو ڕۆژە کە پێش دێت دەبینن، هەر ئافرەتێك(کەمنداڵی لەباوەشدایە لەکاتی)شیر پێدانیدا، لەترسا هۆشی لای خۆی نامێنێ وجگەرگۆشەکەی فەرامۆش دەکات و(لەباوەشی بەردەبێتەوە)هەرچی مێینەیەکی بار دار هەیە، منداڵ وبەچکەکەی لەبار دەچێت، خەڵکی دەبینی، دەڵێی سەرخۆشن، بەڵام سەرخۆشیش نین، بەڵکو سزای خوایی زۆر سەخت و سامناکە و(سەری لێشیواندوون)}ت،ئا.

ئەوکات هیچ تۆبەیەك گیرانابێ . دڵتان بەدونیا خۆش مەکەن سەیری گۆڕانکاریەکان بکەن ڕۆژانە ڕوو دەدات ، هەموو کەس لەناو دەچێ هەمووکەس دەمرێت .پاشا ومەلیك و کاربەدەست و فەقیر وهتد .. لەدوای یەك هاتن و ڕۆیشتن. باش بزانە تۆش جێی دەهێڵی ڕۆژێك، کەسێك نیە نەمر بێت (تەنها خوای گەورە ماوە وهەر دەمێنێ)؟ چەند پرسیارێك دەخەینە ڕوو (بابەتی دووەم کەباسمان کرد ووتمان بۆچی گەڕاینەوە سەردەمی نەزانی؟ ئێستا خەڵکانێك هەن ڕەفتاریان وەك سەردەمی نەزانی وسەرهەڵدانی ئیمان وباوەڕ وایە. باوەڕپێنەکردنی قوڕەیشیەکان بە(پێغەمبەر)ﷺ لەبەر ئەوەی پێیان ناخۆش بوو یەکێك لەخۆیان ڕێنموییان بکات ڕێگایی چاك وخراپیان پێ نیشان بدات. دوای ئەم هەموو ماندوو بونە ئەم هەوڵ وتێکۆشان وهەوڵدانە و جیهادە لەپێناو باوەڕەکەی ونامەکەی تاکوبەئێمەی بگەیەنی . ئێمەش ئێستا ماندووبونەکەی خۆشەویستمان و هاوەڵانیمان فەرامۆش کردوە . ڕووتی وبێشەرمی . ئازاردانی دۆست وهاوسێ. خۆش ویستنی ماڵ وسامان. نەمانی ڕێز وگەورەیی، نەمانی بەزەیی ولێبوردەیی ،لەیادمە لەساڵەکانی ١٩٩٠هاوسێیەکمان (مرد)لەماڵەوەمان زیاتر لەدوومانگ تەلەفزیۆنمان هەڵگرتەوە نەوەك لەبەر دەست بێ منداڵ بچێ پێ بکات بێ

ئاگاداری دایك وباوكی دەنگی بڕوات خاوەن مردوو پێی بزانی خەم بخوات، ئەوكات مردو ساموو و هەیبەتی هەبوو خەڵك لەمردن دەترسا دەیگروت ئەمڕۆ ئەومرد بەیانی منم، پرسەی هاوسێی وەك پرسەی خۆی بوو، بەڵام ئەمڕۆ یەكێك بمرێ دووای دووڕۆژ تەلەفزیۆن پێكراوە لەماڵەكەی خۆی لەلایەن ماڵ ومنداڵی ، خەڵك زۆر بێ بەزەیی بووە هەر ووتومە دەیڵێمەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ كەم ئیمانی ! بۆ وامان لێهات ئایا كەی ئەومیللەتە لەخەوی غەفڵەت بەئاگادێ دەزانی خوا حەقە، مردن حەقە، ژیانی دوای مردن حەقە وڕاستە؟ (ئیمام ترمزی لە پێغەمبەرەوە ﷺ،بۆمان دەگێڕێتەوە. دەفەرموێ {دونیا نەفرەتیە، ئەوەی تیاشیدایە نەفرەتە، تەنها یادی خوانەبێ}،هیچ بەندەیەك وگیان لەبەرێك نیە نەمرێت،

(بسم الله الرحمن الرحيم)

كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٥٧﴾ صدق الله العظيم {العنكبوت}

واتا{هەموو كەس دەبێ مردن بچێژێ(كەی،لەكوێ،بەچی،خوانەبێ كەس نایزانی)لەوەودوا گەڕانەوەتان بۆ لای ئێمەیە}ت،ئا.

وەهەركەسێك لەسەرچ كاروو كردەوەیەك بمرێت لەسەر ئەویش زیندوو دەكرێتەوە ، بۆیە ئاگاداربن چونكە مردن كاتی دیاری كراوی نیە تاخۆمانی بۆ ئامادە بكەین بۆیە لە ئێستاوە وادابنێین كە ئەوڕۆژەی ئێستا لەدەستمانە و تیایدا دەژیین دوایین دەرفەتە ودوایین ڕۆژە، دڵتان پاك وبێگەرد وخاوێن بكەن، كردەوەتان ڕێك وجوان بكەن،تادەرفەت ماوە ، چی وەڵامی پەروەردگارت دەدەیتەوە كاتێك لەبەر دەستی ئەو وەستای(ئەوكات خوای گەورە ڕاستیەكان دەزانێ هەرچەند تۆ بتەوێت بیان شاریتەوە)

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٦٥﴾ صدق الله العظيم {ياسين}

واتا: {ئەمڕۆ مۆر دەنێین بەدەمیاندا و(قسەیان بۆ ناکرێت)بەڵکو دەستیان قسەمان بۆدەکات(دەربارەی ئەو تاوانەی کە ئەنجامیان داوە)قاچیان شایەتی دەدات(کەبۆکوێ هاتوچۆیان پێکردوە)چ کاروو کردەوەیەکیان پێ ئەنجام داوە} هەروەك شریتی ڤیدیۆو سی دی ودیسك قسەمان بۆدەکەن باوەڕبوون بەقسەکردنی دەست وقاچ ئاسانە،}(ت،ئاسان) ئایا سەیرە ئەگەر ئەندامەکانی لەش بێتە گووفتار وقسەکردن، دروست کراوی خوا زۆرن ، زۆریشیان بەچاونابیندرێن کەچی گیانیان لەبەرەو دەژین ودەخۆن ، ئەوان سەیر نین بەلام سەیرە ئەندامەکان بدوێن! ئەنەسی کوری مالیك ڕ.خ، دەڵێ :ئێمە لەخزمەت پێغەمبەر ﷺ ، دانیشتبووین(پێکەنی فەرمووی) دەزانن بەچی پێکەنیم، وتمان: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی (لە وتوێژیی بەندە لەخزمەت پەروەردگاریدا ، دەڵێت: ئەی پەروەردگار تۆ منت پەنا نەداوە لەستەم؟ دەفەرموی بەڵێ، دەڵێت:من ڕێگا نادەم بەشایەت بەسەرمەوە مەگەر لەخۆم بێت، دەفەرموی: ئەمڕۆخۆت بەسی بەسەر خۆتەوە،هاوڕێ لەگەڵ فریشتە بەڕێزە نوسەرەکان،ئیتر مۆر دەنرێت بەسەر دەمیدا، ئینجا بە ئەندامەکانی دەوترێت بێنە گوفتار: هەموو دێنە گۆ بەو کردەوانەی کە کردویەتی : پاشان ڕێی دەدەن کەقسە بکات، دەڵێ:ئاخ لەئێوە تەریك بن وبچن خۆمن بۆ ئێوە تێدەکۆشام،) ئاگاداربن بۆژیانێکی کاتی ، ژیانی نەبڕاوەو بەردەوام نەفەوتێنن، بڕوابکەن چاوتروکانە ئەوەی بەدووری دەزانی ، **ئاگاداربە ئازیزم!**

چەند ووتەیەکی بەنرخ

_ کاتەکان گرنگن بەفیڕۆیان نەدەن.
_ ئەوەی دەرگای ڕەحمەتی بۆکردوینەوە ،دەتوانی زۆر بەئاسانی دایبخات.
_ داخوازمەبــە ئــەوڕۆژەی تیایــدای زوو بــڕوا وتــەواوبیٚ، چــونکەڕۆژێك لەتەمەنت تەواو دەبێت ڕۆژێك لە مردن نزیك دەبیتەوە.
_ شـەرم ناکـەی لـەدەرگای ئـەو و ئـەو دەدەی داوا دەکـەی، بـەڵام لـەدەرگای خودا نادەی داوا لەئەو بکەی، کەوا هیچ کات بەڕووت داناداتەوە.
_ خوایە؟ ئێمە زۆر پێویستمان بەیارمەتی تۆیە ، بەڵام شەیتان فریوی داویـن ناتوانین لەبەر شەرمەزاریمان دەست هەڵبڕین وداوات لێبکەین.
_ کێیە لەدەرروونی خۆت، لەخۆت.نزیکتر؟ کێیە ئەوەی نهێنی پارێزبیٚ بۆت زیاتر لەخۆت؟ تەنها خوای گەورەیە.کەهیچ شت نیە لەو شاراوە بێت.
_ کەس هەیە لەخوا بەبەزەییتربێت بۆئادەمیزاد،ئەوکاتەی یەکی کوفر بکات دەتوانی گیانی لێبستێنی.(ولاكن يؤخيرهم الى اجلٌ مسمىَ). بەڵام دوایان دەخات بۆكاتێكي دیاري كراو.
_ ئەگەر رزق وڕۆزی دیار بوایە ، لەسەداپەنجا خەڵك لەبرسان دەمردن.
_ ڕزق لەدەست بەندەبوایە ، براکەی لەبرسان دەمرد.
_ نوستن پێویستە بەڵام بەگوێرەی پێویست نەوەك ڕۆژی ١٢کاتژمێر لەژیانت بەخەوتن بڕوات،واتا نیوەی ژیانت بەفیڕۆ چوو؟ ئاگەرێتەوە ئاگاداربە.
_ ژیانی ئادەمیزاد خۆشە ،خۆشتردەبێت لەگەڵ خواناسینی پتەو وجێگیر.
_ مـەگری وخـەم مـەخۆ بۆنـەبونی مـاڵ وسـامان ، بـەڵکو زۆر بگریـی بـۆ کـەم بوونی باوەڕوئیمان.
_ گرنگی ژیانت لە تاقیکردنەوەکانی دایە.
_ هەموکات یادی خوابکە(الابذكر الله تطمئنُ قلوب)دڵ ئارام دەکاتەوە.
_ خۆشی وشادی ژیان لە بیرێکی ساف و دڵێکی بێگەرد دایە.
_ ئەوەی هـی منـە کـە لـەژێر دەسـتم ولـەگیرفانم دایـە، نـەوەك ئـەوەی بـەیانی بەنیازم بەدەستی بێنم .
_ دڵ مەدە بەکەسێك وبەشتێك وەك ماڵی دونیا لەنزم بوون وبەرزی دابێت.

_ پشت ببەستە بەکەسێك کە هەردەم وهەموو کات خاوەن قسەی خۆی بێت.
_ ژیانی دنیا دەرس وعیبرەتە، لەش ساغی هەردەم ماڵ وسەروەتە.
_ ئەوەی بەردەوامە باشترە لەوەی پرو لەنەمانە(ئاخیرەت بەرامبەر ژیانی دنیا).
_ مەگری بۆنەبوون، مەنازە بەهەبوون، هیچیان تاسەر نین هەبوون ونەبوون.
_ هەمو کەسی خاوەن دڵی گەورە نیە. تەنها ئەوکەسانەی دڵیان روناکە بەئیمان.
_ خۆشە بەرامبەر کەموو کورپەکانت ، بیسەر بیت نەوەك شەرکەر.
_ قسەی شیرین دڵی دوژمن دەکاتە هەنگوین.
_ قسەی توندو تاڵ دۆستت بۆدەکاتە دوژمنی حەوداڵ.
_ شەقامەکانی وولاتەکەم، باشترە لە کۆشکی بێگانەکەم.
_ دەرگای ماڵت زوو دابخە کاتی رۆژئاوا، زوو بیکەرەوە کاتێ رۆژ درەوشاوە.
_ دڵ گەورەیی سیمایی ئادەمیزادی زاناو تێگەیشتوە،
_ جارێك سەردانی کەسێکت کردووە لەنەخۆشخانە ،ئەوکات هەستت کردووە تەندروستی نیعمەتی ژیانە،.
_ دووژمنانت دڵ خۆش مەکە بە نارحەتیت و تورەییت.
_ لەدانیشتن و کۆرو کۆبونەوە تادەتوانی تەنها بیسەر بە ئەوکات خۆشەویستی.
_ ئیمانداری تەواو هیچ کات لەبەسەرچوونی کات وتەمەن دڵ تەنگ نابێ.
_ دڵخۆشبوون بەماڵ سامان دونیاییە، دڵخۆشبوون بەزانست وزانیاری بێکۆتاییە.
_ هاورێی باش دڵ ئارام دەکاتەوە خەمەکانیش کەم دەکاتەوە.
_ هیچ کەس بێ عەیب نیە، عەیبی یەکتر بەچاوی یەکتر دامەدەنەوە لەکاتی تورەبووندا،وامەزانن جارێکی تر ئاشت نابنەوە.
_ عەیبی خۆت چارەسەر بکە بەدوای عەیبی خەڵك مەگەرێ.
_ ئەوەی خۆشی دونیایە لەقورئان خوێندن دایە، خوی پێ بگرەوبەری مەدە دڵ نەواییە وخەلاتی دوارۆژیشی لایە.

_ لەوە خۆشتر نیە تەنها بەندەی خودا بیت، بەهەموو ڕووداو وبەسەر هات ڕازیی دەبیت، بەلاّم ئەگەر خۆت بە بەندەی خودا دانەنێیت ، بەهیچ شتی ڕازی نابیت و ئەوکات بەندەی هەموو خەڵك وهەموو شتێکی.
_ گەورەترین خەمت با ڕۆژیی دوایی بێت.
_ خۆشترین ڕۆژت ئەو ڕۆژەبێت کە لەبەر گەورەیی وترسی خودا دوو دڵۆپ فرمێسکت ڕشتبیّ .
_ ئایا چەند قامچیت لێدراوە وازت لەدینەکەت هێناوە، ئایا تاچەندی شەو لەغەزاو شەڕی کوفار نەگەڕایتەوە بەیانی درەنگ خەبەرت بویەوە نوێژی بەیانیت لەکیس چوو.
_ (الا ان سلعة اللة غاليه . الا ان سلعة اللة الجنـة)کالاو شتومەکی خودا گرانە ، بەهەشتە ئەویش تەنها ئیمانداری بەحەق دەتوانی بەدەستی بێنیّ.
_ ئادەمیزادی زیرەك لەشکستی ونەهامەت درس وعیبرەت وەردەگرێت.
_ بزانە لەسەر کام پایە وەستاوی بۆئەوەی بتوانی زیاتر سەرکەوی نەوەك بگەڕێتەوە دوواوە ولەناکاو بەربیتەوە.
_ ئەگەر هەست بە لێهاتوویی خۆت نەکەی ،چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەبی خەڵك بە لێهاتوو هەڵت سەنگێنن.
_ با باشترین هاوڕێت پەرتووك(کیتاب) بێت. زۆر بێدەنگە و زۆریشت فێر دەکات.
_ ئادەمیزاد جوانترین وگەورەترین و زاناترین بونەوەرە کەوا خوای گەورە دروستی کردووە.
_ شەو سەرەتای ڕۆژە، ڕۆژیش سەرەتای شەوە .
_ ئاوا بژیی کە ئەوکاتەی تیایدا دەژیی دوایین دەرفەتتە بۆژیان، ئینجا هەست دەکەی هەردەم دڵخۆشی.
_ خوای گەورە دەرگەیەك دابخات ، چەندەها دەرگەی تر دەکاتەوە.
_ خوایە ئەوەی بیری بەهێزت پێی داوە چیت لیّ گرتۆتەوە، ئەوەی بیریشت نەداوەتیّ چیت لەجیاتی داوەتیّ(علی ابن ابی تالیب.ڕەزای خوای لەسەر) .
_ هەڵە دووبارە مەکەوە دوایی دەبێتە خوو ناتوانی وازی لێبهێنی.

_ ئەگەرسەیری ئاوێنە بکەی تەنها خۆت لێدیارە.
_ پێکەنینی بەبێ سەبەب ، مرۆڤ دوور دەخاتەوە لەئەدەب.
_ گریان لەبەر شەرمی خودا،دڵ دەخاتە خۆشی وصەفا،
_ گریان بۆ دونیا دڵ ئازار دەدا لەخۆشی دوارۆژ بێ بەشت دەکا.
_ کارێك بە ڕەزامەندی خۆت بیکەی ، ئەنجامی خراپەکەی مەخەرە ملی ئەوەی یارمەتی دای بۆئەنجام دانی.
_ لەلای نەفام و نەزان پارە پاشای سەردەمە.
_ پێغەمبەرمان ﷺ لەیەکەم ڕۆژی ویلادەتی تادواین هەناسەی خەمی ئێمەی بوو بەردەوام لەخوای گەورە داوای لێخۆشبونی کردووە و وتویەتی(ئومەتی.ئومەتی) کەچی ئێمە بەزەییمان بەخۆمان نایەتەوە خۆمان ناپارێزین لەگوناه وتاوان و(دۆزەخ)بۆ؟.
_ ئەی پێغەمبەری خۆشەویستمان دوای تۆ ئومەتت زۆر غەریب بووە .
_ پێغەمبەر ﷺ لەسەر بێ فەرمویەتی (ماڵەکانتان مەکەن بە گۆرستان، یادی خوا زۆر بکەن).
_ ئەوەی لەسەر ڕێبازی ئیمان وباوەڕی ڕاست لای داوە هەردەم کەوتۆتە دواوە ، ئەگەر لەم دونیایەش نەبێ بۆ ئاخیری بۆی هەڵگیراوە.
_ نارەحەتی دڵ ودەروون بەخۆی تاوان وگوناهە، تەنها بە تۆبە و استغفاری زۆر ئینجا ئارام دەبێت.
_ ئاگاداربە خۆشەویستی مەدە بەدونیا وژیان یان شتێك یان کەسێك، شەرمەزاریە چونکە بەرەو نەمانە،تەنها خۆشەویستی خودا و(محمد) ص ،وقورئانە تاکوو قیامەت کۆتایی نیە وبەردەوامە.
_ کەس لەبێدەنگی پەشیمان نەبۆتەوە، بەڵام زۆرن ئەوانەی لە زۆربڵێی پەشیمان دەبنەوە.
_ ئەگەر بەگەنجی کات وون بکەی، دلنیابە بەپیری پشتت لێ دەکات.
_ چاکە کردن هەمووکات نارەخسێ ئادەمیزاد بیکات، ئەوکاتەی چاکەکردنت بۆ هاتە پێش بیکە درێخی مەکە لەئەنجام دانی نەوەك دووبارە نەبێتەوە.
_ هەموو کات دابەزین ئاسانترە لەسەرکەوتن.

_ ئەوکەسانەی پێش مردن نەفرەت دەکرێن زۆرن، دواى مردن بۆیان دەگرێن.
_ ئەوکارانەی ئەمڕۆ پەلەتە لەئەنجامدانی ، کاری دوێنی یە ماوەتەوە.
_ تا دەتوانی خۆت لەخەوتن بپارێزە ، چونکە دوای مردن کاتی زۆر هەیە بۆحەسانەوەو نوستن.
_ دەزانی کیە مرۆڤی دانا ئەوەی بەخۆی نەڵێ زانا.
_ دەزانی کیە مرۆڤی دڵخۆش؟ ئەوەی بەهەبوون نەبێت بێهۆش، بەنەبوونیش قەت نەبێ پەرۆش

بەهیوام سود بەخش بووبن ،انشاالله،
داوای پاڕانەوەی بەخێر لەئێوەی ئازیز دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم بەرگی دووە بەزووترین کات بخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز

(نووسەر)

پەرتووکەکەم پێشکەش دەکەم بەهەموو ئازیزانم بەهەموو دڵسۆزان وخۆشەویستام
بەتایبەتی باوکی خوالێخۆش بووم (خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات، انشاء الله)

ناوەڕۆک

پێشەكی ٣
ڕێزلێنانی باوك ودایك ب.١ .... ٦
با وك ٩
دایك ١٥
كوڕە بێ ئەقلەكە ٢٠
پیاوێكی پەك كەوتەو كوڕەكەی ٢٣
بۆچی گەڕاینەوە سەردەمی نەزانی ب.٢ .... ٢٧
كچەكەی كۆلێژ ٣٤
دوبراكە بۆوایان لێهات ٣٨
خوێند كارێك لەهەندەران ٤٣
مامۆستای ئاین وكچەكانی ٤٨
نەخۆشی وكەم دەرامەتی .ب.٣ .... ٥٢
پیاوە باشەكە ٥٥
پێشمەرگەی دێرین ٥٧
لەخۆبای بوون ٦٣
دونیا دەوران دەورانە ٦٦
قەزاو قەدەرو هەجەل.ب.٤ .... ٧٣
كەژاڵ ٧٥
نیەت ٧٨
هەجەلی چۆن هات ٨٢
كامەیان زووترگەڕایەوە بارەگای خوا ٨٥
ڕوداوی (خ)چۆن بوو ٨٧
مردن چیە؟ چۆن دێت؟ كەی دێت. ب.٥ .... ٩٢

خێرکردن بەگیان لەبەریش صەدەقەیە ٩٦
پاشاو پیاوە پیرەکە ٩٨
خێرو چاکە وون نابی ١٠٠
زەکات نەدان ١٠٥
خێزانی رێك وخێزانی کەم ئەزموون.ب.٦ .... ١١٠
نهێنی پاراستن ١١٥
ناحەق ١١٨
دڵ رەقی ١٢٢
کەم تەرخەمی ١٢٦
بۆچی دۆست دەبێ بەدوژمن ١٣٠
رازیبون بەدانانی خوا ب. ٧ .... ١٣٢
رێگرو باڵندە ١٣٧
سێبوری ١٣٩
رازیبون بەهەموو نەهامەتیەکی ژیان ١٤٣
باوکی کچەکان ١٤٦
ئامۆژگاریە گرینگەکان ب.٨ .... ١٤٩
دڵ شکاندن ١٥١
خۆبەزل زانین ١٥٤
تاوان بارکردن بەناحەق ١٥٥
سوێند خواردن ١٥٧
چاوپۆشین لەهەڵە ١٥٩
دوو روویی ودووزمانی ١٦١
چاوبرین بۆماڵی خەڵك ١٦٣
بەدەرخستنی نهێنی ١٦٥

بەسۆزەوە سەیركردنی بچووك ١٦٧
پاراستنی ئابروو ١٦٩
راستی وڕاست گۆیی ١٧١
چاكەوخراپە ١٧٤
كێ شایستەیە لێ بترسی ١٧٥
نیەتی باش ونیەتی خراپ ١٧٧
رەوشت جوانی ١٧٩
ڕشت بوون لەسەر قسەو باس ١٨
بێ ئومێد بوون لەرەحمەتی خوا ١٨٢
گوڵ برییتیە لەچی ؟ ١٨٤
زۆربوون مایەی دڵە ڕاوكێیە ١٨٦
گوێ پینەدان ١٨٧
باسی كۆتایی (بەكورتی باسی ڕۆژی دوایی) ١٨٨
ووتەی بەنرخ ١٩٣
دوا ووتە ١٩٧

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

{إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ}

بەڕاستی تۆناتوانی هیدایەتی ئەوکەسانەبدەیت کەخۆشت دەوێن بەڵکو هەر خوا هیدایەتی ئەوانە دەدات کەدەیەوێت . ئەو زاتە زۆر دانایە بەوانەی کەڕێبازی هیدایەتیان گرتۆتەدەست